

یەکەمین کاریکاتێری مۆدرێنی ناسراو لە جیهاندا   ١٤٩٩

# پوختەیەك لە مێژووی هونەری کاریکاتێر

د . مەمدوح حەمادە

ئامادەکردنی لە عەرەبییەوە : پەروەر

ناوی کتێب : پوختەیەك لە مێژووی هونەری کاریکاتێر
بابەت : کاریکاتێر
نووسین : د. مەمدوح حەمادە
ئامادەکردن و دیزاین : پەروەر
چاپ :
تیراژ :
ساڵی چاپ : ٢٠١٨

## ئەوەی پێویستە بوترێت

هونەری کاریکاتێر لە باشووری کوردستاندا هێشتا بە نامۆیی و سستی و لاوازی ماوەتەوە لەگەڵ ئەوەی هەوڵە سەرەتاییەکانی بواری ئەم هونەرە زۆر کۆن و دێرین نیە بەڵکو زۆر تەمەن کورتە لە چاو هونەری شێوەکاریی و هونەرەکانی تر لە باشوور ، ئەگەر سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم بە هەنگاونانی هونەری کاریکاتێری باشوور هەژمار دەکرێن و قۆناخێکە تا ئێستا لێکۆڵینەوە و شیکارییەکی هونەریی بۆ نەکراوە و زانیاریی تەواو بە وردەکاری کاریکاتێریستەکانی نییە ، ئەمەشیان دەچێتە پاڵ دەیان خەمساردی شیکار و مێژووناسانی بواری شێوەکاریی کە تا ئێستا تەنانەت بیریشیان لە پۆلێنکردن و ئەرشیفکردنی هونەرمەندان و بەرهەمەکانیان نەکراوەتەوە ، کێ بوو یەکەم کاریکاتێری کێشاوە لە باشوور نازانین ، لە چ مێژوویەك بڵاوکراوەتەوە و لە کوێ هەر نایزانین و ناشمانەوێت بیزانین و ئەم هونەرەش بە هۆی ئەوەی کەمترین سەرنجی خراوەتەوە سەر هەر لە بازنەی ونبووندا ماوەتەوە و کەس خۆی ناکات بە خاوەنی ئەو تۆزە میراتەی کە هەمانە .

ئەو هەوڵەی ئەمجارەمان لە ئامادەکرنی ئەم کتێبە لە زمانی عەرەبییەوە هەوڵێکە بۆ پرکردنەوەی کەلێنێکی گەورەتر لەوەی کە باسمان لێوە کرد ، کەلێنی نەبوونی سەرچاوە و پاشخانێك مێژوویی و هونەری لەسەر هونەری کاریکاتێر لە بازنە جیهانییە گەورەکەی کە ئەمەشیان هەر کارێکی قورس و تاقەت پروکێن بوو چونکە سەرچاوە جیهانییەکانیش هەر کەم و دەگمەنن و بە دەستهێنانیان ئاسان نەبوو . سەرچاوە مێژووییەکانی هونەری کاریکاتێر ئەگەر هەشبن پرژوبڵاون و بە تێروتەسەلی باس لە مێژووی ئەم هونەرە ناکەنەوە هەر یەکەیان شرۆڤە بۆ قۆناخێك و پۆلێك لە هونەرمەندانی ئەو قۆناخانە دەکەن ، وتارەکان زۆرن بەڵام

لەهەمان کاتدا بۆرن و لە ئاستی رۆڵگێرانی کاریکاتێر نین لە مێژوودا ، وەکو پاشخانیش ئەو هەر هیچی وامان نییە وەکو باشوور کە دانیشین قسەیان لەسەر بکەین جگە لە هەوڵی چەند دەزگایەك لە رێی گۆڤاری تەنزئامێز کە جێگەیان بۆ کاریکاتێر کردبووە لە نێوان تێکستە تەنزئامێزەکانیان وجاربەجاریش بەکاریان ئەهێنا بۆ خزمەتکردنی ئەو تێکستانە . لە هەوڵێکی تاکە کەسیدا بەندە و هاوڕێی خۆشەویستم لەتیف فاتیح فەرەج لە 2005ەوە خولیای گۆڤارێکی تایبەت بە کاریکاتێر کەوتە سەرمان و هەوڵ و کۆششێکی زۆری بۆدرا لەلایەن کاك لەتیفەوە و دیزاین و بابەتی ژمارەیەکمان ئامادەکردبوو وەکو ئەگەرێك خوانەخواستە هەوڵەکانمان سەربگرێت و بتوانین ئەو گۆڤارە دەستپێبکەین بەڵام ئەمەشیان هەر فت و ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی کاریکاتێریان لەسەر رووپەڕەکانیان بڵاو ئەکردەوە و قۆرخ نەکرابوون بۆ کاریکاتێریستێکی دیارییکراو دەرەچەیەکی باش بوون بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانمان لە باشوور لە ساڵانی دوای راپەڕین و ئەگەر میزاجی سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسینەکەی لەگەڵ کاریکاتێرەکاندا بگونجایە ، وردەوردە ئەمانەش هەر فت لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت لە باشوور رۆژنامەگەریش بەرەو فت بوون دەچێت .

کرانەوەی خوێنەر و بینەری باشوور بەسەر دونیای ئینتەرنێت وەکو بەرهەمێکی جیهانگیری و تۆران لە بڵاوکراوەی سەر کاغەز و رۆژنامەگەریی کلاسیکی ئەو خەونە ئەستەمەی ئاوڕدانەوەی سەرنووسەرو رۆشنبیرانی باشوور لە کاریکاتێر لە رابردوو پێش ئەوەی هەر هەنگاوێکی بۆ بنرێت ، ئێمەش وەکو هەمووان کەوتینە گێژاوی رەهایی و بێ سنووریی جیهانگیری پێش ئەوەی پلە بە پلە بیگەینێ و سوودی مەعریفی لێوەربگرین، نە رۆژنامەگەریی توانیی پەیوەندی دیجیتاڵی دروست بکات لەگەڵ جەماوەر نە ئێمە توانیمان هەمان پەیوەندی ببەستین بە رۆژنامەگەریی دیجیتاڵی ، تا فەیسبووك هات گۆمەکی زیاتر شڵقاند و تەواوی هێڵ و سنوورەکانی رۆژنامەگەریی و هونەریی و کاریکاتێری تێکەڵکردوو و مانایەکی بۆ تایبەتمەندییەکانی ئەو بوارانە نەهێشت و هەمووان بوون بە رۆژنامەنووس ورۆشنبیر و شیکەرەوەی سیاسی و شێوەکار و کاریکاتێریست، ئەوەی هەشبوو بۆخۆمان خۆش بین کاتێك تەنها سەرچاوەی هەواڵ و زانست و مەعریفەی هونەرییمان فەیسبووك بێت .

کاتی ئەوە هات و ئەو بڕیارە وەربگرین ، کۆڵ بدەین و ببین بە پاڵەوان و زانا و بەحرلعلومی نێو لۆگۆ شینەکە(فەیسبووك) یان ئەبێت هەنگاو بنێینەوە بەرەو دونیای واقیعی و بەرخوردی راستەوخۆ لەگەڵ بینەر و جەماوەر ، هەر چۆنێك بێت بڕیاری دووەممان دا و دەستمانکرد بە زیندووکرنەوەی نمایشکردنی پیشانگەی تاکە کەسی و هاوبەشی درووستکردنی گروپی کارتۆنی وەکو نەقیزە لە سلێمانی لە ساڵی 2008 بەدواوە و جۆڵەیەك بەم هونەرە درا و کاریکاتێریستانی نەوەدەکانی سەدەی پیشوو کەوتنەوە نمایشکردنی کارەکانیان ، دواتر لەگەڵ ناوەندی هونەری 7 رەنگە هەوڵەکان چڕتر کرانەوە و پیشانگەی کاریکاتێری لە رووداو و یادە نەتەوەییەکانیش بەرپاکرا تا گەیشتینە وەرچەرخانێکی نوێ بۆ هونەری کاریکاتێر لە باشوور ئەویش پیشانگەی هاوبەشی نەقیزەکان بوو لە رۆژی فشەدا لە 1 / 4 / 2017 بۆ چەندین هونەرمەندی کاریکاتێر لە ناوەو دەروەی باشوور بەرپاکراو و پیشانگەیەکی گەورەی کاریکاتێری هاوبەشی لەسەر ئاستی عێراق و هەرێم لێکەوتەوە لەگەڵ کتێبێك سەرجەم کاریکاتێری بەشداربووانی گرتە خۆ .

تا 1 / 4 / 2018 و یەکەمین دیداری کاریکاتێری کوردی ریکخست بە بەشداری 43 کاریکاتێریستی کوردی کوردستانی گەورە و نمایشکردنی 182 کاریکاتێر بە هاوکاریی دەزگا و سەندیکا و بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری شاری سلێمانی و لایەنی تر و هەنگاوێکی شایستە بە هونەری کاریکاتێری کوردی هاتە دی بە هەوڵ و ماندووبونی ناوەندی هونەری 7 رەنگە .

خەونی دواترمان ئەوە بوو دیدارەکە بکەوێتە سەر پێی خۆی و ببێت بە فیستیڤاڵێکی ساڵانە و هونەرمەندانی کوردستانی گەورە لە رێگەی هونەری کاریکاتێرەوە بەیەکتر ئاشنا ببنەوە و تۆراوەکان بگەڕێنینەوە نێو هونەری کاریکاتێری و کاریکاتێریستی نوێ رابکێشینە ناو هونەری کاریکاتێری و حاڵەتێك لە گۆڕینەوەی ئەزموون و تەکنیکی کارکردنی هونەرمەندان بەیکدی ئاشنابکەینەوە و پردێکی پەیوەندی دروست بکەین لەگەڵ رۆژنامەگەریی و رۆشنبیران و دەزگا پەیوەندی دارەکان لێکتێگەیشتنێك دروست ببێ و هونەری کاریکاتێری رۆڵی خۆی ببینێ لە مەیدانی راستەقینەی خۆی کە رۆژنامەگەرییە و چەرخەکە بەرە و پێشەوە بەرین ، لەبەشێکی هەوڵەکان سەرکەوتوو بووین و لە هەندێکی تریش هیوای سەرکەوتنمان هەیە و لە تۆزێکیشی هێشتا لە جێگەی خۆمانین و هەنگاوێك نەچووینەتە پێشەوە .

بەهەر حاڵ ئەوەی جێی دڵخۆشییە لە پارچەکانی تری کوردستان لینك و پەیوەندییەکی ئێجگار باش و پتەو دروستبوون هەماهەنگییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ دیداری کاریکاتێردا ، بەڵام لە باشوور میزاجی هونەرمەندەکانمان میزاجی هونەرییان وەکو جەماوەر تێکچووە و تاقەتی ئیشکردنیان نەماوە و یان ئەوەندە رەشبینن کە ئاسۆیەکی روون بۆ کاریکاتێر بەدی ناکەن و ئامادەنین ببن بە بەشێك لەم هەوڵ و کۆششانە ، گرنگ ئەوەیە لە ئێستادا وەکو نەریتێکی دوو وەرزە دیداری کاریکاتێری کورد هەرجارە و لە پیشانگەیەکی هاوبەشدا هونەرمەندانی باشوور ( ئەوانەی میزاجی ئیشکردنیان ماوە ) لەگەڵ هونەرمەندانی بەشێکی تری کوردستان رێکدەخات و ئەمەی ئێستامان هەنگاوی یەکەمی ئەو نەریتە بوو لەگەڵ هونەرمەندانی رۆژهەڵات . لە کارێکی نوێی دیداریشدا ئەم جارەیان دوو دانە کتێب لە بواری هونەری کاریکاتێر بە چاپ دەگەیەنێ کە ئەمەی بەردەستان دانەیەکیانە و پۆختەیەکە لە مێژووی دێرینی هونەری کاریکاتێر لە جیهاندا و هەوڵ و تەقەلایەکە بۆ دروستکردنی پاشخانێك بۆ هونەری کاریکاتێر و ئاشناکردنی بە هونەرمەندان و رۆشنبیران وهەوادارانی کورد بۆ هونەری کاریکاتێر. هەوڵێکە پێویستی بە کاری دەستەجەمعی وپشتیوانی هەیە لەلایەن هونەرمەندان و رۆشنبیران .

پەروەر
2018 / 8 / 26
سلێمانی

## پێشەکی

د. مەمدوح حەمادە

هونەری کاریکاتێر گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت لەلایەن خوێنەرانەوەو هەوادارێکی تایبەت بە خۆی هەیە لە جیهاندا، جیاواز لەهونەرەکانی شێوەکاریی توانیوەیەتی ببێت بە هونەرێکی میللی و بەردەوام لە پەیوەندییەکی راستەوخۆ بێت لەگەڵ جەماوەردا، بەڵام لە نێوان ژانەرەکانی شێوەکاریی کەمترین سەرنجی رەخنەگران و لێکۆڵەرەوان رادەکێشێت و کەمترین دەستبردن بۆ مێژووەکەی دەکرێت، زۆر دەگمەنە لە نێو کتێبخانەکان سەرچاوەو بابەتی شیکاریی لەسەر بدۆزیتەوە، بەشێك لەم پشتگوێ خستنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاریکاتێر بە هونەرێکی پلە دوو هەژمار دەکرێت لای رەخنەگران بەهۆی تەکنیکە شێوەکارییە سادەکەی کە بە بڕوای ئەوان کاریکاتێر لادانە لە جوانیی رەهاو شێواندنی فۆرمی ئەناتۆمی و تێکدانی بنەماکانی شێوەکاریی و لادان لە نەریتی پێشینان و بەو هۆییەوە هونەری کاریکاتێر بە کوڕە لاسارەکەی شێوەکاریی دەزانن کە بە ڕەچەڵەك شێوەکارییە، بەڵام پەیوەست و ئاوێتە بووە بە رۆژنامەگەرییدا، ئەمەش وا دەکات رەخنەگرە هونەرییەکان بایەخی پێ نەدەن، بەڵام ئاوێتەبوونی کاریکاتێر بە رۆژنامەگەریی بە بۆچوونی ئێمە دژ نییە بە شێوەکاريي و دەشێت بە یەکێك لەجۆرەکانی شێوەکاریی رۆژنامەگەریی هەژماری بکەین وەکو وێنەگرافیکییەکانی کە کارە ئەدەبییەکانی سەردەمە جیاوازەکانی ئەڕازاندەوە یاخود مامەڵەی فۆرمی وێنەی فۆتۆگرافیای لەگەڵ بکرێت لە رۆژنامەکاندا، ئەم ئاوێتە دوو لایەنە دەگەڕێتەوە بۆ تواناو خێرایی کاریکاتێر بە گەیشتنیی بە خوێنەر، بۆیە پیشانگە هونەرییەکان کاریگەرییان نابێت و بەس نین بۆ رۆڵگێرانی ئەم هونەرەو پەڕەکانی رۆژنامەگەریی نمایشگەی راستەقینەی هونەریی کاریکاتێرن .

لەم کتێبەدا لە هەوڵی ئەوەداین کە تیشك بخەینە سەر مێژووی هونەری کاریکاتێرو بەدوای رەگ و ریشە شێوەکارییەکانیدا بگەڕێین، بە هۆی دەگمەن بوونی سەرچاوەکان دەربارەی ئەم بابەتە و قەتیس بوونی لە چەند وتارێکی پەرت و بڵاوی لێرە و لەوێدا ، ئەم گەڕانە هاوشێوەی لێدانی تونێلێکە لە تاریکیدا نازانین بە کوێمان دەڤطەیەنیَت، لە هەمانکاتدا پڕشووبڵاببوونی ئەو بابەتانەی کە پێویستە دەستیان بۆ بەرین کارەکەی ئەوەندەی تر ئەستەم کردووە ، نازانین لە کوێوە دەستپێبکەین و هەنگاو بەرەو کوێ بنێین ، تەواوی ژیارە دێرینەکان رەگ و ریشەی گاڵتەجاڕی شێوەکارییان هەبووە، نموونەکان زۆرن بەڵام بەرچاو نین، بەزمانی هەمەچەشنەو لە شوێنی جیاواز بوونیان هەیە بەڵام توانای (مەعریفی) و دارایی و کات رێگرە بۆ ئەوەی هەڵوەستەیان لەسەر بکەین، لە سەر زۆربەی شوێن پێیەکانی کاریکاتێر وەستاوین لە مێژووی دێرینداو بەدوای لایەنە ویژدانییە شاراوەکانی میللەتانی پێشوودا کەوتوون و توانیمان کارێك پێشکەش بکەین کە بیرۆکە گشتییەکانی مێژووی ئەم هونەرە بخەینە بەردەستی خوێنەر بە پێی توانا ئەم بابەتە بە زانیاری دەوڵەمەند بکەین و لە وردەکارییەکان بکۆڵینەوە کە قۆناخەکانی مێژووی هونەری کاریکاتێر پێکدەهێنن .

سەبارەت بە قۆناخە سەرەتاییەکانی مێژووی کاریکاتێر و گەڕان و لێکۆڵینەوە لە پێش (هۆگارت) و (گۆیا) دەستپێدەکەین، چونکە بۆمان دەرکەوتووە کە زیادەڕەویی شێوەکاریی پێش ریسانس و داڤینشی و ئەزموونە شێوەکارییەکانی (بۆش) و (بریگێڵ) و دەرکەوتنی گاڵتەجاڕی لە مامەڵکردنی (ئۆستادی) لەگەڵ بابەتەکاندا هەبووە، بۆیە پێویست بوو بە بەرهەمی زۆربەی هونەرمەندانی ریسانس و پێش ریسانس بچینەوە لەبەر ئەوەی خاڵیی نەبوون لە زیادەڕەویی و ئەم هەوڵانە لە کۆی گشتیدا بنەما بوون بۆ دەرکەوتنی هونەری کاریکاتێر و دروستکەری ستایلی تایبەت بە خودی ئەم هونەرە ، قۆناخی دوای
( گۆیا ) و ( هۆگارت ) و ( ئۆستادی ) وێنەکە روونتر دەبێتەوە و کاریکاتێر دەبێتە خاوەن فۆرمێکی روونتر و دەربڕینێکی روونتر، وێرای ئەوەی هێشتا بە ناوی کاریکاتێر یان کاریکاتۆر ناناسرێت، لەوانەیە زیاتر هەڵوێستەمان لەسەر کۆمەڵێ قۆناخ و وڵات و هونەرمەند کردبێت بە هۆکاری ئەوەی جومگە سەرەکییەکانی قۆناغە زێرینەکانی مێژووی هونەری کاریکاتێر پێکدەهێنن، بەڵام ئەوانە تەواوی خشتی دروستکەری بیناکە نین و تەنها پایە دیارەکانی هونەری کاریکاتێرن .

لە کۆتاییدا لەو باوەڕەداین کە بابەتێکی پێویستمان خستۆتە بەردەم ئەو خوێنەرانەی کە گرنگی دەدەن بە مێژووی هونەری کاریکاتێرو تیشکمان خستە سەر جومەگە سەرەکییەکانی، دووپاتیشی دەکەینەوە کە هەر بابەتێکی لێکۆڵینەوە ناتوانێت بە تەنها وردو درشت لە خۆبگرێت بەڵکو پێویستی بە کەڵەکەبوون و شیکاریی زیاترە بۆ تێگەیشتنی هونەری کاریکاتێری بۆ رووداوەکان و دونیابینینی ئەم هونەرە لاسارە بۆ ژیان .

# قۆناغە سەرەتاییەکانی درووستبوونی
# مێژووی کاریکاتێر



کاریکاتێرێکی بەجێماوە لەشاری پومپای ئیمپراتۆریەتی رۆمانی ٧٩ ز

کاریکاتێر وەك هونەرێكی سەربەخۆ لە كۆتایی سەدە هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە فۆرمی هونەریی خۆی وەرگرتووە و ستایلی دەربڕینی بە بینەر ناساند و بە شێوەیەكی سەرەكی لە وڵاتانی ئەورووپا لە سەر بنچینە و بنەما هونەرییەكانی سەردەمی ریسانسی ئەورووپییەكانەوە درووستبوو ، دواتر هەمان ئەو بنەمانەی هەڵتەكاند بۆ دامەزراندنی خۆی وەكو هونەرێكی سەربەخۆ خۆي ناساند.

بەڵام كاریكاتێر وەك هونەرێكی پێكهاتوو لە دوو چەمكی شێوەگەرایی و گاڵتەجاڕی یان تەنزئامێزی ، رەگ و ریشەی داكوتاوی زۆر دێرینی هەیە لە مێژوودا ، تا رادەیك كە لێكۆڵینەرەوانێك هەن كە دەڵێن كاریكاتێر

لەگەڵ بوونی مرۆڤایەتییەوە لەدایكبووە، ئەم بۆچوونەش كۆمەڵێكی زۆر لەوێنەگەراییە كۆمیدی و تەنزئامێزو ناجۆرەكانی سەردەمە دێرینەكان بە بەڵگە

دەهێننەوە، کاتێك مرۆڤی دێرین وێنەی ئاژەڵانی دەوروبەری و ساتەکانی ژیانی خۆی بە شێوەیەکی تەنزئامێزی دەنەخشاند لەسەر دیواری ئەشکەوتەکانی فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئەمریکای باشوور و دوورگەی عەرەبی و بیابانەکانی جەزائیر و قوبرس و شوێنانی تر .
لەوانەیە زۆرترین کاری لەو چەشنە لە بیابانەکانی جەزائیر دۆزرابێتەوە کە گاڵتەجاڕی بەزەقی لە ناویاندا بەرجەستە کرابێت و نهێنی دەرخستنی جوانیی ساتە دژوارەکانی ژیانیان هەڵوەستەی بە زۆربەی مێژووناسان کردووە، وەکو چۆن (بریل)ی قەشە شارەزا لە هونەرە دێرینەکان دووپاتی دەکاتەوە، کاتێك باس لەوە دەکات کە هونەرە دێرینانە مۆرکی ئاییینیان هەڵنەگرتووەو لە نێوان ئەو کارە دێرینانە شێوازهەیە تێکدانی فۆرم و زیادەڕەویی لە کێشانی فیگەرەکانداو بەشێکی تریشی رەگەزی کۆمیدیا و گاڵتەجاری و جوانکردنی تاڵییەکانی ژیانی تێدایە .
لەسەر تاشە بەردەکانی دۆڵی ( جەرات )ی وڵاتی جەزائیر کۆمەڵێك لەو کارانە بەدی دەکرێن کە بە ئیرۆتێك تەرین کارەکانی سەردەمی دێرین هەژمار دەکرێن ، لەسەر تاشە بەردەکان وێنای سەرەیەکی دوور و درێژی پیاوانێکی شاخدار وێناکراوە کە ئامادەی چووتبوونی سێکسین لە گەڵ مێیەکداو تەواوی فیگەرەکان بە وردەکارییەوە کێشراون و روون نییە مەبەستی راستەقینەی وێنەکێشەکە چییە بۆ ئەم وێنا تەنزئامێزییە و چ نهێنییەك لە ناخیدا هەبوو تا وابکات دەست بۆ کارێکی لەم چەشنە ببات، لە لایەکی ترەوە وێنەی ئافرەتێك کە کڵاوێکی دروستکراو لە پووش لەسەرەو لەسێ لاوە کەوتۆتە ژێر هەڕشەی ئەندامی نێرینەی سێ پیاوەوە لەوانەیە وێنایەك بێت بۆ دەستدرێژی سێکسی یاخود تۆمارکردنی وێنەی کۆنترین پیشە لە مێژوو کە لەشفرۆشییە .
لە ناوچەی (تیسوقای نافیلا) لە بیابانی جەزائیردا لەسەر بەردێکدا وێنەی بوونەوەرێك کێشراوە بە چیچکانی دانیشتووە و دیسانەوە ئەندامێکی نێرینەی گەورەی هەیە لە گەڵ کلکێکی لووس و دوو گوێچکەی قوت و چاوێکی گەورە و خڕ و لووتێکی خواری کونەپەپوو ئاسا و لە باکووری رۆژئاوای هەمان شوێن ، وێناکردنی کەسانێکی باڵابەرزی ریشن ، پێستی ئاژەڵی دڕندەیان پۆشیوەو تیروکەوانی سێ پێچیان هەڵگرتووە وەکو ئاماژەیەك بۆ جەنگاوەرە هیکسوسەکان کە لە 1550 ی پێش زایینەوە میسریان داگیرکرد .
لە تەواوی ئەم وێنە دۆزراوانەدا شێواندنی فیگەر و بەشەکانی جەستە بەدی دەکرێن

هەرچەندە ناکاتە ئەوەی رووحیەتی گاڵتەجاڕی لە وێناکردنەکاندا بسەلمێنرێت بەڵام تێکدانی پێوانەی ئەناتۆمی خاڵێکە پێویستی بە هەڵوەستە هەیە و دەتوانرێت بە رەگ و ریشەی مێژووی هونەری کاریکاتێر دابنرێت .

بەڵام وێنەگەلێك دۆزرانەوە کە زۆر تایبەتن و زۆرێك لە لێکۆڵەوەران بێ یەك و دوو بوونی بنەماکانی گاڵتەجاڕیی و رووحیەتی پێکەنین بەرامبەر بە نەهامەتییەکانی ئەو سەردەم قورسەی مرۆڤایەتیی وەکو بەشێك لە وێناکان دووپاتی دەکەنەوە و یەکێك لەوانەش ( برێل )ە ، کە بە شێوەیەکی قووڵ و ورد توێژینەوەی بۆ کردوون و تەنزی نێو وێنەکانی دۆزیوەتەوە و شیکاریی بۆ کردوون .

ئەم کۆمەڵە وێنەگەرابیە پرسیارگەلێکی زۆری لای ( برێل ) درووستکردبوو، ئایە ئەم وێنانە چیرۆکی ڕەوی ئەم گامێشانە دەگێڕێتەوە ؟ یاخود وەسفی لەوەڕگای ئەو ناوچانە دەکات ؟ یان باس لە قڕداهێنانی ئافرەتەکانیان دەکات یان وەرزی ڕاوی ئاسکەکانە ؟ یاخود بە کۆی ئەو وێنەگەرابیانە باس لە ستایل و شێوازی ژیانی ئەو سەردەم و ناوچەیە دەکات کە تا ئێستا گۆڕانکاری بە خۆیەوە نەبینیوەو لەسەر هەمان بنەمای ژیان بەڕێوە دەچن تەنها پێشکەوتن لە رووکەشیدا درووستبووە .

ئایینە کۆنەکان بە سەرچاوەیەکی گرنکی گاڵتەجاڕی دادەنرێن لە بواری ئەدەب بێت یاخود شێوەگەرایی، زۆربەی زیادەڕەوییەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن و بابەتی بەرهەمە هونەرییەکان پێکدەهێنن، لە قۆناخە سەرەتاکانی دروستبوونی ئەفسانە وێنەی خواوەندەکان بە شێوەی پۆرترێت نەکێشراون، بەڵکو بەشە زەقەکانی روخساریان دەخرایە سەر ئەو شێوەگەراییە، ترسناك ئامێز یاخۆ گاڵتە ئامێز، توڕە یان خەندەئامێز، دەشێ لەو قۆناخانەدا مەبەستی گاڵتەجاڕی هێشتا درووست نەبووبێت، لای بابلییەکان دێوزمە خراپەکان بە شێوەیەکی دڕندەو ترسناك ئامێز دەنەخشێنران و ترسی دەخستە نێو دڵی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە وەکو (لاماشتو) دێوزمەی پەتا لای بابلییەکان کە بە شێوەیەکی ئافرەتێکێ پیری مەمك شۆڕو دوو پێی وەك چنگی داڵ و سەری شێرێکی قێزەون و پشتێکی چەماوەو شیر بە سەگێك یاخود بەراز دەدات کە ئاژەڵێکی گڵاوی لای بابلییەکان بوو، زۆرجاریش لە سەر گوێدرێژێك وێناکراوەو لەوانەیە بۆ سووکایەتی کردن بووبێت. بە هەمان شێوە دێوزمەی ( پازوزو ) روخسارێکی قێزەون و ترسناکی هەبووە و بە ملوانەکەی ئافرەتانەوە هەڵواسراوە بۆ کاری جادووگەری و دوورخستنەوەی رووحە خراپکارەکان .



کاریکاتێرێك لەسەردەمی گریکەکان



نیگارێکی سەر دیواری ئەشکەوتەکانی جەزائیر



نیگارێکی کۆنی سەر دیواری ئەشکەوتەکانی جەزائیر



دێوەزمەی پازوزو



دێوەزمەی لاماتشو

لە نێو ئاسەواری فینیقییەکان لە سوریا یاخود قەرتاج  بە جێماوەی زۆر  هەن کە مۆرکی زیادەڕەویی و گاڵتەجاڕییان پێوەدیارە بە تایبەتی ئەو دەمامکە قوڕە خەندە ئامێزانە بۆ خستنە پێکەنینی دێوزمە و شەیتانەکان دروستکرابوون تاوەکو  مردوو و زیندوەکان بە ئاسوودەیی جێبهێڵن و ئازاریان نەدەن، لەوانەیە ئەو دەمامکە خەندە ئامێزانە بۆ خودی دێوزمە و شەیتانەکان بێت، چونکە قەبارەکانیان لە دەمووچاوی مرۆڤ بچووکترن بۆیە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت کە بۆ لە دەمووچاوکردنی مرۆڤەکان دروستنەکرابن و وێنایەکی دێوەزمەکان بێت. کۆنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زایین کە روخسارێکی ناشرینی شێواوەو خاوەنی چاوێکی زەق و لووتێکی پان و دەمێکی بەخەندە دەگاتە چرچی نێوچەوانی و روخساری پڕ لە بالۆکەو تا رادەیەك قێزەون .

زۆرێك لە لێکۆڵەوەران لەو بڕوایەدان کە گاڵتەجاڕیی لە رێی ئەم دەمامکانەوە گوازراوەتەوە بۆ ناو هونەری شێوەکاری و بە دەگمەن میللەتێك یان ژیارێك هەبێت بێبەش بێت لەم دەمامکانە، جگە لەمانە شێوەگەراییەکی تری هەیە کە زیادەڕەوییەکی مەبەستدار بووە بۆ گاڵتەجاڕیی لە خۆدەگرێت ئەویش هونەری پەیکەرسازییەو پاڵەوانی سەرەکی ئەم ژانەرە خواوەندو پاڵەوانانی ئەفسانەکان بوون، گاڵتەجاڕیی و زیادەڕەویی دوو بنەمای سەرەکی ئەو بەرهەمە هونەرییانە بوون، هەروەها گریکەکان بە بەردەوامی ماڵەکانیان بە پەیکەری خواوەندەکان دەڕازاندەوەو ئەوەی جێگای سەرنج و هەڵوەستەیە کە پەیکەرە گاڵتە ئامێزەکان خواوەندی دوژمنەکانیان بوون بە هەمان شێوە لە پاڵ خواوەندەکانیان دادەنرا، ئەم رەفتارە بنەمایەکی سەرەکی کاریکاتێرە کە وەك چەکی هەجووکردن و بچووکردنەوەی بەرامبەرو سووکایەتی بە خوداوەندەکانی نەیارانیان بەکارهاتووە.

گریکەکان هونەرمەندی تایبەتیان هەبوو بۆ ئەو مەبەستە دیارترینیان ( بۆزۆن ) بوو کە ئەرستۆ لە چەندین شوێن باسی کردووەو ئەوە جۆرە هونەرەی بە ناشیرین و قێزەون باسکردووەو هونەرمەندانی هانداوە کە دوای بۆزۆن و کارەکانی نەکەون و ئەو جۆرە هونەرە جوان نییە، لەبەرئەوەی تەنها کەسە خراپەکان دەکاتە بابەتی کارەکانیان بەڵکو بەدوای هونەری ( بۆلینگۆت) بن کە هاوزەمانی بۆزۆن بووە، سەیر نییە کە ئەرستۆ ئەم تێڕوانینەی هەبووبێ بەرامبەر ئەو جۆرە هونەرە ، چونکە زۆربەی فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمانە بڕوایان وابووە کە گاڵتەجاڕی و زیادەڕەویی لەهەر میللەتێکدا هەبێت نیشانەی داڕمانییەتی، ئەمەش تێگەیشتنی

ئەو سەردەمە بووە بۆ هونەر و گەیشتن بە کەمالی هونەری و دەرنەچوون لە جوانیی زانیی کە دواتر بە ئیستاتیکا ناسرا .
لە سەدەی چوارەمی پێش زایین، لە ئەسکەندرییە گاڵتەجاڕیی وەك بنەمایەکی سەرەکی هونەر دادەنرا بە تایبەت لە (مینا کاریی) رۆمانییەکان، ( بیریك ) ئەو هونەرمەندە بوو کە بە میناکاری شێوەگەرایی بۆ زۆربەی رۆژانەی ئەو سەردەمەی تۆمارکردبوو هەر لە پیشەوەرانی وەکو سەرتاش و پێڵاو درو گوێدرێژە بارهەڵگرەکان هتد بابەتی کارە هونەرییەکانی بوون ، بۆیە نازناوی ( وێنەکێشی زبڵدانەکان ) ی پێ بەخشرا کە نازناوەکە بۆخۆشی پڕە لە گاڵتەجاڕیی و لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە هونەرە رەواجێکی زۆر باشی هەبوو لە سەردەمی هیلینییی و رۆمانییەکان و هەروەها لە بەشێك لە هونەری هیندییەکان بەدی دەکرێن .



**دیونیسیس نیگاری ساتیر**

لەوانییە هیچ میللەتێکی سەردەمە کۆنەکان بە ئەندازەی میسر دەوڵەمەند نەبووبێت بە هونەری گاڵتەجاڕیی و تەنزئامێزی هێماگەرایانە، هونەریی میسرییە کۆنەکان جیاوازیی ئەوەی تێدا دەبینرێت کە تەواوی کارە شێوەکارییەکانی لە واقیعی ژیانەوە سەرچاوە وەردەگرن نەوەك ئەفسانەکان وەکو گریك و رۆمانییەکان ، ئەگەر لە رووی چەندایەتی لە میللەتانی تر کەمتر بن بەڵام لە رووی چۆنایەتییەوە لە رووی مامەڵەکردن بە گاڵتەجاڕی و تەنزەوە زۆر لە گریك و رۆمانییەکان زیاترە، دەشێ هۆکاری ئەم کەمبوونە لە بەرهەمی هونەریی میسرییە کۆنەکان بۆ جۆری ئەو مەتیریاڵانە بگەڕێتەوە کە بەکاریان هێناون وەکو ( کاغەزی قامیش و کاغەزی چنراو لە رووەك ) کە زۆر بە ئاسانی لە ناودەچن، کارە تەنزئامێزەکانی سەردەمی میسرییە کۆنەکان ئەوەند زەقن کە لێکدانەوە هەڵناگرێت و ئەوەندەش جاوازییان نییە لە گەڵ کارتۆنی ئەمڕۆ، وەکو نموونە ئەو پشیلە کێوییەی کە پۆلێك مراویی ئەلەوەڕێنێ ( 500 پ ز ) یاخود کۆمەڵێك پشیلە خزمەتکاریی مشکەکان دەکەن و لە کارێکی تەنزئامێزی تردا کە دەگەڕێتەوە بۆ (300 پ ز ) وێنای سێ مشکە کە بە رێزەوە لەبەردەم پشیلەیەکدا وەستاون وپێکی شەرابیان بەدەستەوەیە ، وێناکە ئەوەمان پێ دەگەیەنێ کە پشیلەکە خاوەن دەسەڵاتە و مشکەکان ملکەچی ئەوە بارودۆخەن و لەوانەیە وێنایەك بێت بۆ پێدانی باج بە دەسەڵات یاخود وێنایەکی تر بێت کەبە خواردنەوەی شەراب جیاوازی و دوژمنایەتییەکان نامێنن .
لە مۆزەخانەی (تۆرنتۆ) لە ئیتاڵیا وێنەکێشراوێکی تری سەرنجراکێش نمایشکراوە کە بریتییە لە وێنەی شێرێك و بزنێك سەرگەرمی یاری شەترەنجن ! ئایا شێر هێمای فیرعەون و بزنەکەش مێللەت ؟ یان شەترەنج هێمایەکە بۆ ژیان و دۆڕاویش ( کە هەر بزنەکەیە ) یاریی بە ژیانییەوە دەکات ؟ هەڵگری مانای شاراوەی زۆرە .
زۆرن ئەو کارە هونەرییە تەنزئامێزانەی ئەو سەردەمانە و نموونەکانیش زۆر زەقن، هەروەکو ئەو نیگارەی کە رێوییەکی سواری پشتی بزنێك دەبێت و لە ماڵەکەی خۆی دێتە دەرەوە یاخود ئەو نیگارە کە دەگەرێتەوە بۆ ( 300 پ ز ) ی سەردەمی قیبتییەکان، باڵندەیەك بە پەیژەیەکدا سەردەکەوێت بۆلای کەرکەدەنێك کە لەسەر درختێکی بەرزدایە ، هێماگەرایی زۆر گرنگە لەو کارانەدا و پێویستیان بە رامانە ، ئایە بۆ باڵندەکە ئاسانتر نەبوو هەڵفڕێ لەبری ئەوەی بە پەیژەدا سەرکەوێت، یان سەر لقی داری درەختێك کە شوێنی سرووشتی کەرکەدەن

بووه !ئایه ئاماژەکان بۆ ئەوە نییە بۆ کەسی نەشیاو بۆ شوێنی شیاو ؟یان ئەو نیگارەی کە گوێدرێژ و شێر و تیمساح و مەیمون خەریکی مۆسیقا ژەنینن !


کاریکاتێری فیرعەونی ٣٠٠ پ j


بس خواوەندی گاڵتەجاری لای میسرییە کۆنەکان


کاریکاتێرێکی فیرعەونی ٣٠٠ پ j


کاریکاتێرێکی فیرعەونی


کاریکاتێرێکی فیرعەونی ١٥٠٠ پ j

هەروەها سەردەمی ئاشورییەکانیش بێ بەش نەبوون لە وێناگەرایی تەنزئامێزیی یان گاڵتەجاڕیی، لە ساڵی 1846 لە شاری نەمرود بەردێکێ مەڕمەڕ دۆزرایەوە بە بەرزی 2 مەتر کە دەگەڕێتەوە بۆ ( 950 پ ز) لە یەکێك لە رووەکانی وێنای (یەهو) شاهی جووەکان نەخشینراوە کە کرنۆش بۆ (سلمەنسەر) پاشای ئاشوورییەکان بردووە، سەیرییەکەی ئەم نەخشە لەوەدایە کە هونەرمەندەکە وێنایەکی کاریکاتێری عەیار 24ی بۆ پاشا جووەکە کردووە لە چەمانەوەی ملێکی درێژو لووتێکی درێژو کڵاوێکی لار بەرەو دواوەو هەروەها ئەو جلووبەرگە شڕەی کە لەبەریدایە، لە نەخشێکی تردا وێنای پاڵەوانێکی ئاشوری لاشە جوان و باڵا بەرزی تێدایە کە بە نیزەی ڕمەکەی هەڕەشە لە پاشای دوژمنان دەکات کە روخسارێکی گاڵتەجاڕیی هەیە لە لووتێکی درێژی خوارو لچێکی شۆڕەوە بووی مەیمون ئاسا، کە سەرجەم هێماکان بۆ سووککردن و ریسواکردنی دوژمنانە، ئەم سووککردنی نایارو دوژمنان پەلیکێشا تاسەردەمی ئەمڕۆ کاریگەرییترین چەکی کاریکاتێریستانە دژ بە نەیارەکانیان .



پاشا سلمەنسەر و پاشا یەهو ٩٥٠ پ ز

لەو كارانەی كە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی بیزەنتییەكان كە لە مۆزەخانەی حكومەتی ڕوسیا لە مۆسكۆ دانراوە وێنای دوو كەسە خاوەن ملی زۆر درێژو لووت و چەناگەیەكی درێژن سەرگەرمی سەماكردنن . زیادەڕەویی و دەرچوون لە پێوانە هونەرییە باوەكان ( جوانیی زانیی) و هێمای گاڵتەجاڕیی لە تەواوی سەردەمە كۆنەكان هەبووەو زۆر یان كەم بە پێی پێشكەوتنیان لە هونەری شێوەكاری و ژیانی ڕۆژانەیان ڕەنگی لە بەرهەمە هونەرەییەكانیانی داوەتەوە .
ئەگەر گاڵتەجاڕیی لە هونەری میللەتانی پێشوو سەرچاوەی لە ئەفسانەكان و ژیانی گشتی وەرگرتووە، شانۆی گاڵتەجاڕی و ئەدەبی تەنزئامێز بازنەی ئەو هونەرەی فراوانتر كردووە، بۆیە دەتوانین كە بڵێین كە شێوەكاریی تەنزئامێز لە ڕەحمی ئەدەبی تەنزئامێزەمەوە لە دایكبووە ( بۆچوونی تر هەیە تەواو پێچەوانەی ئەم تێڕوانینە )، بە تایبەتی ئەو شێوەكارییە كە لە ئەفسانەكانەوە سەرچاوەیان گرتبوو، چۆن ئەفسانە پێش نیگاركێشی لە ئەدەب و شیعرەوە بەیان كراوە .بە بۆچوونی ئێمە دەمامك سەرەتاترین كاریگەری ئەدەبە لە شێوەكاری، دیاردەی (قەڕەقۆز) یەكێكە لە كۆنترین دیاردەكانی هونەر لە مێژوودا
هەمیشە بە پاشاوە لكاوە، پاشایەك نەبووە دانەیەك یان زیاتر لە
(قەڕەقۆز) ی نەبووبێت و كاڵایەك بووە لە كاڵاكانی تەلاری پاشایەتی و وردە وردە ئەم دیاردەیە لە كۆڵان و بازاڕو جەژنەكانیش دا بڵاودەبۆیەوە . گاڵتەجاڕیی لە سەرەتاترین شێوەكانی شانۆیە كە ( قەڕەقۆز ) پەنا بۆ كۆمەڵێ جوڵەی لەشی خەندەئامێزو دەموچاو دەبات بە مەبەستی خستنە پێكەنینی تەماشاكار، وردە وردە ئەم جوڵانە وشەیان تێكەوت و دواتر شێوازی بەرگ هاتە ئاراوە تا گەیشتە پەنا بردن بۆ ( گریم ) واتا ماكیاژ بۆ گۆڕینی دەموچاو و قەبەكردنی ئەندامانی دەمووچاو لە لووت و گوێچكە و چاو و دەم .
دەمامك لێرەدا ڕۆڵی سەرەكی گێڕاو لە دێر زەمانەوە وەكو ئامرازێكی خۆناساندن و دەربڕین بەكارهاتووە، بۆیە دەمامك سازان هەستان بە قەبەكردنی ئەندامانی دەموچاو كە لە درێژكردنی لووت و پانكردنی گوێچكە و چاوی دەرپۆقی و چەناگەی درێژو ناوچەوانی تەخت خۆی بینییەوە، ئەم زیادەڕەوییە لەم ساتەدا بۆ پێكەنین و گاڵتەجاڕی بوون نەوەك بۆ دوورخستنەوەی دێوزمەو شەیتانەكان وەكو ئەوەی لەسەردەمەكانی پێشووتر باوبوو، لێرەدا دیاردەی قەڕەقۆز لە ڕێگەی

## قەرەقۆز





## دەمامك











دەمامکەوە لە ئەدەبەوە گۆزاریەوە بۆ شێوەکاریی کەواتە لە وشەوە بۆ هێڵ و رەنگ (لە رووی مێژوویەوە شێوەو نیگار پێش وشەو نوسین بووە) ، لە رێگەی گۆڕینی دەمامکەوە هونەرمەندی شانۆکار زیاد لە کەسایەتییەکی بەرجەستە دەکردو هەروەها رۆڵی ئافرەتانیش هەر پیاوان لە رێی دەمامکی ئافرەتانەوە بەرجەستەیان دەکرد.
گریکەکان لە سەردەمەکانی دوایشدا برەویان بە کاریگەریی دەمامکدا داو بەردەوامبوون لەسەر ئەو نەریتە و ژمارە و جۆری دەمامکەکان زیادکران بە شێوەیەك بۆ ڕۆڵی مرۆڤی بەتەمەن نزیکەی نۆ دەمامك و بۆ کۆیلە حەوت و بۆ ڕۆڵی ئافرەتیش چوار دەمامك دیارییکرا، ئەم شێوەیە لە رێگەی شێوەکارییەوە بۆ هەر چین و بەشێکی کۆمەڵگەی گریکەکان دەمامکی تایبەتی بە خۆیان هەبوو، هەر لە هاوڵاتی ئاسایی و باخەوان تا ئەگاتە لەشفرۆش دەمامکیان هەبووە.
جگە لە دیاردەی دەمامك، شانۆ لە قۆناغە پێشکەوتووکانیدا پەی بردەبەر (گریم) یاخود ماکیاژ، کە بە روونی لە ئۆپرای چینییە کۆنەکاندا بەرجەستە بووەو ڕۆڵی کەسایەتییە خراپەکان بە ماکیاژێکی تۆخ و خەست جیاکراونەتەوە بە شێوەیەك کەسایەتییەکە زەق بکاتەوە و تا ئێستاش ئەم ستایڵە باوە لە شانۆی ئۆپرایی (پەکین) ی سەردەم، دیادەری دەمامك زۆر بە زوویی گوازرایەوە بۆ شانۆی سەردەم، لە مەودای نێوان سەدەکانی شانزە و نۆزدە ستایلێك لە ئیتاڵیا بڵاوبۆیەوە بە (کۆمیدیای دەمامکەکان) ناسرابوو کە نواندنی کەسایەتییەکان بە دەمامکەوە بوون ، لە (1680 ز ) ئەم ستایلە تازەیە گەشتێکی فراوانی بە ئەوروپا ئەنجامدا کە بۆتە هۆی ئەوەی بە تەواوەتی لەوێ بناسرێت و بڵاو ببێتەوە، ئەم شانۆیە لەسەر بنچینەی کۆمیدیا و گاڵتەجاڕیی خەندەدار بوونیادنراو سەرجەم دەمامکەکان شێوازی کاریکاتێرییان هەبوو، بە تێپەڕبوونی کات و پێشکەوتنی بواری کۆمەڵایەتی ئەم ستایلە سنووری شانۆی تێپەڕاند بۆ نێو بازنەی چینە باڵاکانی کۆمەڵگە و خۆی لە ئاهەنگی خۆگۆرین دۆزییەوەو زۆربەی دەمامکەکان شێوازی گاڵتەجاڕییان هەبوو، دواتر لە شێوازی فیستیڤاڵە نەتەوەییەکاندا مایەوە وەکو ئاهەنگە ساڵانەکەی (ریدیۆجانیرۆ) وڵاتی بەڕازیل کە ئاهەنگێکی گەورەی ساڵانەی بۆ نمایشکردنی دەمامکەکان کە چیرۆکی ئەفسانە نەتەوە ییەکان دەگێرنەوە.
دوابەدوای قۆناخی شانۆی دەمامك، قۆناخێکی تازە دروستبوو لە نێو ئەدەبدا کە

خۆی لە دیاردەی بەکارهێنانی وێنەگەرایی لە شانۆداو دواتر گوازرایەوە بۆ کۆڕە ئەدەبی و شیعرییەکان و وێنەکێشراوەکان بە دەمامکی سەیرو خەندەئامێز لە پاڵ تێکستەکانەوە بە کاردەهێنرا، وێنەگەرایی بە ستایلی مینا کاری بۆ وێناکردنی شانۆگەرییە کۆمیدیاییەکان زۆر باو بوو بە تایبەتی شانۆگەرییەکانی یۆنانی کۆن بە تایبەت شانۆگەرییەکانی

(میناندرۆس) کە زۆربەی بەهونەری میناکاری نەخشێندراون، وێناگەرایی کۆمیدی لەکارەکانی گریکەکانیش زۆر باوبوو کە لەسەر کارە سیرامیك و گۆزەکانی ئەو سەردەمە دروستکرابوون و خوداوەندەکانی هاوشێوەی زیۆس و هرمز و بەریاب فیگەر و پاڵەوانی سەرەکییان بوون .

لەگەڵ ئەوەی کلتوری عەرەبی زۆر دەگمەنە لە بواری شێوەکاری و کارە هونەرییەکانیاندا و لاوازییەکی پێوە دیارە لە سەدەکان ناوەڕاستدا زیاتر بەرچاو دەکەون هۆکارەکەشی بۆ داگیرکاری عوسمانییەکانی تورکەکان دەگەڕێتەوە،



هەرچەندە لە مێژووی هونەری پانتاییەکی وەکو ئەوروپا هونەر لە ململانێ ناوخۆییەکان و جەنگەکەکاندا گەشەی کردووەو بگرە لایەنێکی کاریگەریش بووە لە ململانێکان وەکو هونەری کاریکاتێر کە دواتر بە چڕی شیکاریی بۆ دەکەین و لەوانەیە بەرهەمێکی هونەر مرۆڤایەتیی کاریگەریی جیاواز کاری لەسەر بکات و لە میللەتێکەوە بۆ یەکێکی تر هۆکاری تایبەت بە خۆی هەبێت و ناکرێت زۆرجار گشتاندنی بۆ بکەین ، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئاوێتەی ئەدەب و شێوەکاریی عەرەب بەرچاو دەکەوێت لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی هەزارو یەك شەوەو مەقاماتی حەریری و کارگەلێکی تر، خۆشنووسەکان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەم نیگارانە وەکو چۆن یەحیای کوڕی مەحمودی واسیتی هەستا بە کێشانی نیگارەکانی مەقامەکانی حەریری، نیگارکێشانی عەرەب هەر بەوە نەوەستان و رووی هونەریان کردە زۆربەی رووداوەکانی رۆژانەی گشتی کۆمەڵگەکانیاندا هەروەك وێناکردنی (زوریاب ) میوزیکژەن و وێناکردنی کەنیزەکانی سوڵتانەکان و ژیانی رۆژانەی پاشا و میرەکان و ژنەکانیان بەڵام لە چاو میللەتانی تردا بەرهەم و هونەرمەندانی ئەم بوارە زۆر کەم و سنووردارە . جگە لە نیگارکێشی تەنز و کاریکاتێر بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو شیعری عەرەبیدا بەرجەستەیی و دەوڵەمەندییەکی پێوە دیارە هەروەك چۆن لە قەسیدەکان ئیبن رومی و موتەنەبی و فەرزدەق و ئەختەڵ و ئیبن جەریر لە بواری هەجو دەبینرێن و سەرجەمیان زۆر شیاون بۆ وێناکردنیان بە کاریکاتێر، ئەمەش بە هۆکاری سەرەکی کەمبوونی بەرهەمی تەنزگەرایی وێنەیی و کاریکاتێری عەرەبەکان دادەنرێت .

لەسەر ئاستی جیهان زۆربەی ئەو نیگارانەی بۆ وێناکردنی بەرهەمە ئەدەبیە تەنزئامێزییەکان کێشرابوون یەکێك بوون لە سەرەکیترین هۆکاری دروستبوونی هونەری کاریکاتێر بەم ئاست و شێوەیەی ئێستای سەردەمیانە ، بەڵگە و نموونەی بێشومار لەم بوارەدا هەیە کە باس لە بەشێکی زۆریان دەکرێت لەم کتێبەدا . لە پاڵ ئەدەب فۆلکلۆری گەلان کە رۆڵێکی گەورەیان هەبوو بۆ پێشکەوتنی هونەری کاریکاتێر ، لە زۆربەی وڵاتان هاوشانی نوکتە کە میراتێکی نەتەوەییەو (داهێنەرەکەی نازانرێت کێیە)و شیعرە گاڵتەجاڕییەکان بوونە کلتورێکی نەتەوەیی ، لە کۆی ئەمانەی شێوەکارییەکی فلۆکلۆری پەیدا دەبێت و مۆرکی پەندی نەتەوەیی و کلتوری لە خۆدەگرێت، زۆربەی جار نیگارەکان هاوپێچ دەکران بە شیعر یان


حەرەملەك


مەقاماتی حەریری


زوریاب

پەندی میللی یاخود نوکتە و قسەی نەستەقی ئەو کۆمەڵگەیە، لەو نیگارانە دەتوانین ئاماژە بە وێنەیەك بکەین کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە و وێناکردنی شوانێکی فەرەنسییە کاتێك لەوەڕ بە شاە ( لیودیڤیگ )ی شانزە دەکات بە شێوەی مەڕێك و لە خوارەوە بە تێکستێك هاوپێچ کراوە ( مایەپووچی کردم ، نازانم بەچی تێری بکەم ) کە لەو سەردەمە بە تیراژێکی بێ شومار لە چاپدراو بڵاوکرایەوە .
لە نێو نیگارە میللییەکانی روسیادا بەهەمانشێوە گاڵتەجاڕییەکی زۆر بە قەیسەری وڵات کراوە کە هونەرمەندێکی نەناسراو وێنای قەیسەر دەکات لە ناو تابوت بە رووخساری پیشیلەوە ( هەر لە راستیدا روخساری بە پشیلە چووە) و پۆلێك مشك بەرەو گۆڕستانی دەبەن بۆ ناشتن، هەروەها لە وێنەیەکی تردا گاڵتە بە(کاترین) ی دووەمی شاژن دەکات و کاریکاتێرەکان زۆرجار سنووری کەسایەتییەکانی تێپەڕاندووە بۆ خێزانەکانیشیان. وێنەگەرایيە گاڵتە ئامێزەکان بە شێوەیەکی بەرفراون لە جەنگ و ململانێیە سیاسی و ناوخۆیی بەکار دەهێنران و بە تایبەتی لە شۆڕش بورژواکانی هۆڵەندا ( 1566 - 1609 ) دژ بە حوکمی ئیسپانییەکان بە سەرکەردایەتی ( فیلهلم ئۆرنیای یەکەم ) و جەنگی جوتیارانی ئەڵمانیا لە ساڵی ( 1524 - 1526 ) و جەنگی چاکسازیی ئایینی بە رابەرایەتی ( مارتن لۆثەر ) دژ بە کەنیسەی کاثۆلیکی و ڤاتیکان لە ساڵی 1517 .
سەرجەم ئەو قۆناخە مێژوویانەی کە باسکران ناکرێت وەکو هونەری کاریکاتێری و بە هەمان بنەماکانی ئەم هونەری ئەم سەردەمە بناسرێن بەڵکو وەرچەرخانی راستەقینەی هونەری کاریکاتێر لە سەدەی شانزەی ئەوروپییەکان دروستبوو وەکو هونەرێکی سەربەخۆ و بەشێکیش لە هونەریی شێوەکارییی، تا پێش سەردەمی ریسانس هونەری کاریکاتێر بە هونەرێکی سەربەخۆ و ئاست بەرز نەناسرابوو بە چاوێکی جدییەوە تەماشای نەدەکرا لە لایەن هونەرمەندان و هونەر دۆستان، تا سەرەتاکانی ریسانس شتێك نەبوو بە ناوی هونەری کاریکاتێرەوە ، ئەگەرچی بناغەی ئەم هونەرە لەو سەردەمەدا بونیاد نرابوو کەسایەتییەکی هونەریی بەخشی بەخۆی و رەگەزەکانی زیادەڕەویی و گاڵتەجاڕی رەنگیدا بۆیەوە لە کاری هونەرمەندە ناودارەکانی ئەو سەردەمە، ئەوانی لە هەوڵی دەرچوون بوون لە تەریبی پێوانە هونەرییەکانی قوتابخانەی کلاسیکی شێوەکاریی و پەیرەوانی جوانیی زانیی و پابەندبوون پێوەی، وەکو یاسایەکی پیرۆز مامەڵەیان لەگەڵ



شاه ( ليوديڤيگ )ى شانزه

كاريكاتێرێك لەسەر پاپا 1503



كاريكاتێرێك لەسەر پاپا 1545



دەکرد ، دیارترین ئەو هەوڵانە لە سکێچەکانی هونەرمەندی ناوداری نیگارکێشیی و ئایکۆنی هونەریی هەموو سەردەمەکان (لیۆناردۆ داڤنشی) بوو کە هەنگاوی سەرەتایی نا بۆ دەربازبوون لە بنەماکانی قوتابخانەي کلاسیك و کۆمەڵێ کاری ناوازەی لە دوای خۆی بۆجێهێشتین وەك سکێچی سەری ( یەهودا ) کە شارەزایان بە یەکێك لە هەوڵەکانی داڤینشی دایدەنێن بۆ مۆدێلی یەهودا لە تابلۆی (دواهەمین شیو) کە بە شێوەیەکی نەرم زیادەڕەویی لە لووت و چەناگە و لۆچی رووخساری یەهودای کردووە ، بەڵام زیادەڕەویی تەواو لە نیگاری پێنج سەرەکە بە روونی هەوڵەکانی دەردەخەن بۆ رەها بوون لە بنەماکانی ئەو سەردەمە ، هەرچەندە ئەو هەوڵانەی داڤینشی بۆ گاڵتەجاڕی نەبوون، بەڵکو هەوڵێك بوون بۆ دۆزینەوەی رێچکەیەکی نوێ بۆ زیادەڕەویی کردن لەسەر بنەماو پێوانەی هونەریی نوێوەو دوورکەوتنەوە لە قەبەکردنی بێ بنەما و نا پێوانەیی و بە یەکەمین هەوڵی بوونیادنانی شێوکاریی کاریکاتێریی دادەنرێت لە مێژوودا ، ئەم هەوڵەی داڤینشی بەو پێیەی یەکێکە لە نیگارکێشە بێ هاوتاکانی سەردەمی خۆی و سەردەمەکانی دواتر وایکرد کە شێوکارانی بلیمەتی تر بێ ترس و پەروا دەست بۆ ئەم رێچکە تازەیە بەرن و تابۆی ئیستاتیکا بشکێنن ، لێرەوە بوونیادی هونەری کاریکاتێر دامەزرا و دەموچاوە کاریکاتێرییەکان دەرکەوتن لە تابلۆی هونەرمەندە کلاسیکییەکان .

زیادەڕەویی لـــــــە سەرجەم کارەکانی ( هێرینۆم بوش 1460 - 1516 ) گەیشتە لووتکە و زۆربەی بابەتی تابلۆکانی لە ئینجیلەوە سەرچاوەیان گرتبوو و بەمەبەستی گاڵتەجاڕی نەکێشرابوون وەکو(هاوسەرگیری لە قاناو ریشەکێشی بەردی گەمژەیی و حەوت گوناە 1475 - 1480 )، رەگەزی زیادەڕەویی بە روونی لـە تابلۆی ( هەڵگرتنی خاچ 1510 ) دەردەکەوێت لە رووخسار و دەموچاوی کەسایەتەکانی دەوروبەری مەسیح ، هەروەها کاراکتەرەکانی تابلۆی( گوڵبەندی دڕکاوی سەر مەسیح 1480 - 1500 ) سەرجەمیان کاریکاتێریین و پێوانەی کاریکاتێریی داڤینشییان پێوەدیارە ، لە بەشێکی بەرچاوی تابلۆکانی بۆش دەستی بردووە بۆ گاڵتەجاڕی و تەنز بۆ نموونە تابلۆی ( مردنی پیسکە 1490 - 1500 ) کە وێنای پیرێکی رەزیل و پیسکەیە پارە دەخاتە سنووقەکەی و فریشتەیەك بە دەست ئاماژە بۆ پەیکەری مەسیح دەکات و فریشتەی مەرگیش لە هەوڵی چەقاندنی نیزەی ڕمی مەرگە لە جەستەی پیرەمێردەکە ، ئەم تابلۆیە



بوش - مردنی پیسكە 1490 - 1510



دافینشی



بوش - كاراكتەرەكانی تابلۆی هەڵگرتنی خاچ 1510

هەرچەندە بە رواڵەت مامڵە لەگەڵ هێما ئایینیەکان دەکات ، بەڵام لە راستیدا کارکردنە لەسەر دیاردەی
پیسکەیی و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نەرێنی بووەو نزیکە لە روحی کاریکاتێریستەکەوە هەرچەندە ستایلی کارەکە تەواو کاریکاتێری نییە بەڵام بنەمای کاریکاتێری تێدایە لە رووی بەکارهێنانی چەمکە دژ بە یەکەکان.
لە تابلۆی جادوگەر کە بە کارە هونەرییە سەرەتاییەکانی بۆش هەژمار دەکرێت کۆدەنگییەك هەیە لە لایەن شارەزایان کە بابەتەکەی تەنزئامێزەو تابلۆکە وێنای جادوگەرێك دەکات کە سەرنجی هاوڵاتیان بە لای خۆیدا رادەکێشێت و شاگردەکەی خەریکی بڕینی گیرفانیانە، لێرەدا بۆش گاڵتە بەو هاوڵاتییانە دەکات کە کەوتوونەتە داویی ئەو جادوگەرە قوڵبڕە بە چەند یارییەکی سادە و سەرنجڕاکێش کە خەریکی دزینی پارەکانیانە ، رەگەزی زیادەڕەویی لە زۆربەی کارە هونەرییەکانی بۆش بەدی دەکرێت بەڵام ناکرێت هیچ کامێکیان بە کاریکاتێر ناو ببرێت، چونکە زیادەڕەوییەکانی ئەو زیاتر خەیاڵێکی سوریالین و هەوڵەکانی بە بنەما سەرەکییەکانی سوریالیزم دادەنرێت و جاربەجار بە باوکی سوریالیزم ناوەزەد دەکرێت .
کە باس لە بۆش بکرێت پێویستە باس لە یەکێك لە هونەرمەندە هوڵەندییەکان بکەین کە زۆر کاریگەریی ستایلی (بۆش)ی لەسەر هەبووەو ئەویش (بریغیل)ە ( 1525 - 1569 ) کە زیادەڕەویی زۆر لە ئیشەکانیدا هەبووە ، بۆ نموونە تابلۆی ( ململانێی جەژن و رۆژو 1559 ) کە پڕە لە کاراکتەری کاریکاتێری وهەروەها تابلۆ بە ناوبانگەکەی ( پەندە پێشینەکانی هوڵەندا 1559 ) کە بە ئینسکلۆپیدیای پەندەکانی هۆڵەندا دادەنرێت و خۆی زیاتر لە 100 نیگار دەگرێتەوە و هەر یەکەیان وێنایەکە بۆ پەندێکی میللی هوڵەندی و تابلۆی ( یاریی مناڵان 1560 ) وێنایەکە بۆ 80 جۆری یاریی مناڵانی ئەو سەردەمە و سەرجەم رووخساری مناڵەکان بە شێوەیەکی زیادەڕەویی کاریکاتێری کێشراون ، بەشێك لە تابلۆکانی ( بریغیل ) بابەتەکانیان گاڵتەجاڕی تەواون ، وەکو ( ئاوایی تەمەڵەکان 1567 ) کە وێنای سەربازێك و جووتیار و قوتابییەك دەکات کە لە ژێر مێزی نانخواردن راکشاون و ڕم و پاچ و کتێبەکان لە دەوروبەریان فڕێدراوە ، هەروەها تابلۆی (هەڵاتوو لە دەست خەڵك 1568 ) کە وێنای مناڵێکە بە رووخسارێکی کاریکاتێری

خەریکی بڕینی گیرفانی پیرەمێردێکە ولە ژێرەوە نووسراوە : ( لەبەرستەمی ژیان بەرگی خەمناکی دەپۆشم) بریغیل- یش وەکو بۆش تەنها مەیلی سوریالیزمی هەبووەو بە یەکێك لە باوکی سوریالییەکان دادەنرێت و بەرهەمە هونەرییەکانی ناچێتە خانەی کاریکاتێرەوە ئەگەر چی وەکو هەوڵ و سەرەتایەك بۆ داکوتینی


بیریغل - یاریی منالان - 1560


بیریغل - پەندە پێشینەکانی هۆڵەندا 1559

پایەی هونەری کاریکاتێر هەژمار دەکرێن .لە نێو هونەرمەندە ئەڵمانییەکانیشدا شێوەکارانێکی زۆر هەن کە بە پێشەنگی ریسانسەکان دەژمێردرێن کە زیادەڕەویی لە تەکنیك و گاڵتەجاڕی لە بابەتەکانیاندا بوونی هەبووە بەتایبەتی کاری گرافیکی، وەکو(شونگاور 1430 - 1491) و (ئەلبریشتیت دۆریر 1471 - 1580) بە تایبەتی تابلۆی (سێ جووتیار 1497 ) و هەروەها ( گولبین 1497 - 1543 ) خاوەن زنجیرە شێوەکارییەکانی (مەدیحەکانی گەمژەیی) و(شێوەکانی مەرگ ) کە وێنای فریشتەی مەرگە بە نەی ژەنینەوە پیرمێردێك بەرەو مردن دەبات لە حاڵەتێکی زۆر کۆمیدی پڕ تەنزئامێزدا ، هەروەها لە کارەکانی خێزانی کاراتشی و بە تایبەت هانیبال کاراتشی ( 1560 - 1650 ) کە شارەزایان باس لەوە دەکەن کە یەکەمین کەس بوون بە مەبەستی پێکەنین و گاڵتەجاڕی وێنەیان کێشاوە ناویان لە ناوەندی کاریکاتێریدا بەردەوام باسدەکرێن ( نوسەری کتێبەکە بە هیچ شێوەیەك باسی لێوە نەکردوون !) .

( بییر لیۆنیە گوتسی 1674 - 1755 )ی شێوەکارو ئاسەوار ناس و میۆزیسیان و پزشك و بازرگان ، یەکێك بوو لە هونەرمەندە سەرەتاییەکانی دامەزرێنەنی پایەکانی هونەری کاریکاتێر وەك هونەرێکی سەربەخۆو خاوەن کەسایەتی و ستایلێکی تایبەت بەخۆی بووە، گوتسی زیاتر لە 3000 وێنەی کاریکاتێری لە دوای خۆی جێهێشتووەو شارەزایان بەسەرەتای مێژووی هونەری کاریکاتێر دایدەنێن . هاوکات لەگەڵ گوتسی هونەرمەندی هۆڵەندی ( ئەدریان ئۆستادی 1610 - 1686 ) زیادەڕەویی بە ستایلی شێوەکارییەکەیەوە دیار بوو وەکو تابلۆی ( شەڕ 1637 )و ( مەیخانە ) و لە هەموان تایبەتتر زنجیرەی (هەستە پێنجەکان) ە کە ( بینین ) بە وێناکردنی داپیرەیەك سەری نەوەکەی لە ئەسپێ پاکدەکاتەوە ، ( بیستن ) وێناکردنی مناڵێکە بە دەنگێکی بەرزی بێزارکەر نامەیەك دەخوێنێتەوەو گەنجێکی میۆزیکژەن سەری لێ دوور دەکاتەوەو پیرەژنێك گوێچکەی لە مناڵەکە نزیك دەکاتەوە، (بۆنکردن) وێناکردنی داپیرەیەکە پەڕۆی نەوەکەی دەگۆڕێت و پیاوێك لەبەر پیسی بۆنەکە لووتی بە توندی گرتووە، (تامکردن) وێنای کۆمەڵێ جووتیارن کە دەخۆن و دەخۆنەوە، بریغیل لە بەشێکی زۆری پۆرترێتەکانیش ستایلی زیادەڕەویی و کاریکاتێری تێدا بەرجەستە بوو بوون ، بۆ نموونە (پیرەمێرد بەر پەنجەرە) و (میوزیك ژەنی گەڕۆك) و (جگەرە کێش) و دەیان کاری تر،



شونگاور جووتیارەکان



دورێر - سێ جووتیارەکە 1497



گوتسی



گولبین شێوەکانی مەرگ

بەهەمان شێوە کارەکانی ئۆستادی بە بونیادنەری مێژووی کاریکاتێر ناودەبرێن .
لە کارەکانی هونەرمەندی بەناوبانگی هوڵەندی (یاردانیس 1593 - 1678) ستایلی کاریکاتێری لە کارەکانی بەدی دەکرێن بە تایبەتی سکێچە سەرەتاییەکانی ساڵانی 1655 ، کە لێکۆڵەوەران بە سکێچی سەرەتایی بۆ تابلۆیەکی ئەم هونەرمەندە دادەنێن بەناوی (بت دروست مەکە ) کە لە ناوەڕاستی تابلۆکە نوسراوە : ( کامیان باشترە ، مرۆڤێك بکەی بە ئاژەڵ، یان ئاژەڵێك بکەی بە خودا ؟ ) ، ئەم تێکستە لە سەر ئەو سەکۆیە نووسراوە کە قەشەیەك لەسەری وەستاوەو لە لای چەپییەوە کۆمەڵێك گوێرەکەیەکی ئاڵتونی دەپەرستن و کەسێك لە شێوەی خواوەندی شەرابی یۆنانی کۆمەڵێ پیاوی لە دەور کۆبوونەتەوە و ئەوەندە سەرخۆشن کە گەیشتوونەتە حاڵەتی ئاژەڵ ئاسا ، هەروەها ( دیبینبیك 1596 - 1675 )ی هۆڵەندی لەوکارانەی کە لە ئەفسانە یۆنانییەکانەوە وەری گرتبوون ستایلی زیادەڕەویی بە کار دەهێنێت وەکو تابلۆی (دیۆنیسی خەوتوو) بەهەمانشێوە ( برامیر 1595- 1674 )ی هوڵەندی لە تابلۆی (وێنایەك لە ئینجیل) ستایلی دەموچاو سازی و پێوانە کاریکاتێرییەکانی قەبەکردنی دەموچاوی پێوە دیاربوون وەکو.
( جاك کالۆ 1592 - 1635 )ی فەرەنسی یەکێکە لە بەناوبانگترین هونەرمەندانی سەردەمی خۆی کە وێنەی تەنزئامێزو خەندەداری کێشابێ، بە تایبەتی زنجیرە نیگاری ( پشت کۆم )کە کاری لەسەر کەم ئەندامیی کردوون لە 1622 ، هەروەها زنجیرەی (نەهامەتییەکانی جەنگ 1632 - 1633)، بەهەمانشێوە هونەرمەندی هۆڵەندی ( ویلیەم بیتیڤێ 1592 - 1624 ) ئەگەرچی شێوەکارێکی تایبەت بە وێناکردنی سرووشت بوو ، بەڵام کۆمەڵێك کاری هەیە کە وێنای ژیانی جووتیاران و چینی بۆرژواکانی کردبوو ، بە تایبەتی تابلۆی (کۆمەڵگەیەکی دڵخۆش) وێنای منالانی چینی بۆرژوای کردبوو بە جلوبەرگێکی گرانبەها و لەسەر قەنەفە جوانەکانیان راکشاون و سەرجەم کاراکتەرەکان خاوەنی لووتێکی کاریکاتێری درێژن ، جگە لەوە ( بیتیڤێ ) وێنەی بۆ شانۆگەرییە کۆمیدیەکانی (بریدێرۆ) کێشاوە، ناوبانگیشی بەو کارانە دەرکرد کە بۆ کۆمیدیای(لۆسیلا) ئەنجامیدابوو .
دەکرێت بڵێین کە لە کۆتاییەکانی سەدەی شانزەو سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەوە ، شتێك هەبووە بە ناوی هونەری کاریکاتێرو تەواوی ئەو نموونانەی کە باسکران ئەگەرچی تەواوی بنەماکانی کایکاتێریان تێدا نەبوو بەڵام بە قۆناغی دروستکردنی

پایەکانی ئەم هونەرەو لە دایکبوونی ستایلێکی کاریکاتێری تایبەت بەم هونەرە دادەنرێن و کۆکراوەی هەوڵی ئەو هونەرمەندانە لە شوێن و سەردەمە جیاوازەکان رۆڵێکی گەورەیەیان هەبوو لە دەرچوون لە ئیستاتیکاو بەفۆرمە کردنی هونەرێکی نوێ بە ناوی کاریکاتێر .



ئۆستادی - تابلۆی شەڕ - 1637



ئۆستادی - تابلۆی مەیخانە



جاك كالو



جاك كالو - پشت کۆم

Source gallica.bnf.fr / Bibliothèque na




جاك كالو 1617

Source gallica.bnf.fr / Bibliothèque nationale de Fra

# قۆناغەکانی هونەری کاریکاتێر لە ئەوروپا




تۆماس رۆلاندرسۆن 1816

سەدەی حەڤدە، سەردەمی کۆتایی پایە دامەزراندنی هونەری کاریکاتێر بوو، وردە وردە دونیابیینی ئەم هونەرە روونترو بەرجەستەتر دەردەکەوتن، کەم کەم هەوڵە رێچکە شکێنەکانی هونەرو کۆمەڵایەتی تۆختر دەبوونەوە و بۆچوونەکانی جوانیی موتڵەق و قەتیز بوون لە بازنەی سێبەرو رووناکی کاڵتر دەبوونەوەو تەنزو گاڵتەجاڕی جێگایان دەگرتنەوە، ( ئەلیساندرۆ مانیاسکۆ 1667 - 1749) ی ئیتاڵی پاڵەوانی ئەم گۆڕانکارییە هونەرییە بوو ، مانیاسکۆ لە ژێر کاریگەریی هەژموونی (جاك کلۆ)ی فەرەنسی بوو و وێناکاریی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی ئیتاڵییەکان دەکردو کۆمیدیا تراژیدی یاخود (تەنزی ڕەش) تایبەتمەندی نیگارەکانی بوون، کارەکتەرکانی باریك و درێژ بوون بە شێوەیەکی کە جێگای پێکەنین و گاڵتە پێکردن بوون ، رەگەزی زیادەڕەویی و گاڵتەجاڕیی زۆربەی هونەرمەندانی ئەم سەردەمە بە مەبەستی رەخنەگەرایی نەبوون ئەوەندەی بۆ پێکەنین بوون ، تا قۆناخی هونەرمەندی ئینگلیزی ( ویلیام هۆگارت 1697 - 1764)، کە بە دامەزرێنەری رەوتی رەخنەگەریی کۆمەڵایەتی هونەری ئەوڕوپی دادەنرێت و کۆمەڵێ زنجیرەی زۆری کێشاوە کە سەرجەم کارەکانی رەخنە بوون لەو دیاردە نەرینیانەی کە خزابوونەوە ناو کۆمەڵگەی ئەوروپی وەکو ( پیشەی لەشفرۆشی 1730 - 1731 ) کە زنجیرەك کاری بۆ ئەنجامدا ، دیاردەی ( دەست بڵاویی 1732 - 1735 ) و دیاردەی ( هەڵبژاردن 1755 ) . ئەگەر لەسەر یەکێك لە کاریکاتێرەکانی هەڵبژاردن هەڵوەستە بکەین، دەبینین کە کەسی پاڵێوڕاو بە کورسییەوە لەسەر شانکراوە بۆ ئەوە نییە کە خەڵکی بیناسێت و زۆرترین جەماوەر ببینێت ، بەڵکو بۆ ئەوەیە نەکەوێتە بەر شاڵاو و تێڵای جەماوەر ، بە کارهێنانی هێماکان لەسەر بەرکی شڕی جەماوەر و رێك پۆشی و قەڵەویی نوێنەر ئاماژن بۆ ململانێی چینایەتی و زۆریی مەودای نێوان ژیانی ئەو دوو چینە ، (فرانسیسکۆ گۆیا 1764 - 1828)ی ئیسپانی کە هاوزەمانی هۆگارت بوو، بە خاوەنی خاڵی وەرچەرخان هەژمار دەکرێت لە هونەری کاریکاتێر بە هێنانی بنەمای تازەگەری لە مامەڵەکردن لە گەڵ بیرۆکە و توندیی لە دەربڕین و نووکی تیژی رەخنەکانی و بەرفراوانی خەیاڵی وێناکارییەکانی ، (گۆیا) مامەڵەی تیرو تەسەلی لەگەڵ دیاردە قیزەونەکانی کۆمەڵگەی خۆی دەکرد و تیری رەخنەکانی ئاڕاستە دەکردن ، تەنها لە ساڵی ( 1799 ) زیاتر لە 80 کاریکاتێری رەخنەگەریی هەبووە،

(گۆیا) لە زۆربەی کاریکاتێرەکانی سوودی لە تێکستی ئەدەبی وەرگرتووەو لە ژێر کاریکاتێرەکانی داینراون وەکو دایەلۆگ نا ، بەڵکو وەکو دەوڵەمەندکردنی کاریکاتێرەکەی و فراوانکردنی مەوداکانی بیرۆکەکەی، لە کاریکاتێری (چ قوربانییەکەك) گۆیا نمونەیەکی رەخنەکانی ئاڕاستەی دیاردەی بە شوودانی زۆرەملێی کچانی خێزانە بێ دەرامەتەکان دەکات بە پیاوانی پیری دەوڵەمەند و پیاوەکان بە شێوەیەکی ناشیرین و ناڕێك و نابووت و کورتەباڵای پشت کۆم وێنا دەکات و کچەکەش بە قەد و باڵایەکی بەرزو لەش و لاریکی رێك دەکێشێت و ئەم تێکستەش لە ژێرەوە دادەنێت : ( وەکو هەموو جارێك ، زاواکە سەرنجراکێش نییە بەڵام پارەدارە ، لەسەر مەینەتی ژیانی کچان ، خێزانەکان بەختەوەری بۆ خۆیان بەدەست دەهێنێن، ئیتر ئاوهایە ژیان) سەرخۆشی و لەشفرۆشی و بێ دادیی، ئەو چەمکانەی کە گۆیا زۆرترین کاری لەسەرکردوون ، لە کاریکاتێری ( لەم تۆز و گەردە ) گۆیا تیری ڕەخنەکانی ئاڕاستەی پیشەی لەشفرۆشی دەکات و لە ژێر کاریکاتێرەکەی ئەم پەندە میللییە بەکاردەهێنێت ( لەم تۆز و گەردە ئەم پیساییە کۆدەبێتەوە ) وێنای لەشفرۆشێك دەکات کە کۆتکراوی و بەشی سەرەوەی جەستەی رووتە سواری گوێدرێژێك کراوە بە ناو بازاڕدا دەیگێڕن (وەکو لەو



گۆیا - کاریکاتێری چ قوربانییەك



گۆیا - کاریکاتێری لەم تۆزو گەردە

سەردەمەدا باو بوو)، لە کاریکاتێری( لێرەدا نەدەکرا هیچ بکرێت) کە تەواوکەری کاریکاتێری پێشووە ، وێنای دادگایی کردنی لەشفرۆشەکەیە بەڵام لە ژێرەوە ئەم تێکستەی داناوە : (چ نەنگییەکە، بەم شێوەیە پاداشتی ئەم ئافرەتە دەست و دڵ باشە دەدەنەوە کە بەرامبەر برێ پارە خزمەتی هەمووانی کردووە و بە خزمەت و بەسوود بووە ، چ نەنگییەکە! ). لێرەدا یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ستایلی گۆیا دەردەکەون کە هێماگەری و مانا شاراوەکانە لە دەربڕینی بیرۆکە و دەرهێنانی کاریکاتێرەکانی ، بۆیە کاری گۆیا پێویستی بە هەڵوەستەی چاو و تێڕامانی بیرکردنەوەیە ، بۆ نموونە لە کاریکاتێری ( گۆزەکە شکا ) وێنای دایکی تۆڕە دەکات کە بە تاکە پێڵاو لە سمتی رووتی منداڵەکەی دەدات و ئەم تێکستە پڕماناو قووڵەی داناوە ( کوڕەکە لاسارەو دایکیش توڕەی دڵڕەق، ئایا کامیان خراپترە ؟) ، یەکێك لە کارە جوانەکانی گۆیا کاریکاتێری تەنزئامێزی ( لە خێزانێکی خانەدان) کە وێنای ئافرەتێکی ناشیرینە و یەکێك وەسفی خانەدانیی باوك و باپیر و باپیری باپیری بوکێ بۆ داواکارەکەی دەکات ، تا ئێرە وێناکە ئاساییە بەڵام گۆیا زیرەکانە بە سوود وەرگرتن لە تێکستێکی تەنزئامێزو پڕ مانا وێناکردنەکە سەروژێر دەکات: ( لێرەدا لە هەوڵی شیرین کردنی بووکێن بە خانەدانیی باوك و باپیرو باپیری باپیری، بەڵام بووکێ کێیە، زاوای نەگبەت دواتر ئەو نەهامەتییەی بۆ دەردەکەوێت .

کاریکاتێرەکانی گۆیا تەنها رەخنە لە دیاردە نەرێنییەکانی کۆمەڵایەتی نەبوون، بەڵکو شێوەی ئامۆژگاری ئەخلاقیشی گرتبووەخۆ، ئەگەر ( هۆگارت ) ی ئینگلیزی بوونیادنەری کاریکاتێری رەخنەگەریی کۆمەڵایەتی بووبێ، ئەوە (گۆیا) ی ئیسپانی بوونیادنەری کاریکاتێری رەخنەگەریی ئەخلاقییە ، بە کارهێنانی هێما گەریی و مانای شاراوەو بەکارهێنای تێکستی چەند لایەنە تازەگەرییەکەی (گۆیا) بوو کە بنەمای هونەری کاریکاتێری لەسەر دروست بوو.

# قۆناغەکانی هونەری کاریکاتێر لە بەریتانیا



ویلیەم هۆگارت - دەموچاو سی 1743

لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا، کۆمەڵێك هونەرمەندی ئینگلیز دەرکەوتن، کە بە دروستکەری کاریکاتێری مۆدرێن دادەنرێن وەکو هونەرێکی سەربەخۆ و خاوەن ستایل و تەکنیك و دونیابینی تایبەت بە خۆیان و کە لە هیچ هونەرێکی ئەدەبی و شێوەکاری تردا نەچێت، لەگەڵ ئەوەی کاریگەریی هەژموونی هۆگارت و گۆیا (کە لە بنەڕەتدا دوو شێوەکار و نیگارکێشی پۆرترێت بوون ) یان لەسەر بوو ، بەڵام ئەم نەوەیە تەنها کاریکاتێریست بوون و بە رەخنەی تەنزئامێز ناوبانگیان دەرکردبوو و بە گاڵتەجاڕییەکانیان ناسراوبوون . لە سەرووی هەموویانەوە هونەرمەندی ئینگلیزی ( تۆماس رۆلاندسون 1756 - 1827 ) بوو ، هەروەها ( هینری بانبیری 1750 - 1811 ) و ( جەیمس گیلیری 1757 - 1815 ) و (هینری فیگیستید ؟ - 1800) و ( جۆرج وودوارد 1760 - 1809 ) و ( جۆن نیکسۆن ؟ - 1818 ) و ( ریتشارد نیوتن 1777 - 1798 ) .

ئەو هونەرمەندانە هونەری کاریکاتێریان کرد بە هونەرێکی خاوەن مۆرکێکی تایبەت بە خۆی و لە شەقامە جەنجاڵەکانی شاری لەندەن ژمارەیەکی زۆر لە کارەکانیان هەڵدەواسی و نمایشیان دەکرد، بابەتی کاریکاتێرەکان هەمە جۆرە بوون، هەر لە سیاسەت و کۆمەڵایەتی تا رووداوە ئابڕووبەرەکانی سیاسەتمەدار و ناوداران و هونەرمەندانی نواندن و پەیوەندییە سۆزدارییەکانی خێزانی پاشایەتی تا شەڕ و کێشەکانی مەیخانەکان و قومارخانە و دەمەقاڵێیەکانی نێو هۆڵی پەرلەمان و گەندەڵی و دزییەکانی پیاوانی دەوڵەت و داروودەستەکانیان . ئەم کاریکاتێرە گەرم و ئابرووبەرانەی کە رۆژانە هەڵدەواسران لە شەقامەکان، بینەرێکی بێ شوماریان لە خۆ کۆکردبووەوە و رۆژ بە رۆژ کێرڤی هەوادارانی بەرەو سەروە دەچوو ، فۆدڤارد لە یەکێك لە کاریکاتێرەکانی وێنای قەشە و ئەفسەرێك دەکات کە کاریکاتێریان لەسەرکراوە، ئەفسەرەکە بە قەشەکە دەڵێت : ( خۆت نارەحەت مەکە قوربان، ئێرە لەندەنەو هیچ شتێك سەیرنییە لێرە ، تەماشاکە بە جلێکی سەربازی ئاسایی وێنایان کردووم و لەگەڵ ئەوەشدا ئارامم ، ئەمانە تەنها بۆ گاڵتە پێکرن بە خەڵکی باشن و هیچی تر) .

رۆلاندسون لە زۆربەی کاریکاتێرەکانیدا رەخنەی توندی ئاڕاستەی کەسە

قێزونەکانی کۆمەڵگەکەی دەکات و دەزگای یاسا و دادی وڵاتەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و کەسە گەندەڵ و مشەخۆرەکان بە سیما و رواڵەت دەستنیشان دەکات ، بەرتیل و مەحسوبیەت ، گەندەڵی و دزینی سامانی گشتی ، دیاردەگەلێکن کە بە توندی رووبەڕویان دەبێتەوە ، لە کاریکاتێرەکانی رۆلاندسون دەتوانین کۆمەڵێك نموونە وەربگرین کە تیشك دەخاتە سەر هەنگاوەکانی دروستبوونی هونەری کاریکاتێر و گۆڕینی رەخنە بە هێڵکاری و میکانیزمی مامەڵە کردنی کاریکاتێریست لەگەڵ بابەتدا، بۆ نموونە لە کاریکاتێری (عەسعەس) پاساوانی شەو، کۆڵانەکان دەگەڕێت بە چرایەکەوە و لە پشتەوە دوو کەس خەریکی دزیین و لەشفرۆشێك سەرگەرمی مامەڵەکردنە لە ئارەزووبازێك و گوێ نادەن بە بوونی پاسەوانەکە لە کۆڵانەکەدا ، کاریکاتێری ( دەشێت هەموو کەسێك ببێت بە ئەفسەر) وێنای کەسێکی نابووتی کورتە باڵا دەکێشێ کە شمشێرەکەی لە خۆی درێژترە و سەرو سیمای بۆ ئەو ئیشە ناگونجێت ، لێرەدا رۆلاندسون گاڵتە بەو کەسانە دەکات کە هەڵپەی پۆست و نازناو دەکەن و شیاوی ئەو پۆستانەش نین، لە کاریکاتێری( لە سەر مێزی قومار) وێنای دۆڕاوەکان بە سیمای ناڕەحەتییەوەو براوەکان دڵخۆشن و چاودێری مێزەکە لە حاڵەتێکی ئامادەباشییە بۆ ئەگەری شەڕ هەڵگیرسان و خەڵکانی دەوروبەری مێزکە لە چاوەڕوانیدا تا بزانن کۆتایی ئەم یارییە بەرەو کوێ دەچێت، کاریکاتێرەکە پڕە لە هەست و سیمای جیاواز کە بەئاسانی لەهەستی کاراکتەرەکان تێدەگەیت(گۆڕینی وشە بە هێڵ بۆ بەخشینی مانا تایبەتمەندییەکی هونەری کاریکاتێرە)، رۆلاندسون یەکێکە لەپڕ بەرهەمترین کاریکاتێریستانی سەردەمی خۆی و کاریکاتێرەکانی لە بازنەی رەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان بینیوەتەوە .

یەکێك لە ئایکۆنەکانی هونەری کاریکاتێری ئینگلیزەکان ( جەیمس گیلیری 1757 - 1815 )ە ، گیلیری بە رەخنە کۆمەڵایەتییەکانی و دژایەتی کردنی دیاردە قێزەونەکانی کۆمەڵکەکەی بەرهەمێکی زۆری کاریکاتێری نایابی لە دوای خۆی جێهێشتووە . بەڵام جیاواز لە رۆلاندرسون ، گیلیری ناوبانگی بە دژایەتیکردنی (ناپلیۆن پۆناپەرت) دەرکردبوو و یەکێك بوو لە دوژمنە هەرە سەرسەختەکانی پۆناپەرت . لە کاتێکدا هونەرمەند (جۆن نیکسۆن ؟ - 1818 ) زیاتر کاری لەسەر دیاردە نەرینەکانی کۆمەڵایەتی و رووداوە تەنزئامێزەکان دەکرد، هەروەها (ریتشارد نیوتن 1777 - 1798) کە لە تەمەنی 21 ساڵیدا کۆچی

دوابیکرد، لەگەڵ ئەوەشدا توانیی لەو ماوە کورتەی ژیانیدا بەرهەمی کاریکاتێری نایابی بۆ جێهێشتووین ، ( هینری بانبیری 1750 - 1811 )و(هینری فیگیستید ؟ - 1800) بەهەمان ستایل و مامەڵەکردن لەگەڵ هەمان بابەتەکاندا بەرهەمی کاریکاتێرەکانیان لە شەقامە جەنجاڵەکانی لەندەن دا هەڵدەواسی و رووماڵی دیاردەکانی رۆژانەی کۆمەڵگەکەیان دەکرد . ( جۆرج وودوارد 1760 - 1809 ) هونەرمەندێکی جیاوازی ئەم قۆناغە بوو و ناوبانگی بە کێشانی پۆرترێتی کاریکاتێری ( دەموچاوسازی ) دەرکرد و بە کاریکاتێریستە سەرەتاییەکانی ئەم شێوازە دادەنرێت لە هونەری کاریکاتێردا .


ریتشارد نیوتن


تۆماس رۆلاندرسۆن


جەیمس گیلیری


جۆرج وودوارد

# قۆناغەکانی هونەری کاریکاتێر لە فەرەنسا

هینری دۆمیێ - 1832 ئەو کاریکاتێرەی دۆمیێ لەسەر زیندانی کرا



فەرەنسییەکان یەکەمین میللەت بوون کاریکاتێریان وەکو چەکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکارهێنا بۆ سەرکەوتن لە ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و هەروەها لە جەنگەکان ، ئەگەر پێشتریش دژ بە کەنیسە و ڤاتیکان بەکارهاتبوو ، بەڵام کاتیی بوون و لەگەڵ ئارام بوونەوەی کێشمەکێشەکان دووبار داکشاون . بەڵام کاریکاتێری فەرەنسی قۆناغێکی جیاوازو پڕ بەرهەم بوو، بەو پێیەی بە هۆکاری ململانێی توندی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوخۆی وڵاتی فەرەنسا، بەهۆی ئەو لێکەوتانەی لەو ململانێیانە کەوتوونەتەوە لەنیوەی سەدەی هەژدەو نۆزدە ، کۆمەڵێك هونەرمەندی کاریکاتێری فەرەنسی دروستبوون کە خزانە نێو ئەو ململانییەو بەردەوامی لە رۆژنامەو بڵاوکراوەکانیان پڕ دەکردەوە بە کاریکاتێری سیاسی رەخنەگرانە، لەوانە (ترافیس و گاڤارانی 1804 - 1866)و (گراندڤیلێ 1803 - 1847 )و ( دۆرێ 1832 - 1883 )و (دۆمیێ 1808 - 1883 ) کە بەناوبانگ ترینیان بوو و بە باوکی هونەری کاریکاتێری سەردەم دەناسرێت .
( هينري دۆمیێ ) کاریکاتێریستێکی بە توانا و بلیمەت بوو ببووە ئایکۆنێکی مێژووی هونەری کاریکاتێر دادەنرێت ، لە دوای شۆڕشی 1830ەوە دەستی بە کێشانی کاریکاتێری سیاسی کرد لە گۆڤاری ( کاریکاتێر 1830 ) کە ( شارڵ فیلیپیۆن ) دایمەزراند بوو، دواتر لە گۆڤاری ( شاریڤاری 1832 ) هەمان کەس دامەزرێنەری بوو، دۆمیێ کەوتە رەخنە گرتن و تانە لێیدان لە پاشا ( لویس فیلیپ ) و وەزیر و ئەندامانی پەرلەمانی فەرەنسی ، وێنەی زۆربەیانی کێشاو ناوی لێ نا (دەمامکەکان ) ، لە کاریکاتێری ( ورگی تەشریعی 1834 ) رەخنەی توندی ئاراستەی پەرلەمان کرد و بەردەوام بوو لە داکۆکی لە ئازادیی تاکە کەسیی و ئازادیی رادەربڕین و رەشبگیریی سیاسی ، بۆ نموونە لە کاریکاتێری ( ترسی نەماوە دەتوانن ئازادی بکەن ) وێنای پزشکێکی ناو زیندان دەکات کە پشکنین بۆ زیندانییەکی سیاسی مردوو یان لەسەرە مەرگدایە دەکات دەڵێت : ترسی نەماوە دەتوانن ئازادی بکەن) ، لە 1835 کە کاریکاتێری سیاسی قەدەغەکرا دۆمیێ پەنای بۆ کاریکاتێری کۆمەڵایەتی بردو تەواوی گۆشەو رەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگەی فەرەنسی خستە ژێر تیری رەخنەوە ، لە نێوان ساڵانی ( 1840 - 1841 ) زنجیرە کاریکاتێری ( رۆبیر ماکیر ) بڵاوکردەوەو کاری لەسەر سیاسییە

درۆزنەکان و بورژوازە کەڵەکباز کردو تەواوی درۆو فێڵ و گەندەڵی ئەم دوو چینەی ئاشکرا کرد، لە زنجیرەی (پیاوانی یاسا 1845) رەخنەی توندی ئاڕاستەی یاسای فەرەنسی دەکات تا ئەندازەی گاڵتە پێکردن ، هەروەها لە زنجیرەی ( پارێزەران و داکۆکی کاران 1851 ) تیشکی خستە سەر پارێزەرانی گەندەڵ ، شانبەشانی دۆمیێ، (گۆستاف دۆرێ) کە بە کاریکاتێری (جەماوەری پاریسی هەمەجۆر) و (باخچەی ئاژەڵانی پاریس) لە نێوان ساڵانی ( 1840 - 1850 ) دا ناوبانگێکی گەورەی دەرکرد ، هەریەکە لە(سێرفانتس) و (بەلزاك) و (دانتی) و هونەرمەندانی فەرەنسی تر، شوێن پەنجەیان لە هونەری کاریکاتێری سیاسی فەرەنسی جێهێشتبوو و بوون بە ئایکۆنێك لە دونیای هونەری کاریکاتێری سەردەم .

(گراندڤیلێ)ی کاریکاتێریستی فەرەنسی یەکێك بوو لەو هونەرمەندانی کە بە دژە بۆرژوا ناسرابوو ، ئەو بە زنجیرە کاریکاتێرەکانی تیری رەخنەو تەنزەکانی ئاڕاستەی ئەو چینە کردبوو، بە تایبەتی زنجیرەی( رۆژێکی یەکشەممە لە ژیانی بۆرژوازێکی فەرەنسی ) لە ساڵانی 1827بڵاویکردنەوە ، هەروەها لە زنجیرە کارکاتێری (هەرکەسەوە خۆشییەکی هەیە) . لە 1830 گراندڤیلێ شانبەشانی دۆمیێ لە گۆڤاری کاریکاتێری (کاریکاتێر) کاری دەکرد و لە کاریکاتێریستە بەرچاوەکانی لاپەڕەکانی بوو ، بە هەمانشێوە لە ( شاریڤاری 1832 ) دەست بەکاربوو تیری سوژەکانی گرتە خاوەن بانکەکان و بەڕێوەبەرە داراییەکانی تا 1835 کە کاریکاتێری سیاسی قەدغە کرا ، گراندڤیلێ روویکردە ئەنجامدانی نیگارکێشی بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی وەکو (سەرکێشییەکانی ئۆلیڤەر) ی سویفت و (رۆبنسۆن کرۆزۆ) ی دیڤۆ .

لە نیوەی سەدەی نۆزدە ، دەروازەی بۆ کۆمەڵێ هونەرمەندی فەرەنسی واڵا کرد وەکو (تولۆز لۆتریك 1864 - 1901)و (کاران دی ئاش)و (ستینلین) کە بە کاریکاتێری (ئەمڕۆ و سبەی 1894) کە دوو تابلۆیە، یەکەمیان کە ژن و پیاوێکی جووتیارن گاسن ئەگێڕن و دەرەبەگیش چاودێریان دەکات، وێنای دووەم جووتیارەکە دەکێشێت بەسەری دەرەبەگەکەوەو بە ناخی زەوییدا دای دەکوتێت، لەو قۆناغەدا چەندین کاریکاتێریستی بە توانا لە فەرەنسا پەیدا بوون و هەر یەکەیان ستایلی تایبەت بە خۆی هەبوو لە نێوان تەنز و گاڵتەجاڕی و رەخنەی تووند ، ( بیلۆتێل ) یەکێك بوو لەوانەی کارەکانی تەنزێکی رادەبەری تێدا بوو ، بۆ نموونە

كاريكاتێرى (خاوەن ماڵەكان 1871) كە وێناى گەدايەكى ورگنە خەريكى سواڵەو كاغەزێك بە ملييەوە هەڵواسراوە لەسەر نووسراوە (ئەم خاوەن موڵكە لە بير مەكەن، كە 6 خانووى هەيە بەڵام كرێچييەكانى كرێى نادەنێ ) .



دۆمیێ - 1833




گۆڤاری کاریکاتێر 1831




گۆڤاری شاریڤاری 1833

# قۆناغی هونەری کاریکاتێر لە رووسیا



ئەلیکسەندەرئەرلۆڤسکی - ناپلیۆن لە سەر دوورگەی هیلانە 1832

لە روسیا چەندین هونەرمەندی کاریکاتێریست هەبوون کە سەرگەرمی ئەم هونەرە بوون لەوانە (ئەلیکسەندەر ئەرلۆڤسکی 1777 - 1832) کە هونەرمەندێکی شێوەکار بوو، بەڵام لە بەشێك لە تابلۆ رەنگییەکانی لە سەر کانڤاس ستایلی گاڵتەجاڕی بە کار هێناوەو دیارترینیان تابلۆی (ناپلیۆن لە سەر دوورگەی هیلانە 1832) وەکو کاریگەرییەکی هێرشە داگیرکارییەکانی نابلیۆن بۆ سەر رووسیا لە 1812 ، جەنگ و پەلاماردانەکانی پۆناپەرت کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری بە سەر هونەری کاریکاتێر لە روسیا جێهێشت ، لە پاڵ جەنگەکانی تر وەکو جەنگی قیرەم و کاریگەرییەکانی پۆلیك هونەرمەندی تەنزئامێز دەرکەوتن وەکو
(ئەلیکسەندەر فینتیسانۆف 1780 - 1847) جگە لە بابەتی ناپلیۆن و گرنگییەی زۆر بە ژیانی رۆژانەی جووتیاری روسی دەدا و کاریکاتێری لەسەر ئەکردن وەکو (لەسەر تاوەر 1820 )و ( زاخارکا 1825 ) ، هەروەها ( ئیڤان تیریبینیۆڤ 1780 - 1815 ) کە جگە لە شێوەکاریی پەیکەرتاشیش بووەو لە نێوان ساڵەکانی 1812 - 1815 بە تایبەتی کاریکاتێری کێشاوە وەکو کاریگەریی جەنگی ناپلیۆن دژ بە روسیا، هەروەها ( شیملکۆف 1819 - 1890 ) و( سیرۆڤ 1865 - 1911 ) و ( فیدۆتۆڤ 1815 - 1852 ) تا دەگاتە ( ستیبانۆڤ 1807 - 1877 ) کە بە لوتکەو ئایکۆنی هونەری کاریکاتێری روسی دادەنرێت .



کاریکاتێرێکی رووسی سەدەی 17

# قۆناغی هونەری کاریکاتێر لە ئەڵمانیا




کاریکاتێرێکی ویلهێلم بۆش کراوە بە پولی پۆست

هونەرمەندانی ئەڵمانیا لە نیوەی سەدەی 19 کۆمەڵێك كاریكاتێریستی بە تواناو لێهاتوو توانیان ئەم هونەرە لە هونەرەكانی تری جیا بكەنەوەو رەهەندێكی سەربەخۆیی وەكو هونەرێكی نوێ و تازەی پێ ببەخشن . لەوانە ( ڤیلهێلم بۆش 1832 - 1908 ) لە كارەكانیدا بابەتی كۆمەڵایەتی و ئایینی بە شێوەیەكی تەنزئامێز مامەڵەی لەگەڵ كردن وەكو ( هیلینای خواپەرست 1872 ) ، ( گینریخ تسیلی 1858 - 1929 ) وێناكانی دیاردەی ژیانی رۆژانەی لانەوازەكانی بەرلین و دیاردە كۆمەڵایەتییە بوون و دامەزرێنەری گۆڤاری (ئیلێنشبیگڵ 1928) بوو ، هەروەها كاریكاتێریست (فرانز بورچارد 1799 - 1835 ) كە لە تایبەتمەندی كاریكاتێرەكانی دەستبردن بوو بۆ ئەرشیفكردنی رووداوە مێژووییەكان بوو بە كاریكاتێر وەكو زنجیرەی جەنگی جوتیارانی ئەڵمانیا لە ساڵانی 1903 - 1908 و زنجیرە كاریكاتێری راپەڕینی كرێكارانی چنین لە 1897 - 1898 .



ویلهێلم بۆش



کاریکاتێرێکی ئەڵمانی 1848



کاریکاتێرێکی ئەڵمانی 1848

# قۆناغی هونەری کاریکاتێر لە ئەمریکا




**تۆماس ناست**

**هەفتانەی هارپەر ژمارە 778 - 25ی نۆڤەمبەری 1871**

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەدەکانی هەژدەو نۆزدە ، هونەری کاریکاتێر بە خێرایی زۆر پەرەی سەند بە هۆی گەیشتنی کۆمەڵێك لە هونەرمەندە ئەوڕوپییەکان کە هەڵاتن لە رووداوە نەخوازراوەکانی ئەوروپا (لەبەر ئەم هۆکارە شارەزایان بوونی قوتابخانەی هونەری کاریکاتێریی ئەمریکی رەتدەکەنەو لەهەمانکاتدا بە رەسنی ناناسن)، بە بڵاوبوونەوەی ئەم هونەرە چەندین هونەرمەندی کاریکاتێریستی ئەمریکی پەیدا بوون و کارەکانیان بوونە درووستکەری کەسایەتی تایبەتی کاریکاتێری ئەمریکی ، لەو هونەرمەندانە ( دۆڤ و ئامۆس دۆلیتل - مێژوویان نادیارە )و ( ویلیام چارلز 1776 - 1820 )و ( ئێدوارد کیلی 1799 - 1857 )و ( جۆزێف کێپلەر 1838 - 1894 )و ( فریدریك ئۆبێر 1857 - 1902 )و ( تۆماس ناست 1840 - 1902 ) .

هونەرمەندانی ئەمریکی جگە لە مامڵەکردن لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان قورسایی کاریکاتێرەکانیان خستە سەر بابەت و رووداوە سیاسییەکانی ئەو سەردەمانە، یەکێك لەو کاریکاتێرە ناوازانەی ئەو سەردەمە کاریکاتێری (ئەوانەی لە چاوەڕێی زریانن) کە رەخنەیەکی توندی کاریکاتێری بوو لە دەسەڵاتدارە گەندەڵەکانی نیویۆرك کە پاڵەوانی سەرەکیی ئەم گەندەڵکارییە ( تۆید )ی پارێزگاری ئەو سەردەمەی نیویۆرك بوو ، ئەم کاریکاتێرە کە لە گۆڤاری ( هەفتانەی هارپەر ) لە 22 ی حوزەیرانی 1871 بڵاوکرایەوە ، وێنای (تۆید)و دارودەستەکەی دەکرد بەشێوەی باڵندەی سەیروسەمەرە بە کەلەسەری مرۆڤەوە لەسەر هەڵدێرێکەوە نیشتوونەتەوە لە چاوەڕوانی زریانن، تۆماس ناست لێرەدا رواڵەتی دەبەنگی بە روخساری پارێزگار (تۆید)ی داوە و رواڵەتی زۆرزانیی بە دارودەستەکەی . هەروەها دەکرێت ئاماژەی بە کاریکاتێری (کێپلەر) بدەین بە ناونیشانی (هەمووان بەخێر بێن) کە وێنای مام ( سام )ە کە ئەو سەردەمە هێمای پیاوچاکی ئەمریکا بووەو پێشوازی لە خەڵکانێکی رەگەز جیاواز دەکات بۆ نێو کەشتییەك کە بە ئاڵایەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رازاوەتەوە .




جۆزێف کیپلەر 1888

تۆماس ناست



# قۆناغی هونەری كاریكاتێری عەرەبی


ABOU-NADDARA

ORGANE DE LA JEUNESSE D'EGYPTE

السنة الخامسة

5e Année — ابو نظاره — Numéro 15

لسان حال الامة المصرية الحرة

RÉDACTEUR EN CHEF: James SANUA. 48 Avenue de Clichy à PARIS.

مدير محرر الجريدة الشيخ جمس سانوا ابونظاره زرقا المصري

Teufik prononce le di … de la Chambre.

گۆڤاری (عەینەك لەچاو) یەعقوب صەنوع

پەیوەست بە وڵاتە عەرەبییەکان هونەری کاریکاتێر لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە بڵاوبۆتەوەو کارەکان دەکەوتنە بەر دیدی بینەران و جەماوەری لە دەوری خۆی کۆکردبووە، هۆکاری ئەم دواکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی ، یەکەمیان داگیرکردنی وڵاتانی عەرەبی بە دەست تورکیای عوسمانی بۆ ماوەی چەندین سەدە و کاریگەری هەستی ئاینیی و بە پیرۆز زانینی میر و سەرکردەکانیان هۆکارێکی تری دواکەوتنی کاریکاتێری عەرەبییە ، کە وایکرد هونەر بە شێوەیەکی گشتی پاشەکشێ بکات و بە شێوەیەکی تایبەتیش بۆ هونەری کاریکاتێر بە هۆی ئەو روحیەتی یاخبوونەی کە تێیدایە، دەرفەتی بۆ نەرەخسا جۆڵەی تێ بکەوێت و دەست بۆ هێڵە سوورەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی و پیاوە پیرۆزەکانی ببات ، دووەم عەرەب میراتێکی دەوڵەمەندی لە تەنزی ئەدەبی هەیە کە رەواجێکی زیاتری هەبووەو جەماوەر چێژی زیاتری لێکردووە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، تەنزی ئەدەبی گوازرایەوە بۆ تەنزی شێوەکاری و چەمکی تەنز لای عەرەب رەهەندێکی تری بە خۆیەوە بینی، هەمان قۆناغ کە لە ئەورووپا روویداو لەوانەیە وەرچەرخانێکی حەتمی بێت کە دەربڕین لە وێنەی سەردیواری ئەشکەوتەکانەوە دەستپێکرد وەکو یەکەمین هەنگاوی قسەکردن و دواتر وشە جێگەی گرتووەو دیسانەوە دەربڕین گەرایەوە بۆ وێنەگەرایی لە بواری کاریکاتێردا .

بە شێوەیەکی گشتی هونەری کاریکاتێر لە جیهانی عەرەبی بەهەمان شێوەی کاریکاتێری ئەمریکی لە ئەورووپاوە گوازرایەوە بۆ نێو رۆژنامەگەریی عەرەبی و سەرەتاکەشی لە وڵاتی میسرەوە بوو لەسەروبەندی داگیرکاریی ناپلیۆن بۆ وڵاتی میسر دەگەڕێتەوە .

( یەعقوب صەنوع 1839-1912 )ی شانۆکارو نوسەری جولەکەی میسری یەکەمین کەس بوو لە ژێر کاریگەر تەوژمی هونەری کاریکاتێری ئەورووپی و سەرسامبوونی بە بە بڵاوکراوە تەنزئامێزییەکانیان هەوڵی هێنانی ئەو هونەرە بۆ میسر دەستپێکرد ، سەرەتا گۆڤاری( چاوێلکە لەچاو) لە 5ی نیسانی 1878 دامەزراندو بەمەش بوو بە خاوەن یەکەمین بڵاوکراوەی تەنزئامێزی لە رۆژهەڵاتدا، دوای تێکچوونی پەیوەندی یەعقوب لەگەڵ خدێوی ئیسماعیل لەسەروبەندی نمایشکردنی شانۆگەریی ( پیاوی چوار ژنە )کە وێناکردنی خودی خدێوی بوو و داخستنی گۆڤاری ( چاوێلکە لەچاو) وەکو کاردانەوەی دەسەڵات بۆ

ئەو سوکایەتیکردنە بە خدێوی و رووکردن لە تاراوەگە ، دوبارە دەستی کردەوە بە دامەزراندنی گۆڤارێکی تر بە ناوی( زوڕناژەن) لە ئینگلتەرەوەو جیاوازی نێوان یەعقوب و هاوپیشەکانی ئەوە بوو کە یەعقوب هەڵنەستا بە میسریی کردنی کاریکاتێرە بیانییەکان بەڵکو کاریکاتێری میسریانەی بڵاودەکردەوە بە کارەکتەری میسریەوە ، صەنوع تیراژی گۆڤارەکەی گەیشتە (15000)دانە وبە هەشت زمان لە فەرەنسا بابەتی بڵاودەکردەوە لە ژێر دوانزە ناوی خوازراوەوە بابەتی دەنوسی . دواتر کۆمەڵێ گۆڤاری تەنزگەریی دەستیان بە بڵاوکردنەوە کردو دەیان نوسەرو رۆژنامەنوس روویان لەم گۆڤارانە کرد ، (کشکول 1921)و( پێ پەتی 1904) و(گوێدرێژ 1898)و چەندین بڵاوکراوەی تر ، دروستبوونی فۆرمی کاریکاتێری میسری لەسەر دەستی هونەرمەندی ئیسپانی(خوان سانتیس) بوو لە میسر و بە باوکی کاریکاتێری سیاسی میسر ناوزەد دەکرێت هەرچەند کۆپیکارێك بوو بۆ کارەکانی هونەرمەندە فەرەنسییەکان و بەرگی میسری بە بەر ئەکردن ، دەشێ کاریگەریی سانتیس لەسەر هونەرمەندە میسرییەکان بە سەرەتای دروستبونی کاریکاتێری عەرەبی میسری دابنرێت .



یەکەمین کاریکاتێری صەنوع لەسەر خدێوی لە تاراوگە بڵاوکرایەوە 1879

# چەپکێك لە مێژووی هونەری ئەنیمەیشن



نیگارێکی میسری بە شێوەی فرێم - پێش 4000 ساڵ

هونەری کاریکاتێر بە متمانە بە پاشخانی مێژوویی بەرهەمەکانی، پێی خستە نێو سەدەی بیستەمەوەو دەنگدانەوەی گەورەی لە نێو جەماوەر هەبووەو کاریکاتێریستێکی بێشومار سەرقاڵی شیکردنەوەی ڕووداوەکان و دیاردەکان بوون بە پەلە دەیانکردە بابەتی کارەکانیان، ئەم سەدەیە بە تەمەنی زێڕینی هونەری کاریکاتێری جیهانی دادەنرێت و ئەستەمە بتوانین پێشکەوتنی ئەم هونەری شیبکەینەوە ، کاریکاتێریستێکی بێ شومار و دەیان گۆڤاری تایبەت بەم هونەرە لە سەرانسەری جیهان بڵاودەبوونە ، جگە هەڵپەی ڕۆژنامە و هەفتەنامەکان بۆ بە دەستهێنانی کاریکاتێری هونەرمەندە بە ناوبانگەکان و چاپکردنیان لە لاپەڕەی یەکەم و دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەکان ، ئەم چڕوپڕییە وایکردبوو زۆر ئەستەم بێت دیاردەی هونەری کاریکاتێر لەسەر ئاستی جیهان بە یەك ئاڕاستە شی بکرێتەوە ، بەڵکو پێویستە وڵات بە وڵات بەدواداچوون و شیکردنەوەی بۆ بکرێت .
تا ئێرە بە پێی توانا گوزەرێك بە نێو قۆناخە دیارەکان ئەم هونەرە بکەین و ناودارانی کاریکاتێری جیهانمان بەسەر کردەوە تا سەدەی نۆزدەم و باس و خواسی زیاتریشمان دەبێت بەڵام ، پێویستە پێش ئەوە، کورە باسێك لە ئەنیمەیشن (کارتۆنی جوڵەکراو) بکەین کە هونەرێکە لە هونەری کاریکاتێرەوە درووستبووە و بەڵکو زادەی ڕەحمی هونەری کاریکاتێرەو بە گەڕانەوە بۆ مێژووش بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە هونەری ئەنیمەیشن زۆر پێش هونەری سینەما بوونی هەبووەو لەسەر دەستی کاریکاتێریستان دروستکراوە و هونەری سینەما لە کاریکاتێر گوازراوەتەوەو تەنها فەزا و ڕەهەندو شێوەکەی گۆڕاوە .
زۆرێك لە لێکۆڵەوەران پێیان وایە بەهەمان شێوەی هونەری کاریکاتێر ،ئەنیمەیشن ڕەگ و ڕیشەی دەگرێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان، هەرچەندە بەشێك لە لێکۆڵەوەران دروستبوونی بۆ فەرەنسا دەگێڕنەوە، بەڵگە مێژووییەکان بۆ سەرەتاکانی سەدەی یەکەمی زاین بە لەدایکبوونی ئەم هونەرە دەزانن، کە خۆی لە جۆرە یارییەکی زۆر باو دەبینیەوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و بە تایبەت لە (کەمبودیا)ی کۆن و ئەم یارییە لە سەر شانۆیەك پێشکەش دەکراو دواتر بە ناوی شانۆیی سێبەر ناسرا، کاتێك لە مێرگەیەکی سەر کێوەکان سەدان تەماشاکار بۆ چەندین کاتژمێرێك لە

دەور شانۆیەکی سادەو ساکار کۆدەبوونەوەو لەگەڵ سەرەتای تاریکبوون نمایش دەست پێدەکردو ئەفسانە باوەکان و چیرۆکە میللییەکان پێشکەش دەکران، سێبەری شێوەی خوداوەندەکان و مرۆڤ و ئاژەڵەکان لە پشت پەردەیەکی سپییەوە دەکەوتنە جوڵەو لە رێی چیرۆك بێژ و میوزیك رووداوەکانیان دەگێڕدرانەوە .

لە دەستنووسەکانی سالانی ( 840 - 907ز ) کە باس لە شانۆیی تارەماییەکان دەکات کە هەمان شانۆیی سێبەرەو بە (فایانگ - کۆلییت) ناوی هاتووە، لە فایانگ شێوەی درووستکراو لە پێستی گامێش جێگەی وێنەکانی گرتووتەوەو بە پارچەکراوی بەیەکەوە لێکنراون بە شێوەیەك بە چەند چیلکە دارێك جوڵەیان پێ کراوە و لە پشت پەردەیەکی سپییەوە نمایشکراون، ئەم شێوازە لە هونەری جۆڵە پێکراو تا ئێستا بوونی هەیە و نمایش دەکرێت .

ساڵێ 1832 (پلاتۆ) زانای فیزیکی بەلجیکی ئەرکی دروستکردنی دەستگایەك بۆ تاقیکردنەوەی بەردەوامیی بینایی و چەند لولەیەکی کارتۆنی لەئەستۆگرت و 10 - 20 وێنەی کێشراوی لە سەرکرد بە شێوازی فریم بە فرێمی ئەسپ یان مرۆڤ، لەگەڵ خۆلانەوەی لولەکە وێنەکان دەکەوتنە جوڵەو یەکەمین ئەنیمەشن خولقێنرا ، ئەم شێوازە ساکارە بەردەوامی هەبوو تا 1834و لە سەردەستی (هۆرنێر)ی ئینگلیزی پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە بینی و سەدان وێنەی خستە سەر شریتێکەوە و جوڵەی پێکردن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو بەهۆی ئەوەی سەخت بوو لە رووبەرێکی زۆر بچووك بتوانرێت وێنەی کێشراو بە تەواوی وردەکارییەکانییەوە لە سەری بکرێت . (یۆهاسیتۆس)ی نەمساوی لە ( 1840 ) ئەرکی درووستکردنی ئامیرێکی لە چەشنی ئامێری سینەمایی سەردەم و شریتێکی ئاویی لەئەستۆگرت و بەکاردەهێناو بە خێرایی لەبەردەم رووناکییەوە جوڵەی پێدەکردو لە بەرامبەردا لەسەر دیوارێك یاخود پەردەیەك دەردەکەوت، ئەمە یەکەمین شێوازی فیلمی کارتۆنی بووەو سەرەتایەك بوو بۆ پێشکەوتنی زیاتر لە ئامێری پیشاندان . تا ساڵی (1877)و لە ڕێی (ئیمێل رینۆ) ئامێرێکی نمایشکرد بە ناوی ( پراکسینۆسکۆپ) ە لەو سەردەمەدا توانیی سوود لە مەوادە هەستیارەکان بە روناکی وەربگرێت و بەهەمان شێوەی فیلمی ئێستا سەدان فرێەمی لەسەر چاپ دەکردن و لە رێگەی دەستگاکەیە و لە سەر پەردەی نمایش نمایشی دەکردن .

ئەم فیلمە بێ دەنگانە 7 تا 15 خولەکی دەخایاند و سەرەتای لەدایکبوونی فیلمی کارتۆنی بووەو ساڵی 1877 بە ساڵی لە دایکبوونی فیلمی جۆلاو دادەنرێت



بوکەڵەی شانۆی سێبەر



پلاتۆ 1832



ئیمێل رینۆ - دەستگای پراکسینۆسکۆپ 1892

لەسەر دەستی (ئیمێل رینۆ) لە فەرەنسا . لە 1895 برایانی (لۆمێر)ی فەرەنسی بە دۆزینەوەی ئامێری وێنەگری سینەمایی خزمەتێکی زۆری بە پێشکەوتنی فیلمی کارتۆنی کرد ، یەکەم کەس کە ئەم ئامێرەی بەکارهێنا بۆ دروستکردنی فیلمێکی کارتۆنی (ئیمێل کول)ی هونەرمەندی فەرەنسی بوو و فیلمەکەش بە ناوی (سەرکێشییەکانی ئەلبانتوشین) بوو، بەهەمان ستایلی وێنەگرتنی فرێم بە فرێمی سەدەی بیستەم بوو کە ستۆدیۆکانی واڵت دیزنی پەیڕەویان دەکرد ، کارێکی ورد و سەخت بوو لەبەر ئەوەی فلیمێکی 2 خولەکی نزیکەی 2000 وێنە ( فرێم ) ی جیاوازی دەویست . بەڵام ئەم کارە ورد و سەختە ناوی ( ئیمێل کول )ی بە دامەزرێنەری هونەری فیلمی کارتۆنی سینەمایی لە مێژوو تۆمارکرد .
( سەرکێشییەکانی ئەلبانتوشیین ) کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هونەرمەندان و دەرهێنەران دانا و پاڵنەرێك بوو بۆ گەڕان بە دوای شێوازو رێگای نوێدا بۆ دروستکردنی فیلمی کارتۆنی نوێ و جیاواز، کە دوا ئەنجام پێشکەوتنی بێ سنووری ئەم جۆرە هونەرەی لێکەوتەوە، بۆیە ( ستیوارت بلیکتون )ی ئەمریکی توانی بە بەکارهێنانی تەکنیکی ماسك فیلم ، (هۆتێلی تارماییەکان) بەرهەم بهێنێت بەم ستایلە نوێیەو دواتر فیلمی
(پەڕەمووچە جادوگەرییە نەمرەکە) بەرهەم بهێنێت . بەم شێوەیە فیلمی کارتۆنی سەرنجی جەماوەرێکی بێ ئەندازەی لە هەموو تەمەنەکان لە خۆ کۆکردەوەو لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هەواداری هەبوو بە تایبەت لە ئەورووپا، لەم قۆناغەدا گەڕان بە دوای شێوازی نوێ بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی فرێمەکان و کورتکردنەوەی کات و توانا بەردەوام بوو، چەندین تەکنیك و شێواز دۆزرانەوەی تا بەرهەمهێنانی ئەم کارە هونەرییانەی ئەمڕۆ .
هونەری فیلمی کارتۆنی سەردەم لە سەر دەستی هونەرمەندی ناوداری ئەمریکی (واڵت دیزنی) لە بیستەکانی سەدەی بیست بونیاد نرا ، دیزنی هەستا بە دابەشکردنی وێنەکان بە دوو بەش ، نەجوڵاو و جوڵاو ، نەجوڵاو باکگراوند و دیکۆری فیلمەکە بوو و جوڵاویش پاڵەوانەکان بوون و بە گۆشەنیگای جیاواز دەکێشران و وێنە دەگیران، لە بری کاغەز دیزنی پلاستیکێکی روونی بەکاردەهێناو تیمی وێنەکێشەکانی بەسەر ئەو دوو بەشدا دابەش بوو بوون، یەکەمیان وێنەی باکگراوندەکانیان دەکێشاو ئەوانەی تریش کاراکتەری پاڵەوانەکان ، دیزنی

هەنگاوێکی گرنگی نا، کاتێك دەستیکرد بە بەرهەمی فیلمی کارتۆنی کورت و کۆمیدی بە ستایل و کاراکتەری کاریکاتێری خەندەدار، دیزنی دوای خۆی بەرهەمی زیاتر لە 600 فیلم و میکی ماوس کرد بە ئایکۆنێکی جیهانی بە درێژایی مێژووی ئەم هونەرە و شێوازی کارکردنی گوازرایەوە بۆ قوناغی دیجیتاڵ بە هەمان تەکنیکی ئیشکردن .



ئیمێل کول



واڵت دیزنی

# مێژووی هونەری کاریکاتێر و
# ململانێ یە سیاسییەکان




کاریکاتێرێك دژ بە شۆڕشە چاکسازییەکی مارتن لۆثەر - سەدەی شانزە

کاریکاتێر هەر لە ساتی بوونییەوە  بە هونەرێکی سەربەخۆی خاوەن کیانێکی تایبەت لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەم ، تا بیناقاقای نوقمی ململانێیە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان بوو بە هۆی  تایبەتمەندیی و پێکهاتەی خودی هونەرەکەوە،  کە هەمیشە باڵێك بووە لە نێو ململانێکانداو لایەنگیری لە لایەنێك کردووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پێشتر ئەم لایەنگیرییەی نەبووە ، وەکو چۆن لە کارە کۆنەکانی فیرعەونییەکان بینیمان کە چۆن پڕ بوون لە هێماکانی یاخی بوون و دژ بوون بە بەرامبەرو گاڵتەکردن بە دەسەڵات چ دەوڵەتیی بوو بێ یان پیاوانی پەرستگا ، ئەم بەرەنگاربوونەوەش لە ڕێگای بە کارهێنانی ئاژەڵ وەکو هێمایەك بۆ شاردنەوەی مەبەستە شاراوەکانیان و بەشێکی زۆریان هەر لە سەر ستوونی پەرستگاکان نەخشێنراون . وێنە تەنزئامێز و گاڵتەجاڕییەکان لە سەرەتادا ئەوەندە بۆ شکاندو سووکایەتی پێکردن بە نەیاری بەرامبەر بوو ئەوەندە بۆ پێکەنین نەبوو، سووککردنی خوداوەندی نەیارەکان چەقی ئەو ململانێیە ئایینیە بوو، وێنەکان بۆ ئەو مەبەستە لە نێو ماڵەکاندا هەڵدەواسران . تەنانەت کارەکانی (بۆزۆن)یش لەو هونەرمەندانە بوو کە بەرهەمی ئەم جۆرە ململانێیە ئایینی و سیاسییە  بوو کە بە هاوشانی کۆمیدیای سیاسیی (ئەرستۆفان) دادەنرێت ، مخابن کە هیچ کام لە کارەکانی بۆزۆن نەگەیشتووەتە دەستمان جگە لەوەی کە ئەرستۆ لە چەند شوێنێکدا باسی لێوە کردووە .

گاڵتەجاڕی قۆناغە کۆنەکان و بەکارهێنانی وەکو چەکێك بەرامبەر بەنەیارو دوژمن کەمتر شێوەکاریی گاڵتەجاڕی بوون، بەڵام بنەمایەك بوون بۆ دروستبوونی هونەری کاریکاتێر ئەگەر تا نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی زایینیی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ڕووداوە سیاسییەکان جێنەهێشتبوو ، بەڵام لەو مێژووە بەدواوە کاریکاتێر کاریگەریی و چەکێکی بێ هاوتا بوو لە ڕووی خێرایی بڵاوبوونەوەی و کارێگەریی ئەو گاڵتەجاڕییە کە مۆرکێکی ئەم هونەرە بوو، بۆیە لەو قۆناغەدا کەم کاریکارتێر هەبوو تەنها بۆ پێکەنین بێت و پەیامێك و لێکەوتنێکی کۆمەڵایەتییان سیاسیی نەبووبێت، ڕوحیەتی یاخیبوونی هونەری کاریکاتێر و مامەڵەکردنی لەگەڵ دیاردە نەرینییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری کۆمەڵگە وایکردبوو کە بێ یەك و دوو ئەم هونەرە ببێتە باڵێك لە باڵەکانی ململانێکان و بە چەکێکی بەهێزی بێ هاوتا دادەنرا .

سەدەی شانزەهەم یەکەمین بەکارهێنانی هونەری کاریکاتێر بوو وەکو چەکێکی سیاسیی و یەکلایکردنەوەی رووداوەکان، لە جەنگە چاکسازییەکەی (مارتن لۆثەر 1483 - 1546)ی ئەڵمانییەو دژ بە کەنیسە و ڤاتیکان، کە لە یەکێك لە وتارەکانی دەڵێت ( پێویستە قەشەکان وێنەکانیان لەسەر دیوارەکان و کاغەزی یاریکردن بکێشرێن بەشێوەیەك هەر کاتێك بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵك بکەون قێزیان لێبکەنەوە)، هەر ئەم وتارەشی لەرێی کاریکاتێرەوە هاتە دی، تەواوی کوچەو شەقام و دیوارو داری دارستانەکان بە وێنە گاڵتەجاڕییەکان دژ بە کەنیسەی کاثۆلیکی تەنران بە شێوەیەك کە لێکۆڵەوەران سەرکەوتنی مارتن لۆثەر لەم شۆڕشەدا بە تایبەتی دەگێڕێننەوە بۆ رۆڵی هونەری کاریکاتێر . ناودارترینیان وێناکردنی پاپا بوو بە کەللـەسەری بزنێکەوە لە ساڵی 1545، هەروەها زنجیرە کاریکاتێری ( دەجال و هەڵچوونەکانی مەسیح )ی ( لۆکاس کراناخ 1472 - 1553)ی ئەڵمانی کە هەرچەندە کاریکاتێریست نەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی هاوڕێی نزیکی لۆثەر بوو ئەو کاریکاتێرانەی کێشا بوون . بەم شێوەیە ئەو ئامانجانەی لۆثەر هەڵیچنیبوو لەسەر هونەری کاریکاتێر بەرهەمەکەی هاتە دی .
ڤاتیکان بەرامبەر ئەم هێرشە کاریکاتێرییەی مارتن لۆثەر دەستەوەسان و بێدەنگ نەبوو و بەهەمان ئامرازی چاکسازیی خوازەکان بە روویان بوونەوە بەڵام بە رێژەیەکی کەمتر کاریکاتێری بە کارهێنا لەبەر دوو هۆکار:
یەکەمیان: درکی بە هێزی هونەری کاریکاتێرنەکردبووە ( کە بۆخۆی هونەرێکی پڕ لە یاخیبوون بوو) .
دووەم: زۆربەی کاریکاتێریستان لەبەرەی چاکسازییەکەی مارتن لۆثەر بوون و ئەمەش بەهۆکاری سەرەکی قەدەغەکردنی وێناکردنی تابلۆ ئایینەکان دادەنرێت لە لایەن ڤاتیکانەوە تا ئەمڕۆ .
شۆڕشی هوڵەندییەکان لە(1566 - 1609) ململانێیەکی تری بەرچاوی بەکارهێنانی کاریکاتێر بوو وەکو چەکێك بۆ یەکلایکردنەوەی ململانێکان لە یەکەمین شۆڕشی بورژواکان لە مێژوودا، کاریکاتێریستانی هۆڵەندا هەستان بە سووککردنی ئیسپانییەکان و سەرکردەکانی لەشکەری ئیسپانی و ئەو دەستڕۆیشتووانەی کە پشتیوانی ئیسپانییەکانیان دەکرد، ئەم شەپۆلە کاریکاتێرییە بەسەرەکیترین هۆکاری گەشەکردنی هونەری کاریکاتێر دادەنرێت لە ئەوروپا دا ، هەرچەندە تاکە پاڵەوانی هونەری کاریکاتێری ئەو سەردەمە( ناپلیۆن پۆناپەرت) بوو بۆ چەندین دەیە،



لۆكاس كارناخ 1522



لۆكاس كارناخ 1545



پەیوەندی نێوان پاپا و شەیتان 1680

هێرشەکانی پۆناپەرت تەواوی هونەرمەندانی کاریکاتێری وروژاند لە تەواوی ئەوروپادا و بەدرێژایی ژیانیدا کەوتە بەر شاڵاوی کاریکاتێریستانی ئەڵمان و ئیسپان و ئینگلیز و روسەکان تا دوای مردنیشی هەر وەکو ئایکۆنی مرۆڤێکی دڕندەی شکستخواردوو مایەوە .
کاریکاتێریستە ئینگلیزەکان کارەکانیان ناوازە بوو لە هێرشکردنە سەر پۆنابەرت و لە ناویاندا (گیلیری)ی کە بە ئەنتی پۆناپەرت ناوی دەرکردبوو، کە ئێستا دوای نزیکە دوو سەدە کە چاو بەکارەکانی گیلیری دەخشێنینەوە هەست بە رادەی قورسیی و کاریگەریی وێناکان دەکەین لەسەر خودی پۆناپەرت کە کرابوو بە گاڵتەجاڕی تەواوی ئینگلتەرەو تەواوی ئەوروپا و تەنانەت بۆ سووککردنی ستەمکارو دیکتاتۆرەکانی ئەم سەردەمە، کاریکاتێرەکان تەنها شاڵاو نەبوون بۆ سەر ژیانی سیاسی پۆناپەرت، بەڵکو بۆ سووککردنی کەسایەتی و قێزەونکردنی ناوەکەشی بوو، لە رێگەی وێناکردنی بە قەڕەقۆز و سەگ و ئاژەڵانی تر، بەڵکو پۆناپەرتیش تێپەڕکرد بۆ (جۆزەفین)ی خێزانی، هەروەها سەرلەشکرو پیاوانی دەوڵەت و ناودارانی فەرەنسی بێ بەش نەبوون لەم شاڵاوە بێ بەزەییەدا .
یەکێك لە کاریکاتێرەکانی ئەو سەردەمە (کاریکاتێریستەکە گومناوە) وێنای پۆناپەرت دەکات بە لاشەی سەگێکەوە بە دەست ئەفسەرێکی ئینگلیزی و فەرمانی پێدەکات لەسەر ئاوازی میوزیك سەما بکات .



جەیمس گیلیری 1815

کاریکاتێریستی روسی ( تیرییبینیۆڤ ) کاریکاتێری لەسەر شکانی لەشەکەری فەرەنسییەکان دەکات بەرامبەر بە سوپای روسیا، هەروەها کاریکاتێریستی روسی (شیفلار) وێنای سوپای فەرەنسی بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی کێشا ، وێڕای نەبوونی ئامرازی پەیوەندییەکان لەو سەردەمەداو دواکەوتنی ئاڵوگۆڕی هەواڵی رووداوەکان ناوبانگی نابلیۆن گەیشتبووە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، کاریکاتێریستی ئەمریکی ( دۆلیتل) کۆمەڵێك کاریکاتێر دەکێشێت لە گەرمەی رووداوەکاندا، دۆلیتل لە کارکاتێری ( ناپلیۆن لە تەنگەژە دا ) بە بەکارهێنانی هێماگەریی وێنای نابلیۆن دەکات کە دوای ئەهریمەن کەوتووەو کە تامەزرۆی تاجی ئیمبراتۆری روسیا دەکات .



ئامۆس دۆڵیتل - 1814

کاریگەریی ئەو کاریکاتێرانە ئەوەندە قورس و سەخت بوون لەسەر ناپلیۆن و تووڕەی کردبوون تەنانەت لەسەروبەندی راگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان لایەنە بەجەنگ هاتووەکان بۆ ئەوەی پۆناپەرت رازی ببێت بە داواکاری ئەمریکا بۆ ئاشتەوایی نێوان ئینگلتەرە و فەرنسا و کۆتایی هێنان بە جەنگی نێوانیان مەرجی ئەوەی دانابوو کەسەرجەم کاریکاتێریستانی ئینگلتەرە بەتوومەتی بکوژو تەزویری پارە ! دادگایی بکرێن ، حوکمی ئەم دوو تومەتەش تەنها لە سێدارەدان بوون ،

هەڵبەتە ئەم مەرجە جێبەجێ نەکران .بەختی ( ناپلیۆنی سێیەم ) لە پۆناپەرتی مامی باشتر نەبوو، جگە لەو کاریکاتێرانەی کە لە فەرەنسا لەسەر دەکرا، لە روسیا شاڵاوێکی خەست و سەختی رووبەروو کرایەوە، تەنانەت کاریکاتێریستی روسی (ستیبانۆڤ) کە بە ئەنتی ( ناپلیۆنی سێیەم ) ناوی دەرکردبوو، هۆکاری کینەی هونەرمەندانی روسی لە ناپلیۆنی سێیەم و ئینگلیزەکان بۆ جەنگەکانی قیرەم دەگەڕێتەوە لە ساڵانی ( 1853 - 1856 ) کە بەشێك لە شارەکانی ژێر رکێفی روسیا لەلایەن ئەوانەوە داگیرکرابوون ، ستیبانۆڤ لە کاریکاتێریکی دا وێنای ناپلیۆن دەکات کە تاڵە مووی سمێڵی هەڵدەکەنێت و دەڵێت ( دەچم بۆ قیرەم ، ناچم بۆ قیرەم) ، هەروەها لە کاریکاتێریکی تردا وێنای ناپلیۆنی سێیەم دەکات کە لەسەر کیسەیە پارە وەستاوە و بیناقاقای سیاسییەکی بەریتانی گرتووەو بەریتانییەکە دەڵێت :

- ئینگلتەرە هەست بە هێزی هەستەکانتان دەکات، خەریکە دەمانخنکێنن ئەی جەنەڕاڵی باش جەنابی ناپلیۆن .

ناپلیۆن لە وەڵامدا دەڵێت :

+ ئەوە بەڕاستانە ! من تەنها بە هەمان ئەو خۆشەویستییە دەردەبڕم کە بۆ مامی منتان لە پێشتردا دەربڕیبوو .

لە کاریکاتێرێکی تردا (ستیبانۆڤ) وێنای ناپلیۆنی سێیەم دەکات کە لەسەر ستەیج وتارێك بۆ میللەتی فەرەنسا دەدات و دەڵێت ( ئەی فەرەنسییەکان ، ئیمبراتۆڕییەت ئاشتییە، بەڵگەش ئەوەیە کە لە پشتانەوەیەو بمێنن بە خێر) ، لە پشتەوەی فەرەنسییەکان تەنها ڕمی لوولەی تفەنگەکان دیارەو لە خواری کارکاتێرەکە نووسراوە

(بژی ناپلیۆن) . لە کاریکاتێرێکی پڕ تەنزدا وێنای سەربازێکی فەرەنسی دەکات کە دەڵێت : دواجار ( شاری سیفاستۆبلم بینی) بەڵام سەربازەکە دیلە نەوەك سەرکەوتووی جەنگ، ستیبانۆڤ تیری رەخنەکانی دەگرێتە ئینگلیزەکانیش و ریسوایان دەکات، وەکو ئەو کاریکاتێرەی کە گاڵتە بە ئەدمیرال (بیبیر) دەکات یاخود ئەو کاریکاتێرەی گاڵتە بە سوپای بەریتانیا دەکات کە پەیمانی سەرکەوتنی دابوو لە بەڵتیق بەڵام پاپۆرەکانی نوقمی دەریا کران و شکستیان پێ هێنان، لە کارێکی ناوازەدا دەربارەی سەربازیکردنی زۆرە ملێ ستیبانۆڤ وێنای دوو کەسایەتی ئینگلیزی دەکات کە ( باڵمێرستون ) و ( جۆن بۆڵ)ە و ئەم دیالۆگە لە

نێوانیان روو دەدات :
باڵمێرستون :  شكۆمەندی چاوەڕێتانە .
جۆن بۆڵ : ئێمە خۆشگوزارییمان دەوێت نەوەك شكۆمەندی، بۆ شكۆمەندی دەتوانن فەرەنسییەكان بكەن بە سەرباز، ئەوان بۆ هەموو شتێك ئامادەی شەڕكردنن .
كەسایەتییەكی تر كە پاڵەوانێك و ئایكۆنێكی  تری كاریكاتێرەكان بوو سەركردەی فاشستی ئەڵمانەكان(ئەدۆلف هیتلەر) بوو، هیتلەر جگە لە دڵڕەقییەكەی خاوەنی سیماو جوڵەی كاریكاتێری بوو، لێرەدا وتەیەكی (چارلی چاپلن)م بیردەكەوێتەوە كە گاڵتە بە هیتلەر دەكات و دەڵێت : ( رێگام پێداوە كە لاسایی رۆیشتن و سمێڵەكەم بكاتەوە، بەڵام هەرگیز رێگای پێ نادەم لەمە زیاتر خەڵكی بخاتە پێكەنینەوە) ، هیتلەر یەكێك بوو لە دیارترین سەركردەو سەرۆكەكان كە لەسەر ئاستی جیهاندا ریسواو سووك كرابێت، بە شێوەیەك كە ئامانجی تەواوی كاریكاتێریستانی جیهان بوو، دەیان هەزار كاریكاتێری لەسەر كرا ئەگەر زیاتریش نەبێت، ئەمەش وایكرد كە رق و كینەی هیتلەر بەرامبەر بە هونەری كاریكاتێر و كاریكاتێریستان بێ سنوور بێت، سەرەتا بە لە سێدارەكانی كاریكاتێریستە ئەڵمانییەكانەوە دەستپێكرد كە كاریكاتێریان لەسەر كردبوو لە ساڵانی پێش ئەوەی بگاتە كورسی دەسەڵات، هەروەها گولەبارانكردنی ئەو كاریكاتێریستە ئەوروپییانەی كە دوای داگیركردنی وڵاتەكانیان لە لایەن نازییەكانەوە لە جەنگی جیهانی دووەمدا بە دیل دەگیران .
هیتلەر لە وتەیەكدا پەیمانی ئەوەی دابوو دوای داگیركردنی مۆسكۆ، یەكەمجار ستالین و دووەمجار لیفیتان (بێژەری رادیۆی مۆسكۆ بوو) دواتر كۆكرینیكسیۆنەكان ( كە سێ كاریكاتێریستی رووسی بوون ناوەكە لە تێكەڵكردنی پیتەكانی ئەوڵەی ناوەكانیانە هاتووە ) گوللـەباران بكات، لە بەر ئەوەی ئەو كاریكاتێریستانەی سووكایەتییان بە هیتلەر دەكرد بێ شوماربوون و كارەكان ئەوەند زۆر بوون لە دەیان كتێب  جێگەیان نەدەبۆیەوە . ئاماژە بە كۆمەڵێك كاریكاتێریست دەكەین كە هێرشی بەردەوامیان دەكرد سەر هیتلەر و سووكایەتیان بە كەسایەتییەوە دەكرد ، لەوانە ( بۆریس یەڤیمۆڤ)، (ڤیكتۆر دینی)و(مۆر)و ( مۆلاخۆفیسكی )و ( رۆداكۆڤ )و ( یۆنفیر)و دەیانی تر ، لە كاریكاتێریستە فەرەنسییەكانیش ( كابرۆل )و ( لینگرین )و ( ئوتۆ )و دەیانی تر، بە شێوەیەكی گشتی كاریكاتێریست نەبوو لە ئەوروپا و جیهان كە كاریكاتێریان لەسەر هیتلەر نەكردبێت وەكو ئاماژەیەك بۆ گرنگی رۆڵی هونەری كاریكاتێر كە دەیگێڕا لەو جەنگانەدا .

وەکو نموونەیەك بۆ رۆڵە گرنگەی هونەری کاریکاتێر ئاماژە بە ئەزموونی سێ کاریکاتێریستە ناودارەکەی روسیا (کۆکرینیکسیۆن)ەکان دەکەین، کە بە شێوەیەکی بەردەوام لە گەڵ کاریکاتێریستی روسی تریشدا بانگهێشت دەکران بۆ ئەو کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی سۆڤێت کە تایبەت بوو بە بەرەنگاربوونەوەی نازییەکان لە جەنگی جیهانی دووەمداو کاریکاتێرەکانیان بە پێی بەرنامەیەکی دارێژراو لە رۆژنامەکانی سۆڤێتدا بڵاودەکرانەوەو بە تیراژێکی زۆر چاپ دەکران لە رێگەی فرۆکە سەربازییەکان بەسەر سوپای نازییەکانی فڕێ دەدرایە خوارەوەو لە ژێرەوە نووسرابوو ( ئەم کاریکاتێرە تەنها رێگەی تۆیە بۆ ئەوەی بە بێ ترس لە لێپرسینەوە خۆت رادەستی لەشکری سۆڤێت بکەیت)، بۆیە کاتێك سەربازە ئەڵمانییەکان خۆیان رادەست دەکرد کاریکاتێرەکانیان بەرز دەکردەوە . لە دوای جەنگی جیهانی دووەمیشەوە کاریکاتێر وەکو چەکێکی بەهێز بەکارهێنرا، بۆ نموونە لە جەنگەکانی نێوان عەرب و ئیسرائیلییەکان بە رادەیەك کاریکاتێریستێکی عەرەبی نەمابوو بەشداری ئەم جەنگانە نەکات بە کاریکاتێر چ لە روانگەی ئایینیی یان نەتەوەییەوە .

رۆڵ و قورسایی هونەری کاریکاتێر کەمتر نەبوو لە ململانێیە ناوخۆییەکان و جەنگە خۆماڵییەکان، لە شەڕی ناوخۆیی ئیسپانییەکان و شەڕی براکوژی دوای قەیسەر روسیا کاریگەریی زۆری هەبوو، لەوانەیە بەرجەستە ترینیان فەرەنسا بوو بێت، هونەری کاریکاتێر لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی فەرەنسادا پایەیەکی بەرزی هەبووە و بەشێك و لایەنێك بووە لە ململانێکان و رۆڵی بەرچاویشی گێڕاوە لەو مەیدانەدا، زۆربەی ئەو سەرکردەو سەرۆکانەی جڵەوی دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتوبوو قوربانییەك بوون لە قوربانییەکانی دەستی ئەم هونەرە و بەردەوام کراونەتە ئامانج و چەند کەسانێکیان کارەکتەری سەرەکیی ئەم هونەرە بوون، کەسانی وەك ( ناپلیۆن پۆناپەرت)و ( شارڵی دەیەم )و ( لویس فیلیپ )و ( ناپلیۆنی سێیەم )و پاشا( لۆدیڤیگ ) کاراکتەری تایبەتی کاریکاتێریستان بوون .

قۆناغەکانی (لویس فیلیپ) یەکێك بوو لە قۆناغە خۆش و پڕ بەرهەمەکانی هونەری کاریکاتێر لەو سەردەمەدا ، چونکە کاریکاتێرەکان تەنها رەخنەیەکی سیاسی ئاسایی نەبوون بەڵکو رەخنەگرتنەکان دەسەڵاتی خودی لویس فیلیپی تێپەڕاند بۆ سەرۆك وەزیران و وەزیر و سیاسیی و دیپلۆماتکارەکانیش، تەنانەت بە ناویشە وێنادەکران و سووکایەتیان پێ دەکرا، لەوانەیە یەکێك لە بەناوبانگترین

کاریکاتێری ئەو سەردەمە لەسەر لویسی پاشا کرابێت بیرۆکەکەی ( شارڵ فیلیپیۆن )ی خاوەنی گۆڤاری (کاریکاتێر) بووبێ بۆ کارێکی کاریکاتێری لەسەر هەرمێ و لویس فیلیپ ، تەواوی ستافی گۆڤارەکەی لە کاریکاتێریستان ئیشیان لەسەر کرد ، نهێنی ئەم کارەی شارڵ ئەوهیە کە وشەی هەرمێ ( poire ) لە زمانی فەرەنسیدا بە مانایەکی تریش دێتەوە کە (شێت)ە ، یەکێك لە کاریکاتێرە هەرە سەرکەوتووەکانی ئەم بیرۆکەیە کاریکاتێری دۆمیێ بوو کە لە 15ی ئابی 1833 لە گۆڤاری کاریکاتێر بلاوکرایەوە .



هینری دۆمیێ - 1833

ئەم جەنگە كاریكاتێرییەی كە دۆمیی دژ بە دەسەڵات بەرپایكرد لە سەرەتاوە ڕاستەوخۆ بە پاشاوە دەستی پێ نەكرد، بەڵكو لە دارودەستەكەیەوە دەستیپێكردو لە ژمارەی ( 78 )ی گۆڤاری كاریكاتێری 26 نیسانی 1832 بڵاوكرایەوە هێرشكردنە سەر( چارل دی لامێت) بوو كە پەرلەمانتارێكی فەرەنسی بوو كە لەبەرەی دژایەتی كردنی پاشایەتییەوە سەنگەری گواستەوەو بوو بە دارودەستەیی پاشا لویس فیلیپ، لە دوو ژمارە پێشتری ئەو گۆڤارە ( 85 ) هێرشی كردبووە سەر (دیۆبین)ی ڕاوێژكاری پاشا و سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران و ڕەخنەی توندی ئاڕاستەكردبوو، دۆمیێ ڕوخساری هەردوكیانی بە شێوەی مەیمون كێشابوو و ئەم كەسایەتیانەش بەشێك بوون لە زنجیرە كاریكاتێری دۆمیێ بە ناوی ( ناودارەكان ) كە دواتری بەشێكی بە شێوەی پەیكەری تەنزئامێزەوە بەرهەمهێنران، لە ژمارەی ( 127 )ی 11ی نیسانی 1833 ، دۆمیێ هێرشی كردە سەر ( بیرسێل ) كە بەشدار بوو لە پرۆسەی دادگاییكردنی ئەو ڕۆژنامەیانەی داوای كۆمارییان دەكرد كە بەشێك بوو لە هەمان زنجیرەی پێشوو، دۆمیێ ئەم زنجیرەیەی كە لە 6 كاریكاتێر پێكهاتبوو دوای ئازادبوونی لە زیندان لە 1831 بڵاویكردنەوە، زیندانیكردنەكەشی بە فەرمانی ڕاستەوخۆی لویسی پاشا بوو دوای ئەوی (دۆمیێ) وێنای پاشا لویسی كردبوو كە لەسەر كورسی دەسەڵات پان ببۆیەوە و میللەتیش بە سەبەتە و لە ڕێگەی تەختەیەكەوە ( كە بۆ باركردنی پاپۆڕەكان بە كاردەهات) خێرو بێری وڵات ئەكەن بە قوڕقییەوە ، بە هۆی ئەم كاریكاتێرە حوكمی 6 مانگ زیندانی بەسەر دۆمیێ و ( ئۆبێر ) بڵاوكەری كاریكاتێرە سەپێندرا (هەرچەندە سەرەتا جێبەجێكردنەكەی ڕاگیرا ) لەگەڵ سزای دارایی 500 فرەنك بە تۆمەتی ( هاندان دژ بە حكومەت و گاڵتەكردن بە پاشا ) ، بە هۆی پابەندنەبوونی دۆمیێ وە و بەردەوامبوونی لە ڕەخنەگرتن لە پاشاو لە دەسەڵات لە 30ی ئابی 1832 ڕەوانەی زیندان كرا ، جگە لە دۆمیێ (شارڵ فیلیبۆن )یش كە هەمان حوكمی بەسەر سەپێندرا .

دۆمیێ هەر بەردەوام بوو لەسەر ڕەخنە گرتنی لە پاشا و دەسەڵات ، بۆیە لە ژمارەیەكی گۆڤاری كاریكاتێر كە لە 31ی تەمموزی 1834 بڵاوكرایەوە هەستا بە بڵاوكردنەوەی كاریكاتێری( قەڵەوی چاوچنۆك ) وێنایەكی پاشا بوو بە بەرگی سەربازییەوە و شێوەی لاشەی ( لیبنتەر ئیمانۆێل )ی هونەرمەندی بواری نواندنی فەرەنسی كە خاوەن ورگێكی زۆر گەورە بوو ، پیش ئەوەش لە ژمارەی ( 162

)ی 13ی کانونی یەکەمی 1833 هێرشی کردبووە سەر ( گیزۆ )ی سەرۆک وەزیرانی ئەو سەردەمەی فەرەنسا .



هینری دۆمیێ - قەڵەوی چاوچنۆک 1833

لە 1833 بەدواوە هەوڵەکانی دەسەڵات و دژایەتیکردنی رۆژنامەگەریی دەستیپێکردو دوای رووداوە توند و تیژییەکانی ( لیۆن)و ( مارسیلیا )و ( پاریس ) و چەند شارێکی تر لە نیسان ی 1834 ، ئەم لێدان و دژایەتی کردنەی حکومەت لە رۆژنامەگەریی گەیشتە لوتکە، دوابەدوای هەوڵی تیرۆرکردنی پاشا لویس کۆمەڵێک یاسا کە پێشتر ئامادەکرابوون بە دوای دەرفەت و پاساودا دەگڕان کەوتنە بورای جێبەجێکردنەوە و دەزگای چاودێری رۆژنامەگەریی هەستا بە قەدەغەکردنی زۆرێك لە بابەتی رۆژنامەگەریی و پشکی شێریش هەر بۆ کاریکاتێر بوو بێ گومان ، ئەمەش وەکو چەککردنی حزبی کۆماری لە بەهێزترین چەکی دەستی کە رۆژنامەگەریی بوو کە هونەری کاریکاتێر کاریگەری ترینیان بوو، دواجار لە 1836 ئەم حزبە هەڵوەشێنرا و لە کارکردن قەدەغە کرا، پەیتا پەیتا رۆژنامە و گۆڤارەکان دادەخران ، لە 11 ئایاری 1835 رۆژنامەی ( مینبەر ) داخرا و لە ئابی

هەمان ساڵ گۆڤاری ( كاریكاتێر )و لە تیشرینی یەكەمیش رۆژنامەی ( چاكساز ) ، ئەمانەش بە هۆی ئەو یاسایەی كە لە شوباتی 1834وە جێبەجێكرا كە فرۆشتنی رۆژنامەو گۆڤاری قەدەغە كردبوو لە شەقامەكان و لەسەر شۆستە بفرۆشرێت ئەگەر مۆری دەوڵەتیان لێ نەدرابێت ، ئەمەش وایكرد رۆژنامەگەری فەرەنسی دەست بەستراو بێت و فرۆشیان كەمبكاتەوە تا بە تەواوەتی مایە پووچ بوون ، ئەو بڵاوەكراوانەی كە خۆراگر بوون و مایەپووچ نەبوون لە رێگای دادگاوە لە كارخران و نوسینگەكانیان داخران ، لەبەر ئەو هۆكارانە ئەو رۆژنامانە كە بەردەوامبوون لە كاركردن نەیاندەوێرا كاریكاتێر بخەنە سەر پەڕەكانیانەوە وەكو جاران ، گۆڤاری ( شاریڤاری ) كە پێشتر سەكۆێكی سیاسی كاریگەر بوو لە دونیای رۆژنامەگەریی فەرەنسیدا هەستا بە زیادكردنی ئەم نووسینە بۆ تایتڵەكەی : ( شاریڤاری رۆژانە كاریكاتێری نوێ بڵاودەكاتەوە بە مەرجێك دەزگای چاودێری رێگەیان پێبدات ) ، پەیوەست بە هونەری كاریكاتێریشەوە مەرسومێكی تایبەت بە قەدەغەكردنی دەركراو ئیتر كاریكاتێری سیاسی لە هێچ گۆڤارو رۆژنامەیەكدا نەدەبینرا .

قەدەغەكردنی كاریكاتێر لویس فیلیپی لە دۆزەخی ئەم هونەرە نەپاراست ، هەر دوابەدوای روخانی دەسەڵاتەكەی لە شۆڕشی 1848 و راكردنی بۆ ئینگلتەرەو تەوژمی كاریكاتێر چڕبوونەوە بە ریسوایی كردن و سووكردنی لویس دەستان بە بڵاوكرنەوە كردەوە، ناودارترینیان (دۆمیێ) بوو لە 1848 كاریكاتێری ( لە كەنارەكانی ئینگلتەرە )ی بڵاوكردەوە كە وێناكردنی غیزۆ بوو راپۆڕتی رووداوەكان بۆ لویس بەرز دەكاتەوە . دوای شۆڕشی 1848 هونەری كاریكاتێر گەڕایەوە ناو گۆڕەپانی رۆژنامەگەریی و ململانییە سیاسییەكان و لە نیسانی 1848 جارێكی تر دۆمیێ دەستیكردەوە بە بڵاوكرنەوەی كارەكانی و وێنای سەربازێكی فەرەنسی ئەكێشێت كە چەكەكەی فڕێ دەدات و دەڵێت : ( رزگارمان بوو لە دەست ـ لویس فیلیپ ـ ، بەڵام قەت رزگارمان نابێت لە دەست ئەم چەكە )، لە ساڵی 1850 دۆمیێ كەوتە وێزەی لایەنگرانی ( لویس و ناپلیۆن پۆناپەرت ) كە بە رێكخراوی ( 10ی دیسەمبەر ) ناسرابوون و پشتگیرییان لە پۆناپەرت دەكرد ، دۆمیێ لە كاریكاتێرێكیدا وێنای پیاوێكی پیر دەكات لە گەڵ ئافرەتێكی شۆخدا و دەڵێت : ( رێگەم پێ بدەن هاوڕێیتان بكەم خانمە شۆخ و شەنگەكەم ) لێرەدا پیرەمێردەكە هێمای پۆناپەرتییەكان بوو خانمەكەش كۆمارییەت ، دۆمیێ لە

کارەکانی دا یەك دانە وەزیری قوتار نەدەکرد و رەخنە بارانی دەکردن ، ( ئەدۆڵف تێیر )ی پارێزەر و رۆژنامەنوس و پیاوی دەوڵەت کە کەسێك بوو لەسەر چەندین پەت یاریی دەکرد ، جارێك ئۆپۆزسیۆن بوو و تاوێکیش لایەنگیری دەسەڵات ، لە ناسکترین وەزعی سیاسی فەرەنسا یەکێك بوو لەوانەی ( چارڵ فیلیپیۆن ) راوێژی پێکردن و دەربارەی یاسای کۆتکردنی رۆژنامەگەریی و مەودای ئەو هێڵ و سنوورانەی کە فیلیپیۆن دەتوانێت کاریکاتێر بڵاوبکاتەوە ، کاتێ تێیر هەست بەوە کرد کە لە میانی قسەکانی فیلیپیۆن ئاماژەی ئەوە هەیە کە بە نیازە بە شێوەیەکی نهێنی کاریکاتێر بڵاوبکاتەوە وەڵامی دەداتەوە کە بە هاوکاری پیاوانی پۆلیس بەرەنگاری هەموو کاریکاتێریستەکان دەبێتەوەو دەیانخاتە زیندانەوە ، دوا قسە لای دۆمیێ بوو کە بە تەنها خۆی 111 کایکاتێر لەسەر (تێیر) بڵاودەکاتەوەو ریسوای دەکات کە یەکێکیان وێناکردنی ( تێیر )ە بە کوتەکێکی گەورەوە دەیەوێت لە دواوە رۆژنامەگەریی لە ناوببات .




هینری دۆمیێ - ئەدۆڵف تێیر

جگە لە پیاوانی دونیای سیاسەت و وەزیرو گزیر بەڵکو دۆمیێ کاریکاتێری لەسەر ئەو ئەدیب و بیرمەندانەش دەکێشا کە بە بۆچوونی خۆی مەوقیفیان روون نەبوو یا خود ڕاڕابوون وەکو ئەدیبی فەرەنسی بەناوبانگ(ڤیکتۆر هیگۆ) کە بەڕاڕایی

سیاسی ناسرابوو، بۆیە لە کاریکاتێرێکدا وێنای هیگۆ دەکات بە خەمباری کاتێك سەرکەوتوو نابێت لە نمایشکردنی یەکێك لە شانۆگەرییەکانیدا .
دونیابینینی دۆمیێ زۆرجار سنووری فەرەنساو ئەوروپا تێپەڕاندووە بە کاریکاتێر راڤەی بۆ رووداوەکانی جیهانیش کردووە، لە مەسەلەی هەڵکەندنی کەنالی سوێس و ئەو ململانییە سەختەی نێوان ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکان لەسەر بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی زیاترو قۆرخکردنی هەڵکەندنی ئەو کەناڵە ئاوییە ، وێنایەك بۆ سەعید پاشا دەکات دارێکی بەدەستەوەیەو کەسێکی هانی دەدات بۆ لێدانی کەسی سێیەم کە خەریکی هەڵاتنە و ئاماژەی هێماکان بۆ ئەوەیە کە کەسەکان ئینگلتەرەو فەرەنسا بێت، ئەم کاریکاتێرە لە کاریکاتێرە دەگمەنەکانە لەبەر ئەوەی فەرەنسا رێگەی نەدا بڵاوببێتەوە هەر بە نەخشێنراوی لەسەر(لیثوگرافیا ) بەردی چابخانەکە مایەوە .
لە کاریکاتێرێکی تری دۆمیێ کە سنوور و دەوڵەتانی تێپەڕاندووە رەخنەگرتن بوو لە سیاسەتی داگیرکاریی بەریتانیا لە ( جامایکا ) و ( ئێرلەندا ) .
لە سەروبەندی کۆمۆنەی پاریس 1871( کۆمۆنە : حکومەتێکی شارەوانی شۆڕشگێڕییە ) دیسانەوە جەنگی کاریکاتێر هەڵگیرسایەوەو هاوشانی دۆمیێ و دۆریێ کاریکاتێریستانی تر لە مەیدانەکە دەرکەوتن و ئەکتیڤ و چالاك بوون و لەو ناوانە (بۆلیتێل)و (مۆلۆك) بوون و کاریگەریی خۆیان هەبووە لەسەر رووداوە سیاسییەکان، دۆمیێ لەو ساڵە کاریکاتێرێك دادەبەزێنێت بە ناوی (ڤۆلتێر چەپڵە لێدەدات) کە وێناکردنی پەیکەرەکەی ڤۆڵتێرە چەپڵە بۆ جەماوەر لێدەدات ،


هینری دۆمیێ - ڤۆڵتێر چەپڵە لیدەدات

هەروەها کاریکاتێری ( پاریس تۆمەتبارتان دەکات) وێنای ئافرەتێکە قۆڵی پیاوێکی دەوڵەتی گرتووە بەتەمای زلە لێدانییەتی و دەست بۆ گۆرستانێك درێژ دەکات، هەروەها کاریکاتێری ( من بۆ ئەمە دەنگم نەدا ) و زۆرێکی تر لە بەرهەمەکانی .
( گۆستاف دۆرێ ) یەکێك بوو لەو ناوە درەوشاوانەی ئەو قۆناغە مێژووییەی فەرەنساو بەردەوامیدا بە رەخنەگرتن لە دەسەڵات و دارودەستەکەی و ناپلیۆنی سێیەمیش بەدەر نەبوو لەم هێرشە کاریکاتێرییانە ، لە رۆژانی کۆمۆنەی پاریس بە پێزترین کارەکانی دوریێ ئەو زنجیرە کاریکاتێرە بوو کە لەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کێشابووی، لە 1871 لە سەروبەندی هەڵگیرسانی کۆمۆنەی پاریس دۆرێ دژی وەستایەوەو روویکردە ( ڤێرسال)و بە وردی چاودێری رووداوەکان و کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی دەکردو دواتر ڕای گۆڕی و گەڕایەوە بۆ پاریس و زنجیرەیەك کاریکاتێری ئەنجامدا، بەڵام دوای 24 ساڵ بۆ یەکەمین جار بڵاوکرایەوە ، دۆرێ کەمتر کاریکاتێری سیاسیی کێشابوو بەڵام لە ستایل و تەکنیکدا زۆر نزیکبوو لە دۆمیێ و پۆرترێتەکانی .



گۆستاڤ دۆرێ 1847

لە رۆژانی شۆڕشی کۆمۆنە زۆرێك لە کاریکاتێریستان وەکو ( بیلۆتێل )و ( لیڤێە )و ( کۆلۆمب )و ( غیسی دی غینیم )و ( بیلۆغێە )و ( غایار )و ( ستینلین ) ، هەستان بە کێشانی کاریکاتێری سیاسی و چاپکردنیان لە چاپخانەکانی کۆمۆنە کە شەو رۆژ لە کارکردندا بوون و کاریکاتێر و پۆستەریان چاپ دەکرد بە بەردەوامی بۆ هەر پۆستەرو کاریکاتێرێك 6000 دانە چاپدەکراو لایەنگرانی

کۆمۆنە لە سەر دیواری کوچە و گەڕەکەکانی پاریس هەڵیاندەواسی .
ڕۆژنامەگەریی تەنزئامێزی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە ڕووداوەکانی کۆمۆنەی پاریس و جگە لەو گۆڤارانەی پێشتر دەردەچوون چەندین گۆڤاری تر دەستیان بەبڵاوکردنەوە کرد وەك ( کاریکاتێری سیاسی ) (La Caricature Politique) و ( مشار la scie )و ( تیر la Flèche )، بە شێوەیەکی بەردەوام کاریکاتێری سیاسییان دژ بە نەیارەکانی کۆمۆنە بڵاودەکردەوە ، لەو کاریکاتێرانەی کە دەکرێت ئاماژەی پێ بدەین وێناکردنێك بوو لە لە ڕۆژنامەی (کارمانۆلا) بڵاوکرابۆیەوە کە کۆمەڵە نەتەوەیەکی جیاواز خەریکی ئاهەنگ گێڕانن بە دەوری کورسی ئاوەژۆبووی پاشاو کەلووپەلە پرژوبڵاوەکانی، هەروەها (بۆلیتیل) لە کاریکاتێری ( ئەنجومەنی نیشتیمانی و ڕاپەڕینی کرێکارانی پاریس ) وێنای دوو کرێکار دەکات کە ئاڵایەك بەرزدەکەنەوەو لەسەری نووسراوە ( بژی کۆمارییەت) و سەربازێکی چەکداری بەرەنگارییان دەبێتەوەو لە پشتەوە بە ڕوخسارێکی کاریکاتێری ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی ڕاوەستاون .
کۆمۆنە هەموو جۆرەکانی هونەری شێوەکاری و لەسەرووی هەموویانەوە هونەری کاریکاتێری دژ بە ئەنجومەنی نیشتیمانی بەکاردەهێنا، (بیکیۆ)ی هونەرمەندی ناوداری فەرەنسی لە کاریکاتێری ( لە سێدارەدانی ئەندامانی کۆمۆنە 1871 - 1873 ) وێنای پرۆسەی لە سێدارەدانی کۆمەڵێك هەژاری فەرەنسا دەکات کە وەك دیارییەك بۆ تێیر دەنێردرێت و لەژێرەوە دەنوسێت ( لە دروستکەری تابلۆکەوە بۆ دروستکەری قەتلوعامەکە ) .
لەو کاتانەی کە کاریکاتێری سیاسی قەدەغە دەکرا هونەرمەندەکان ڕوویان لە کاریکاتێری کۆمەڵایەتی دەکرد و هێماو مانای دوولایەنەیان ئەخزاندە نێو کارەکانیان و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنەکانیان لە پاشاو دەسەڵات بەردەوام بوو، بۆ نموونە دۆمیێ لە نێوان سالانی 1837 - 1851 ( ئەو ماوەیەی کە کاریکاتێری سیاسی قەدەغەکرابوو) نزیکە 25 زنجیرە کاریکاتێری جۆراوجۆری بڵاوکردەوە کە خۆی لە نزیکە 1200 کاریکاتێر دەدات و بەناوبانگترینیان زنجیرە کاریکاتێری ( ڕۆبێر ماکیێر) بوو، نزیکە 120 کار بوون و زنجیرەی ( بەرگریکارانی یاسا ) 39 کاربوو، زنجیرەی (بورژوایەکەی خانەدان) لە 82 کاریکاتێر پێکهاتبوو ، جگە لەچەندین زنجیرە کاریکاتێر کە بۆ دژایەتیکردنی دەسەڵات و حکومەت و دارودەستەکەیان تەرخانکردبوو، بەشێك لەو کارانەی کە

دەگەڕێنەوە بۆ ئەو زنجیرانە کاریکاتێرێك لە زنجیرەی (بەرگریکارانی یاسا) کە وێنایەك بۆ ئیستهتاری پارێزەری فێڵباز کاتێك بە ئافرەتێك دەڵێت (ڕاستە کەیسەکەم دۆڕاند بەڵام شەرەفێکی گەورە بوو بۆتان کە کەیسەکەتان وەرگرم ) .



هینری دۆمیێ - بەرگریکارانی یاسا

کاتێك دێینە سەر کاریکاتێری ئینگلیزی و ڕۆڵی لە ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا ڕوون و ئاشکرایە لە ئاست بەهێزی و کاریگەریی کاریکاتێری سیاسی فەرەنسی نەبووە و ناشبێت، دەستپێك لەو کاریکاتێرانە دەست پێدەکەین کە دیاردەی ڕەخنەگرتن لە فەرەنسا و فەرەنسییەکان بوو کە یەکێك لە کەسایەتییە ئینگلیزەکان ئەو دیاردەیەی بە شەرمەزاری بۆ ئینگلیزییەکان داناوە، یەکێك لەوانەی کە ڕەخنەیان لە فەرەنسییەکان دەگرت و شێوازی ژیانی دەخستە ژێر پرسیارەوە کە ( ڕۆلاندسۆن ) بوو ، لە کاریکاتێری ( گۆڕەپانی سەرکەوتن لە پاریس) وێنایەك بوو بۆ ئەو گۆڕەپانە کە جمەی دێت لە خەڵکانی پیادەڕەو لە ناوەڕاستدا پەیکەری ( لۆدۆڤیگی 14 ) قووت بۆتەوەو سەروسیمایەکی زۆر خەندەدار و پاتاڵی هەیە ، هەروەها لە کاریکاتێری(سەربازگەیەکی فەرەنسی) ڕەخنە لە داڕمانی ئەخلاقی و بەڕەڵایی نێوی لەشکەر دەگرێت، ئەوە نەبێت کاریکاتێریستانی ئینگلیز چاویان لە

سوپای خۆیان پۆشی بێت و تیری رەخنەکانیان ئاڕاستە نەکردبێت، هونەرمەندە ئینگلیزەکان چەندین کاریان لەسەر وەزعی خراپی سوپاکەیان کردبوو، زوو بە زووش بڵاویان دەکردەوە، رۆلاندرسۆن لە کاریکاتێری ( هەموو کەسێك دەشێت ببێت بە ئەفسەر ) و گیلیری لە کاریکاتێری ( پاڵەوانەکان لە دوکانی شیرینیدا خۆیان تێردەکەن ) نموونەیەکن لەو کاریکاتێرانە .



**رۆلاندرسۆن 1806 - هەموو کەسێك ئەشێ ببێت بە ئەفسەر**

بە شێوەیەکی سەرەکی هونەری کاریکاتێری ئینگلیزی ئەوەندەی هەڵگری مۆرکێکی کۆمەڵایەتی بوو سیاسی نەبوو بە هۆی ئەوەی ئەوەندەی سەرنجیان لەسەر رووداوە یەك بەدوای یەکەکانی فەرەنسا و گۆڕانکارییە سیاسییە بە پەلەکانی فەرەنسا بوون نەپرژانە سەر گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی خۆیان، ئەگەرچی ئەوەندە گەورەو خێرا نەبوو وەکو فەرەنسا، بۆیە کاریکاتێری ئینگلیزی هەر لە سەر ئاستێکی کۆمەڵایەتی و گشتاندنی لەدەربڕینی کاریکاتێریستەکان مایەوەو تەنانەت ئەو کارانەی کە لەسەر کەسانی دیاریکراو دەکران ئەوەندەی بۆ پێکەنین و تەنز دەکران مەبەست لێیان شکاندنی کەسایەتییەکە نەبوو و بێلایەنی

بە زۆربەی کاریکاتێرەکانی هونەرمەندانی ئینگلیزەوە دیارەو زۆر کەمن ئەو کارانەی کە هەست بە رەنگدانەوەی هەڵچوونی هەستی هونەرمەندکەی تێدا بکەین وەکو کاریکاتێری رۆلاندرسۆن و گیلیری لەوانەیە بەشێکیش لەم ئاراستە هێمن و بێلایەنەی هونەری کاریکاتێری ئینگلیزی بۆ سروشتی موحافەزاکارانەی تاك و کۆمەڵگەی بەریتانیا بگەڕێتەوە ئەم مۆرکەی بەسەر هونەری کاریکاتێریشی سەپاندبێ .




جەیمس گیلیری 1805

لەوانەیە رۆلاندرسۆن یەکێك بێت کە بە پەنجەی دەستێك بژمێردرێن کە هێڵی بێلایەنیی و موحافەزەکارانەی بەزاندبێت و توندوتیژییەك بە کارەکانییەوە دیاربێت و هەست بە بێزاری و تورەیی و جاربەجاریش بە بێ هیوایی هونەرمەندەکەی تێدا بکەین ، رۆلاندرسۆن کاریکاتێری رەخنەیی راستەوخۆی هەبوو کە دەستی بۆ کەسی دیاریکراو درێژ کردوو لەوانەش (پارێزەرانی رژێم) وێنای کۆمەڵێ دادوەر دەکات کە کۆبوونەتەوە بۆ پیادەکردنی یەکسانی نا، بەڵکو وەکو دڕندە لە دەوری نێچیرێکداو پارێزەرەکەش کە بەرتیل دەخاتە دەستیانەوە، زیاتر بە سووخۆرێك و دەلالێك دەچێت نەك پیاوێکی یاسا، هەروەها لە کاریکاتێری تری بە ناوی (سەدەقە) وێنایەکی ئەفسەرانی ئینگلیزی دەکات کە ئاوساون بەهۆی زۆرخۆرییەوەو بە

پۆزەوە بە شێوازێکی سووکایەتی پێکردن پارە دەدەن بە سواڵکەرانی وڵاتەکەیان ، هەروەها لە کاریکاتێری (پاسەوانی شەوانە) بە بێباکی کوچەو شەقامەکان دەگەڕێت بێئەوەی گوێ بداتە ئەو تاوان و دزییانەی لە دەوروبەری دەکرێن کە بەشێك لە شارەزایان بە تەواوکەری کاریکاتێری دادوەرەکانی (پارێزەرانی یاسا) دادەنێن، کە لەکاریکاتێری یەکەمدا دادوەرەکان ئاسانکاریی بۆ تاوان ئەکەن و لە دووەمدا زمانحاڵی پاسەوانەکەی رۆلاندسۆن دەڵێت :
(ئەگەر دادوەرەکان ئاسانکاری بۆ تاوان بکەن من بۆ رێگری لێبکەم) . رۆلاندسۆن زۆر زیرەکانەش روخساری پاسەوانەکەی تاوانبار ئاسا کێشاوە، وەکو ئاماژەیە بۆ هاوبەشی ئەویش لە گەڵ تاوانبارەکاندا، بە شێوەیەکی گشتی ئەم دوو کارکاتێرە وێناکردنێکی روونی نغرۆبوون لە گەندەڵی و دارمانی دەزگای دادوەری بەریتانی دەخاتە روو کە بەشێك بوو لە پاڵپشتیکردنی تاوان نەوەك رێگریکردن لێی .



رۆلاندرسۆن - پاسەوانی شەو

لە کاتێکدا (نیوتن) وەکو تایبەتمەندییەکی وەرگرتبوو لە هێرشکردنە سەر سەرانی روحی ئەو سەردەمی بەریتانیا لە بەشێك لە کارەکانیدا وەکو ( پۆرترێتی قەشەکان) وێنای بەشێکی زۆر پیاوانی ئایینی کردبوو بە سیمایەکەی پڕ لەفێڵبازی و دەبەنگی

و لووت بەرزی ، لەوانەیە کەس وەکو ( فودڤارد ) جگە لە رۆلاندسۆن دەستی بۆ خاڵە هەستیارەکەی نێوان سیاسەت و کۆمەڵگە بردبێت وەکو کاریکاتێرەکانی ( پێشبینییەکان ) و(باجەکان بەڕێوەن) کە (فۆدڤارد) بە روونی رەخنەی لە سیاسەتی باج وەرگرتنی حکومەت دەکات و بێ دادیی و نا هەمواریی لە یاساکانی وەرگرتنی باج دەگرێت . بێگومان (هۆگارت) یەکێکە لەو هونەرمەندە سەرەتاییانەی کە دەستی بۆ بابەتی سیاسەت و کۆمەڵگەی بەریتانیا و جیهان بردبوو و مامەڵەی لەگەڵ کردوون، بەڵام بە هەمان شێوەی مامەڵەی قوتابییەکانی بوو کە لە بازنەو چوارچێوەی کۆمەڵگەو گشتگیری دەرنەدەچوون.

لەوانەیە هونەری کاریکاتێر لە ئەمریکا کەمترین لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابێت و لەسەریشی نوسرابێت، لەبەر ئەوەی بە دەگمەن لە ئەدەبیاتی ئەمریکیدا باسکراوە بەتایبەتی لەبواری سیاسیدا بۆیە بەجۆرێك لە وردەکارییەوە باسی لێوە دەکەین، هۆکاری کەمبوونی لێکۆڵینەوە لەسەر هونەری کاریکاتێری ئەمریکی بەڕای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەمریکا قوتابخانەیەکی هونەری سەربەخۆی نییە لە کاریکاتێردا ئەگەر هەشبێت ئەوە لە سەدەی بیستەوە دروستبووە ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هونەری کاریکاتێر رۆڵی بەرچاوی نەبووە لە ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ، ئەگەرچی کاریکاتێری ئەمریکی لە ئاوێتەی کاریکاتێری هونەرمەندە کۆچکردووەکانی ئەوروپاوە دروستببوو، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە مۆرکێکی تایبەتی بەخۆی نەبووەو شایستەی لێکۆڵینەوەو شیکرنەوە نییە، یەکێك لە کۆنترین هونەرمەندانی کاریکاتێر لەئەمریکا کەکارەکانی تا ئێستا ماوەتەوە ( دۆڤ)ە ، کە وەکو پێشووتر لە قوناغەکانی کاریکاتێری ئەمریکی ئاماژەمان بەوکرد کەمێژووی لەدایکبوون و مردنی روون نییەو وردەکاریی ژیانی بەردەست نییە ، بەڵام ئەوەی زانراوە کە کارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ چارەکی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، بە شێوەیەکی سەرەکی کارەکانی وێناکردنی ژیانی رۆژانەی شار بوو کە لە زۆربەی کاریکاتێرەکانیدا دوو کۆمەڵە خەڵکی شارن و خەریکی گفتوگۆیەکی هێمنانەن دەربارەی سیاسەت ، ئەو بۆچوونەشی کە زۆربەی کاریکاتێرەکانی (دۆڤ) وێناکردنێکی شارو خەڵکی شارن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باکگراوندی تابلۆکانی بەرجەستەکردنی دیمەنەکانی شارن لە دوکان و بازاڕو بینای چەند نهۆمی و رووداوی ناو کاریکاتێرەکانی بە زۆری لە قاوەخانەو شوێنە گشتییەکانە کە لە تایبەتمەندییەکانی شارە، لەکاریکاتێرەکانی دۆڤ تابلۆی (دژی

جەماوەر)ە وێنایەکی (بینجامین فرەنکلین )ە و ئەهریمەن بە گوێیدا دەچرپێنێت و فرەنکلین بەوە ناسرابوو کە لە داواکارانی سەربەخۆبوونی کۆمەڵگەی داگیرکارییەکانی ئینگلیزەکان بوو لە ئەمریکا ، کە ئەم داوایە لای جەماوەر قابیلی قبوڵکردن نەبوو، لە کاریکاتێرێکی تردا کە هونەرمەندەکەی نەناسراوە و گومانی ئەوە دەکرێت فەرەنسی بێت وێنای سەرۆك ( جیفرسۆن )ی دانەری دەستووری سەربەخۆیی ئەمریکایە لەسەر ئەژنۆ کەوتووە لەبەردەم سەکۆیەکدا لەسەری نووسراوە ( سەکۆی ستەمکاری فەرەنسی ) کە بەرهەمەکانی ( ڤۆڵتێر )و ( ڕۆسۆ ) دەسووتێن و جیفرسۆن لە هەوڵی فڕێدانی دەستووری سەربەخۆییە بۆ ناو ئەو ئاگر بەڵام هەڵۆی ئەمریکی بە فەرمانی خوداوە دەستوورەکە لەدەست دەرفێنێت و ئەم وێنەیە بە ڕای شارەزایان دژ بە جیفرسۆن کێشراوە لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی 1800 .




کاریکاتێری سەکۆی ستەمکاری 1800

هێرشە سەربازییەکانی ناپلیۆن لە ئەوروپا ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە برەودان بە کاریکاتێری ئەمریکی و بەهۆی ئەوەی سیستمی پۆستەوگەیاندنی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی لە چاو سەدەی هەژدەمەوە و گەیشتنی نامەکان تەنها لە 5 مانگەوە بۆ ساڵێکی پێویست بوو، بۆیە ململانێ و جەنگەکانی ناپلیۆن ڕەنگەندانەویان

هەبوو لەسەر کاریکاتێری هونەرمەندانی ئەمریکی و رۆژانە بە چڕی هەواڵەکان دەکران بە کاریکاتێر و لە رۆژنامەکان بڵاو دەکرانەوە، لەم قۆناغەدا کاریگەری ستایلی قوتابخانەی ئینگلیزی زاڵبوو بەسەر کاریکاتێری ئەمریکییەوە و مۆرکی ( رۆلاندسۆن)و(گیلیری) دیار بوون بەسەر کاریکاتێریستەکانەوەو ئەمەش وایکرد هونەری کاریکاتێری ئەمریکی لەبەرەی دژ بە ناپلیۆن خۆی ببینێتەوە گەرچی بە هەمان توندی و ڕەقی قوتابخانەی ئینگلیزی نەبوون لە بابەتی ناپلیۆن دا .
لە 1812 کاریکاتێر لە جەنگی نێوان ئینگلیز و ئەمریکییەکان زەمینەیەکی لە باری بۆ رەخسا بۆ هەنگاونان بەرەو پێشکەوتن لە ستایل و لە تەکنیك، کاتێك کە پاپۆڕەکانی هێزی دەریایی ئینگلتەرە لە ئاوە هەرێمایەتییەکانی ئەمریکا لە ئامادە باشیدا بوون بۆ جەنگ و هێرشی سەربازی، تەواوی کاریکاتێریستانی ئەمریکی لە هاوکاری حکومەت بوون دژ بەم جەنگە تەنانەت ئەو هونەرمەندە ئینگلیزانەی کە لە ئەمریکا بوون دژ بە بەڕیتانیا وەستانەوە .
لەم قۆناغەدا ناوانێك دەرکەوتن وەکو (شارڵز) کە مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتەدا هەبوو، لە یەکێك لە کاریکاتێرەکانیدا وێنای سێ دەریاوانی ئەمریکی دەکات کە لە قاوەخانەیەك دانیشتوون لەگەڵ دەریاوانێکی فەرەنسی بەرگ دڕاودا گفتوگۆ دەکەن، شارڵز لە کاریکاتێرێکی تریدا رەخنە لە تۆری دەگرێت ( Tory حزبێکی ئینگلیزییە لە هەشتاکانی سەدەی حەڤدە دروستبوو ونوێنەرایەتی بەرژەوندییەکانی دەرەبەگ و سەرانی کەنیسەی ئینگلیکانیکی دەکرد و لەسەر قاعیدەی تۆری حزبی موحافزکاران لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە بونیادنرا) و بە شێوەی مەیمونێك وێنایکردن کە خەریکی رۆژنامە خوێندنەوەن .
دەربارەی کاریگەریی ئەم کاریکاتێرانە لەو سەردەمەدا رەخنەگرێکی ئەمریکی دەڵێت: کاریگەریی ئەم کاریکاتێرانە زۆر گەورەبوون لە غیابی رۆژنامەو بڵاوکراوە خولییەکان، ئەم جۆرە وێنانە هەوادارێکی زۆری بۆخۆی راکێشابو، لەسالانی خەباتی سەربەخۆبوون رۆڵی شۆڕشگێڕانەی ئەم کاریکاتێرانە دەرکەوتن و بوون بە بەڵگەی مێژوویی گرنگ و پێویست بۆ تێگەیشتن لە مێژووی ئەمریکا ) .
قۆناخی دواتر لە پێشکەوتنی هونەری کاریکاتێری ئەمریکی دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی تەکنیکی ( لیثۆگرافیا )یەوە کە بە شێوازی سەرەکی لە خێرایی لە چاپدان کارێکی وایکرد کە کاریکاتێرەکان بە تیراژی ئێجگار زۆر لە چاپ بدرێن

و زیاتریش بڵاوبینەوە لە بیستەکانی سەدەی نۆزدەمدا، کاریکاتێرەکانیش جوانترو هونەریی ترن بوون لەچاو بەرهەمەکانی پێشووتردا .
لێرە بەدواوە کاریکاتێری ئەمریکی کەوتە ژێر کاریگەری قوتابخانەی هونەری کاریکاتێری فەرەنسی و بابەتەکانیان روویانکردە سەرۆکەکان و حزبی سیاسیی و سیاسەتمەدارە ناودارەکانی ئەمریکا، کاریگەرییەکی زۆری ناودارەکانی کاریکاتێری فەرەنسی وەك ( گرانفیل )و( دیکان )و( دۆمیێ )و چەندین هونەرمەندی تری فەرەنسا، بە روونی دەبینریت لەسەر کاریکاتێری ئەمریکی ، هونەرمەندێکی گومناو لە ساڵی 1834 و وێناکردنی سەرۆك (جاکسۆن) لە سەر شێوەی دێوێکی کلکدارو بە دوو باڵ و شاخ و چنگەوە، بە هەردوو دەستی پەتێکی گرتووە کە تورەکەیەك پارە و چەك و کڵاوی ئافرەتانە و خواردن و شتی تری پێ هەڵواسراوە وەکو ئاماژەیەك بۆ پەیمانەکانی کە جاکسۆن بە خەڵکی دابوون و لە خوارەوەش پیاوانی بازرگان و بانك و سیاسەتمەدارو فەرمانبەر و چینەکانی تری کۆمەڵگە لە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆرن بۆ بەدەستهێنانیان بەڵام بێ سوودە ، هونەرمەند لێرەدا تیشك دەخاتە سەر دیمۆگایی جاکسۆن کە بە خوتەکەدانی هەست و پێداویستی خەڵك پەیمانی درۆیینە ئەبەخشێتەوە بە میللەت و هیچی لێ سەوز نابێت .



کاریکاتێریك دژ بە ئەندرۆ جاکسۆن ( سەرۆکی حەوتەمی ئەمریکا ) 1834

لە کارێکی ( ئێدوارد کیلی ) بە ناونیشانی ( لەناوبردی چەلەحانێ ) وێنای سەرۆک جاکسۆن دەکات و باشترین چارەسەر بۆ زۆر وتنی ئەو سەرۆکە دەخاتە روو کە بریتییە لە بەستەوەی جاکسۆن بە کورسییەوەو دوورینی دەمی و ئەو کەسەی ئەو کارە دەکات نەناسراوە هەرچەندە بۆچوونێك هەیە کە ( دانییێل ویبستەر)ی سەرۆکی حزبی پیشەییەکانی باکور بێت کە ئۆپۆزسیۆنێکی سەرسەختی سەرۆك جاکسۆن بوو ، کیلی زۆر لە ژێر کاریگەری (هۆگارت)ی هونەرمەندەی ئینگلیزی بوو لە رووی ستایلەوە بەڵام کەسایەتییەکانی تایبەت بە خودی کیلی بوون .




ئیدوارد کیلی 1834 لەناوبردنی چەلەحانێ

لە چلەکانی سەدەی نۆزدەمەوە کاریکاتێر لە ئەمریکا پاشەکشێ دەکات و یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم سستی و لاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو ساڵانەدا رووداوی گەورەو کاریگەر رووی نەدابوو ، بەم شێوەیە مایەوە تا شەستەکانی هەمان سەدە، هونەری کاریکاتێر لە ئەمریکا جارێکی تر کەوتەوە جووڵەو خۆخزان بۆ نێو ململانێکان، هۆکارەکەشی بۆ دوو رووداوی سەرەکی دەگەڕێنەوە:

یەکەم : گەرمبوونی ژیانی سیاسی و سەرهەڵدانی ململانێکان.

دووەم : هاتنە کایەی رۆژنامەگەریی تەنزئامێزی وێنەدار بوو، لە ساڵانی

1861 - 1865 کە هەمان ساڵانی شەڕی ناوخۆی ئەمریکا بوو و سەرەنجام بەشێوەیەکی فەرمی کۆتایی بە کۆیلایەتی هێنرا .هۆکاری ململانێکە ئەوە بوو کە باشوور نغرۆبوو لە کۆیلایەتی و سووربوونی لەسەر بوونی کۆیلایەتی وەکو سیستمێکی کۆمەڵایەتی و باکووری دیموکراسی و تا سەرئێسقان دژ بە کۆیلایەتی و لە ئەنجامدا هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆو روودانی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە تەواوی کایەکانی ژیانی ئەمریکییەکان دروستبوو ، هونەری کاریکاتێر خزایە نێو ئەم شەڕە و رووداوەکانی بوون بە بابەتی سەرەکی هونەرمەندەکان، لەو ساتە وەختەدا ناوانێکی وەکو (کلێبەر)و(ئارت فرۆست) لە ساڵانی 1851 - 1928و (ئۆبێر)و (ناست)و (داڤینپۆرت) لە ساڵانی 1861 - 1912 دەرکەوتن، لەسەرجەم کارەکانی ئەو هونەرمەندانە کاریگەریی کاریکاتێری فەرەنسی بە روونی بەسەریانەوە دیار بوو بە تایبەتی کاریگەریی (دۆمیێ) و ( فاست ) و ( شام ) و ( ترافیس ) بەڵام کاریگەریی ستایلی ( دۆمیێ ) زۆر بە زەقی دەردەکەوت لەسەر کارەکانی ئەو سەردەمە لە رووی توندیی مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکاندا و بە کارهێنانی شێوازی سووککردن و ئابرووبردن کە ستایلی دیاری تایبەت بە ( دۆمیێ ) بوو .



تۆماس ناست - کێ پارەی میللەتی دزی 1876

کاریکاتێری ئەو سەردەمەی ئەمریکا هەموو رووداوەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی رووماڵ دەکردو رەنگدانەوە خۆی هەبوو لەسەر کارو بەرهەمەکان ، لەوانەیە یەکێك لە بە پێزترین و جوانترین کاریکاتێری ئەو سەردەمە کارێکی هونەرمەند (فرانك بيلۆ) بوو بێ، کە گۆڤاری ( Hazpere Weekly ) لەسەر بابەتی دووبارە خۆکاندیدکرنی (لێنکۆڵن) لە ساڵی 1864 کە وێنای دەریاوانێکی زەبەلاح دەکات لەسەر کڵاوەکەی نووسراوە (میللەتی ئەمریکا) و سەرۆك لینکۆڵن ی لە سەر شان گرتووەو بەرەو کۆشکی سپی دەبات .



فرانك بيلۆ 1864

لە هونەرمەندە بە تواناکانی ئەو سەردەمەی ئەمریکا (ناست) بوو کە بە لێهاتووترین هونەرمەندانی ئەمریکا دادەنرێت لەو کاتەدا کاریکاتێری هەبوو لەسەر زۆربەی بابەتەکاندا وەکو کاریکاتێری ( دانوستان لەگەڵ باشووردا کە وێنای کچێکە لەسەر گۆڕێك دەگریێ و لەسەر کێلەکەی نووسراوە ( یادی پاڵەوانانی یەکێتی) لە کاتێکدا سەربازێکی باشوری پێی خستووەتە سەر گۆڕەکەو تەوقە لەگەڵ سەربازێکی باکوری دەکات و لە دیمەنی دواوە خێزانێکی رەش پێست لە کۆت و زنجیر دراون ، لە کۆی ئەو هێمایانەی کە هونەرمەندەکە بە کاری هێناون دەردەکەوێت کە دانوستان لە گەڵ باشووردا بێ سوودەو پێویستە خەباتکردن تا قەڵاچۆکردنی

کۆیلایەتی باکور رانەوستێت . سەرۆك لینکۆڵن سەبارەت  بە کاریکاتێرەکانی ناست وتوویەتی : ( وێنەکان لە کاتی خۆیدا هاتن و بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئەوەی خستە هەستی خوێنەر کە دەبێت ئەم جەنگە کۆتایی بێت ) .



تۆماس ناست - دانوستان لەگەڵ باشور

دوای کۆتایی هاتنی جەنگ ناست رووی کاریکاتێرەکانی کردە دیاردە قێزەونەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی  و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و بەرتیلکاریی کە پاڵەوانەکەی خودی پارێزگاری نیویۆرك بوو کە زنجیرەیەکی کاریکاتێری بەناوی (پاشا تۆید) لەسەرکێشاو پێشتر باسمان لە کاریکاتێری ( لە چاوەڕوانی زریاندا ) کردبوو ، بە هۆی ئەو کاریکاتێرانەی کە لە هەفتانەمەی (Harpper Weekly) بڵاویدەکردنەوە بە سەرسەخترین دوژمنانی پارێزگار (تۆید) ئەژمار دەکرا کە ئەندامی حزبی کۆماری بوو، بە چەندین شێوەو شێوازی هەوڵی لە کارخستنی (ناست)ی داو تەنانەت ئۆفەرێکی نیو ملیۆن دۆلاریی پێشکەش بە ناست کرد لەبەرامبەر کۆچکردنی بۆ ئەوروپا، یان دورکەوتنەوەی لە بڵاوکردنەوەو راگرتنی کاریکاتێرەکانی لە ئەمریکا، بەڵام ناست ئەم بابەتەی رەتکردووەو بەردەوام بوو لە هێرشەکانی ، هەرچەندە ئەم کارەی (تۆید )ی پارێزگار بێ سوود

بوو لەبەر ئەوەی کاریکاتێرەکانی ناست ئەوەندە کاریگەرو خاوەن هەوادارێکی بێ شوماربوو لە ئەمریکاو لە ئەوروپاش هەوادارێکی ئێجگار زۆری هەبوو ئیتر کارلەکار ترازابوو، هیچ شتێك ئابڕووی بۆ (تۆید) نەدەگێڕایەوە، ئەوەی لە ململانێیەکەی ئەم دوانە سەیرو سەمەربوو ئەوەیە کە دوای ئەوەی (تۆید) هەڵهات و روویکردە وڵاتی ئیسپانیا بۆ خۆ حەشاردان دوای ئەوەی بە تەواوەتی ناست کارە قێزەونەکانی ئاشکراکرد، پۆلیسی ئیسپانیا لە رێگەی ئەو کاریکاتێرانەی (ناست) ەوە کە لەسەر (تۆید)ی کردبوو ناسیانەوەو بێ یەك و دوو دەستگیریانکرد ، ئەوەی شایەنی باسیشە کە هێمای فیل و گوێدرێژی دیموکراسییەکان و کۆمارییەکانی ئەمریکا لە کاریکاتێرەکانی (ناست)ەوە وەرگیراوە .
لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی نۆزدەمەوە ناوی هونەرمەندی کاریکاتێریست (جۆزێف کیپلەر)ی بە ڕەچەڵەك ئەڵمانی درەوشایەوە، کیبلەر لە گۆڤاری (Frank Leslie illustrated News) کاریدەکرد لە 1870ەوە تا 1876 دواتر لە گۆڤاری (Judge) دواتر گۆڤارێکی تەنزئامێزی بە ناو (Puck) دامەزراند کە بۆ یەکەمینجار لە رۆژنامەگەریی ئەمریکیدا بە لیثۆگرافیای رەنگاورەنگ کارێکی رەنگی لە چاپدرا ، (کیپلەر) بەهەمان ستایلی توندی (ناست) بابەتەکانی راڤە دەکرد، وەکو کاریکاتێری (پارتی سەربەخۆ) کە شرۆڤەیەکە بۆ دروستبوونی پارتێکی نوێ بە ناوی پارتی سەربەخۆ ، بە وێناکردنی گەنجێك بە کەرەستەی ئیشووکارەوە لە (مام سام) دەپرسێت کە لە بری ئەو دوو جوتیارە کار بکات کە دانیان پێکەوە ناکوڵێ (هێمایەکن بۆ هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراسی) بوو، لە کاریکاتێری (سەندرێلا) کیپلەر لە هەوڵی ئەوەدایە کە تێکۆشانی دیموکراسی بەردەوامەی سیسیەتمەداری ناوداری ئەمریکی (هیس) لەبەر چاوبگرێت کە کەس گوێی پێ نەدەدا بە شێوەی سەندرێلا وێنای دەکات و خەریکی خزمەتکردنی نەیارە سیاسییەکانیەتی کە شێوەی خوشکە نالەبارەکانی سەرندرێلای پێدابوون ، هێماکانی کیپلەر لەلایەکەوە بۆ دەرخستنی نالەباریی نەیارەکانی (هیس)ەو لایەنی دووەمیش گەیاندنی ئەو پەیامەیە کە هیس وەکو سەندرێلا لە کۆتاییدا هەر سەردەکەوێت .

# ڕۆڵی مێژوویی ڕۆژنامەگەریی لە برەوپێدانی هونەری كاریكاتێر












هونەری کاریکاتێری لە سەرەتاکانیدا هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ جۆرەکانی تری هونەری شێوەکاریی لە رووی تەکنیکەوە، زۆربەی هونەرمەندانی کاریکاتێر شێوەکار بوون و سوودیان لە رەنگی رۆنی و ئاویی وەردگرت و هەمان ئەو تەکنیکە ئاڵۆز وپرۆسە دوورو درێژەیان بەکاردەهێناو کێشەی سەرەکی ئەو هونەرمەندانە تەنها درێژیی ئەو کاتەی کە پێویست بوو بۆ تەواوکردنی بەرهەمێکی کاریکاتێری، لەبەر ئەوە کاریکاتێریستان بەدوای ستایلێك و شێوە تەکنیکێکدا دەگەڕان کە لە گەڵ خێرایی رووداوەکان و پەیامەکانیان بگونجێت، بۆیە هەر زوو خۆی گرێدا بە تەکنیکەکانی هونەری گرافیکەوە کە قابیلی لە چاپدان و کۆپیکردن بوون وەکو هەڵکۆڵین لەسەر بەردو دارو پلێتی کانزایی وەکو مس، ئەمە کارێکی وایکرد کات و ماندووبونی کاریکاتێریستی کەم کردەوە و تیراژی بەرهەمەکانیشانی زۆرتر کردو مەودای بڵاوکردنەوەشی فراوانتر کرد ، بۆیە زۆربەی شارەزایان و مێژوونوسان هونەری کاریکاتێر بە کوڕی گرافیك دەزانن و دەناسێن ئەم پێناسە شیکارییە هونەرییە تا رادەیەکی زۆر راست و دروستە چونکە تا ئەمڕۆش کاریکاتێر هەمان تەکنیکەکانی هونەری گرافیك بەکار دەهێنێت .
وەکو دیارە پشتبەستن بەو تەکنیکانە هونەری کاریکاتێرمۆرکێکی میللی بوونی هەڵگرت و سنووری پیشانگە و گەلەرییەکانی تێپەڕاند کە بە شێوەیەکی سەرەکی جێگەی نوخبەو رۆشنبیران و هونەردۆستان بوون ، ئەم لادانە لەو نەریتە هونەرییە و هەڵەواسینی کاریکاتێرەکان لەسەر دیوار و قەدی درەختی دارستانەکان و لە نێو مەیخانەو شەقام و جامخانەی دوکانەکان و هەر شوێنێکی گشتی جەماوەریی ، کاریکاتێری کرد بە هونەرێکی جەماوەریی خاوەن هەوادارێکی بێ شومار، ئەم تەکنیکانە چەرخی پێشکەوتنی کاریکاتێریان خێراتر کرد و پردی پەیوەندیی لەگەڵ سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگە بەست بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە . ئەو گوڕانکاریانەی لەو وەرچەرخانە جۆرایەتییەی کاریکاتێر بەس نەبوو بۆ ئەوەی بگاتە ئاواتی ئەم هونەرە چونکە بەو میکانیزمە نەیدەتوانی سنووری وڵاتێك یان شارێك تێپەڕێنێ، ئایە بەهۆی ئەوە بووبێ کە بابەتی کاریکاتێرەکان دەربارەی جەنگ و ململانێی سیاسیی بوو لە گەڵ نەیارەکاندا رێگربوو لە بەزاندنی سنووری وڵاتی نەیارەکان لەبەر قەدەخەکرنی ئەو جۆرە کاریکاتێرانە لەودیوی ئەو سنوورانە یاخود بێ توانایی ئەو مەتریاڵانەی کە کلێشەکانی لێ دروستدەکران وەکو بەردو

تەختەو بەکارهێنانیان بۆ لەچاپدانی تیراژی زۆر سنووردرابوون یان هۆکاری تر، بەڵام هۆکاری سەرەکیی بە بۆچوونی ئێمە نەبوونی میکانیزمی دابەشکردن بوو وەکو ئەوەی رۆژنامەگەریی سوودی لێ وەردەگرت بۆیە دەرەنجامی گەڕانی کاریکاتێر بۆ رێگەچارەیەکی گونجاو بۆ زیادکردنی مەودای بازنەی بڵاوبوونەوە خۆی ئاواتەکەی لە رۆژنامەگەریی دۆزییەوە .

هۆکاری ئەوەی بۆ هەر لەسەرەتاوە هونەری کاریکاتێر پەیوەست نەبوو بە رۆژنامەگەرییەوە ئەوە بوو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تەکنیکی کلێشەی بەردین بەکار نەدەهات لە چاپدانی رۆژنامە و بڵاوکراوەکان، ئەمە لە لایەك، لە لایەکەی ترەوە رۆژنامەگەریی هەر لە سەرەتاکانییەوە ئامرازێك نەبوو لە ئامرازەکانی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا وەکو ئەوەی ئێستا هەیە ، بەڵکو بریتی بوو لە کۆمەڵێك بڵاوکراوە وەك ئاگادارییەك لەسەر رێگە بازرگانییەکاندا دابەشدەکران و وردەکاریی ئەمنیەتی رێگە بازرگانییەکانی نێوان وڵاتانی تێدا بوو، بازرگانانی ئاگادار دەکردەوە لەو شوێنانەی دزو جەردەیان تێدایە، یاخود شەڕو کیشەی تێدایە تا ئەو رێگانە نەگرنە بەر، دواتر رۆژنامەگەری بۆ بڵاوکرنەوەی یاساو فەرمانەکانی دەوڵەت و چالاکییەکانی کۆشکی فەرمانرەوایی بەکاردەهات، تا رۆژنامەی ئەدەبی و سیاسی هاتە کایەوە و هاوزەمان بوو لەگەڵ بەکارهێنای کلێشەی بەردینە (لیثۆگرافیا) لە سیستمی چاپکردن بەم شێوەیە رۆژنامەو بڵاوکراوەکان دەرفەتیان بۆ رەخسا لەگەڵ نووسینەکاندا وێنەی دیارییکراو دابنێن کە بەشی هەر زۆری وێناکردن بوو بۆ کارە ئەدەبییەکانی کە لە رۆژنامەکان بڵاودەبوونەوە .

سەرەتایی بڵاوبوونەوەی کاریکاتێر لە جیهانی رۆژنامەگەریی لەرێگەی رۆژنامەگەریی تەنزگەرییەوە بوو کە دەرچەیەکی واڵا بوو بۆ بڵاوبوونەوە لە سەر ئاستی جیهاندا ، لەوانەیە سەرەتایترین دەرکەوتنی کاریکاتێر لە رۆژنامەگەریی لەسەر پەڕەکانی رۆژنامە بەریتانییەکان بێت وەکو ( گۆڤاری Jentelmans magaine )و ( گۆڤاری Universal Magaine )و ( گۆڤاری Travellar Magaine) و ( گۆڤاری Ladys Magaine)و چەندین بڵاوکراوەی تر ژمارەیان لە سەد زیاتر بوو، کاریکاتێرەکان بابەتی هەموو جۆریان وێنا دەکرد، بەڵام لە رووی رێژەییەوە زۆر کەم بوون و بۆ چەند هونەرمەندێکی دیاریکراو قۆرخکرابوو لەوانە هونەرمەندی کاریکارتێریست ( بانبیری) بوو .

یەکەمین بڵاوکراوەی تەنزامێز لە فەرەنسا دەرکەوت ساڵی 1830 بە ناوی ( کاریکاتێر La caricature ) بوو دامەزرێنەکەی نوسەرو رۆژنامەنووسی تەنزنووس و هونەرمەندی ناوداری فەرەنسا (شارلز فیلپیۆن ) بوو، دواتر لە 1832 گۆڤاری ( قیژەCharivari )ی دامەزراند . لەم دوو گۆڤارە زۆربەی کاریکاتێریستە بەهرەمەندەکانی فەرەنسا کاریان دەکرد بۆ هەردوو بلیمەتی هونەری کاریکاتێری فەرەنسیشەوە(دۆمیێ و گرانڤێل) بەشێوەیەکی بەردەوام کاریان تیدا دەکردو بەنۆرە کاریکاتێرەکانیان لەبەرگی یەکەمی گۆڤارەکە بڵاو دەکرایەوە .
لە بەریتانیا لە ساڵی 1841 یەکەمین گۆڤاری تەنز بەناوی (مستەگۆڵە Punch) دامەزرا، لە ئەڵمانیاش گۆڤاری (کاغەزە پرژوبڵاوەکان Fliegende Blatter ) لە ساڵی 1844 پەیدا بوو، لە ئەمریکا بڵاوکراوەی تەنزئامێز دواکەوت تا ساڵی 1857 و دەرچوونی هەفتەنامەی تەنزئامێزی ( Harppers Weekly) و یەکەمین گۆڤاری کاریکاتێری روسی هەر بە هەمان ناوی (کاریکاتێر)ەوە بوو هونەرمەندی رووسی (فینیتسیانۆڤ) دایمەزراند لە 1812 ( کۆنترین گۆڤاری تەنزئامێزە لە مێژوودا) دوای یەك دوو ژمارە بە فەرمانی قەیسەری روسیا (ئەلکسەندری یەکەم ) داخراو بەم شێوەیە یەکەمین هەوڵی دامەزراندنی گۆڤارێکی تەنزئامێزی لە مێژوودا لەباربرا .
هۆکاری ئاویتەبوونی هونەری کاریکاتێر و رۆژنامەگەریی بە بۆچوونی ئێمە دەگەرێتەوە بۆ هاوشێوە بوونی وەزیفەی هەردووکیانەوەیە لە پەیوەندی بەستن لە گەڵ جەماوەرداو ئەمە وایکردووە هەر یەکە لە کاریکاتێر و رۆژنامەگەریی پێویستیان بە یەکتر بێت .
دوای قۆناغی بڵاوبوونەوەی ئەو گۆڤارە وێنەدارە تەنزئامێزانە ئەم دیاردەیە هەڵکشاو، بوو بە دیاردەیەکی گەورەو زەق لە رۆژنامەگەریی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و هێزو لایەنە سیاسی و حزبییەکان کەوتنە پشتگیریکردنی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە، لە هەمانکاتدا بوون بە سەکۆی هونەرمەندانی کاریکاتێر لە ئاستە جیاوازەکاندا، لە سەر پەرەی ئەم گۆڤارەنەدا لەگەڵ جەماوەرەکانیان بەیەك دەگەیشتن و دەبوو بە هۆکارێك بۆ ناسینیان لە لایەن خەڵکەوە ، لە فەرەنسا ( Charivari و La caricature ) بوو بە سەکۆی (دۆمیێ) و (گرانڤێل) و (ترافیس) ، لە بەریتانیا (Punch ) سەکۆی زۆرێك لە هونەرمەندانی وەکو

(لیتچ) بوو، گۆڤاری (Fliegende Blatter )ی ئەڵمانی بۆ (بوش) (ئۆبێرلندەر) و هونەرمەندانی دیکە، (la psleec)ی فەرەنسی مینبەری (گریڤان) بوو، (la caricature) بۆ (لوك) و (Le courrier Fruncais) بۆ (لوغران) و (Triboulet) بۆ ( پلاس و ئیلگلگل و مۆلۆش و پیپان ) بوو و (La bombe) یش سەکۆی ( ئەلفرێد لویت و پۆل دۆسمان) بوو، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەفتەنامەی (Harbber) سەکۆی (فۆرست و هۆمێر و ناست) و هونەرمەندانی تر بوو، گۆڤاری ( Frank leslie)یش سەکۆی (هونەری کارتەر)ی دامەزرێنەری گۆڤارەکە و (ئۆبێر و داڤینپۆرت و فرێدمانت) و کاریکاتێریستانی تر بوو ، بەم شێوەیە لە سەرانسەری جیهان ئەم جۆرە بڵاوکراوە رۆژنامەگەرییە بە سەدان و هەزاران هەبوون ، ئەم نەریتە تا ئێستا لە زۆربەی وڵاتاندا باوەو کەم وڵات هەیە دانەیەك یان زیاتر لە گۆڤار و بڵاوکراوەی تەنزئامێزی نەبێت .

لەسەر رووپەری ئەم گۆڤارە تەنزئامێزە دژ بەیەکەدا لە وڵات و قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا شەڕی ئێسك شکێنی تیادا روویداوە، ئەگەر بوار بدرێت گوزەرێك بە نێو ئەرشیفی دەزگای چاودێری بڵاوکراوەکانی جیهاندا بکەین وێنەو کاریکاتێر لەسەر ناوادارنی جیهان ببینین کە بە شێوەی سەیروسەمەرە کێشراون کە بەخەیاڵی کەسماندا نایات، بوونی (هیتلەر) و (ستالین) و (چرچڵ) و (دیگۆل) بە پاڵەوان و کاراکتەری سەرەکیی کاریکاتێرەکان لە قۆناخی جەنگی جیهانی دووەم و ساڵانی دواتر ئەوە ناگەیەنێت کە سەرۆك و سیاسەتمەدارەکانی تری جیهان پشکیان نەبووە لەناو هونەری کاریکاتێردا، ئەگەر رۆژێك لە رۆژان مۆزەخانەیەك بکرێتەوە وێنای ئەو کەسایەتییانەی تیادا نمایش بکرێت کە هونەری کاریکاتێر سیماو رووخساریانی کردۆتە ئامانج ئەوە بە دڵنیاییەوە جگە لە سمێڵە چوارگۆشەکەی هیتلەر و لووتە درێژەکە دیگۆڵ و چرووتەکەی چرچڵ و سمێڵە بابرەکە ستالین و پایپەکەی ، سەدان و هەزاران کەسایەتی تر هەن کە کاریکاتێر رووخساریانی زەق کردبێتەوەو زیادەڕەویی تیادا کردبێت و کردوونی بە لۆگۆیەکی تایبەت بەو کەسایەتییەو تا ئێستا وەکو ئایکۆنێك ماونەتەوە .

ئەوە نەبێت کاریکاتێر تەنها سەرچاوەی سەرئێشە بوو بێت بۆ سیاسەتمەدارەکان و بە بەشێك لە پلانگێڕی دژی دەسەڵاتیان زانی بێت وەکو (هیلمۆت سمێث) ئەڵمانی ، بەڵکو کەسایەتی تر هەبوو وەکو (چارڵ دیگۆڵ ) کاریکاتێری بە پێوانەی جەماوەری خۆی دادەناو تەنها لە گەورە کردنی لووت زۆر تووڕەو

قەڵس بوو بوو ، ئەگەرنا جارێکیان وتبووی : ( ئاستی جەماوەریم زۆر دابەزیووە لە فەرەنسا، ماوەیەکە کەس کاریکاتێرم لەسەر ناکات) .
بە شێوەیەکی گشتی لەم سەردەمەی ئێستادا ناکرێت و ئەستمە کاریکاتێرو رۆژنامەگەریی لە یەك جیا بکەیتەوەو تەنانەت ئەو رۆژنامەو گۆڤارە تایبەتانەی کە دوورن لە هونەرو تەنزەوە بۆ نموونە گۆڤارە ئابورییەکان جێگایان بۆ کاریکاتێری ئابووری کردۆتەوەو بەهەمانشێوە بڵاوکراوەی بوارەکانی تر، بە نیسبەت رۆژنامەگەریی عەرەبییەوە لە سەرەتاوە ئاوڕی بەرچاوی لە کاریکاتێر نەدابووە و داکشانێکی تیژی پێوە دیاربوو، بەڵام وردە وردە هونەری کاریکاتێر لەسەرخۆ رێگەی خۆی دەکاتەوە بەرەو پەرەکانی پێشەوە و بەو هیوایەی خۆی لە بەرگی یەکەمدا ببینێتەوە .



دیگۆل 1966

# كاریكاتێر و مێژوونوسین



کاریکاتێری میسریە دێرینەکان 1185 پ ز



کاریکاتێری شوانی مراوییەکان 1100 پ ز



کاریکاتێری رێوی زوڕنا ژەن 185 پ ز



ستۆدیۆیەک لە شاری پۆمپای 76 پ ز



قەشەیەك لە تەنگانەدا 1320 ز




ئەپۆڵۆ لە شاری دلفی



لۆكاس كارناخ - 1521



كاریكاتێری لۆثەر دەستكردی شەیتانە 1521



مەرنەر و كچەكەی لۆثەر - 1522



دانپێنانێكی ترسناك 1685

تۆڵەی چەوساوەکان 112 j



پاسەوانانی دەرگای دۆزەخ



کۆچ بەرەو میسر




مەرجی پاشایەتی 1651



کاغەزێنێکی سیاسی 1499



بریغل - پەندێکی کوێرانە 1568



ئەمریکا دەستنوسە تاڵەکە قوت ئەدات 1774



جەنەڕاڵ گالاس 1635



هانیبال کاراتشی 1595



لیۆناردۆ داڤینشی 1495



شکستی پۆناپەرت لە واترلۆ 1815




دانوستانی ڤێرۆنا 1822



كاریكاتێریكی لینكۆلن لە گۆڤاى پەنچ 1862




چارڵز مۆرێس - پیاوی شەش سەر 1815



سوڵتان عبدالعزیز 1869




سوڵتان عبدالحمید لە پاریس 1867




جۆرج کرۆکشانك 1818




کیپلەر 1902




ڤیکتۆر دینی - لینین زەوی لە سەرمایەدار و پیاوانی ئایینی پاکدەکاتەوە 1912




خواردنی ئەمشەوەی هیتلەر ڕۆمانیایە




جوڵانەوەی داهاتووی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا وڵاتانی بەڵقانە